# گزنگ

71



بەر لە خەوتن



گەڕەلاوژێی قسەبا



شیعر و وێنە

گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک



**ئاوێزان نووری:**

فەوزایەکی زۆری شیعر و نووسین هاتووەتە کایەوە



**کاردۆ:**

هاملێتی کەرکووک زۆر بە وردی دوور لە عەفەویەت کاری لەسەر شوێن کردبوو

# GIZING

# گزنگ
Gizing

گۆڤاری یەکێتیی نووسەرانی کورد – لقی کەرکووک ژمارە ( ٧١ ) نیسانی ٢٠٠٩

**سەرنووسەر:**

**حەمە کەریم عارف**

**٠٧٧٠١٣٠٩٣٩٠**

**بەڕێوەبەری هونەریی**

**دلێر ڕەفیق**

**تایپ**

**ڕۆژ**

**خاوەنی ئیمتیاز:**

**لقی کەرکووک**

**جێگری سەرنووسەر:**

**محەمەد سەعید زەنگنە**

**٠٧٧٠١٣١٠٥٤٢**

Hamatal_z@yahoo.com

**دەستەی نووسەران:**

**عەلی بەرزنجی**

**لەتیف فاتیح فەرەج**

**خالید مەجید فە تحوڵڵا**

**نیهاد جامی**

Nihadjami@hotmail.com

**کۆمەڵگای عاجباتی**



**دۆڵی گورگەکان یان رامبۆی تورکیا**



**میوانەکانی دۆزەخ**



**ناونیشان**

**کەرکووک-شەقامی کۆماری-تەلاری سەیدەڵی فەخری-بارەگای یەکێتیی نووسەران**

## لەم ژمارەیەدا

**٧١**

### لێكۆڵینەوە:


کۆمەڵگای عاجباتی، **زیرەك عەبدوڵڵا**............................................... ل٥

شیعر و وێنە، **موعتەسەم ساڵەیی**.................................................... ل٢١

ئیلیتیس ئۆدیسیوس شاعیرێکی نغرۆ لە واتە و وێنەدا ، **رابەر فاریق**..................... ل٢٩


### وتار:


شانۆی کۆپنهانگنی جیهانی.. ، **و: بونیاد محەمەد،**......................................ل٣٧

دۆڵی گورگەکان یان رامبۆی تورکیا، **نزار جاف،**......................................ل٤٣

سێرگی یێسنین ١٨٩٥ ـ ١٩٢٥ ،**ئا: عەبدولڕەحیم سەرەڕۆ** .......................... ل٤٩


### گفتوگۆ:


کاردۆ: بەشێکی زۆری ئەوانەی ..، **سازدانی: فریاد ئەحمەد**.......................... ل٥٧

دیمانە لەگەڵ ڕەخنەگر حاتەم سگەر، **سازدانی: سەردار زەنگنە**.......................ل٦٣

چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاوێزان نووری، **سازدانی: ڕزگار شوانی**...........................ل٧١


### ئەدەب:


بەر لە خەوتن، **جەمال غەمبار** .................................................... ... ل٧٥

بەمجۆرە هەڵدەوەرێت پاییزی من، **زمناكۆ بورهان قانع**.............................. ل٨١

گەڕەلاوژێی قسە با، **محەمەد سەعید زەنگنە**....................................... ل٨٥

لە فایلی (١٩٦٣)وە، **جەلیل محەمەد شەریف** ..................................... ل٩٣

دۆزەخ و کودەتا، **و:سابیر شاکر مەلوول**...........................................ل٩٥


### هونەر:


میوانەکانی دۆزەخ، **سەبا ئەحمەد**.................................................... ل٩٧

دوو شانۆ نامە، **بەکر دەروێش**...... .................................................. ل١٠٧

# کۆمەڵگای عاجباتی



زیرەك عەبدوڵڵا

-١-

چەمکی عاجباتی لە سادەترین ناساندنیدا ئەوە دەگەیەنێت لە ئێستای واقیعدا (یان لە هەر زەمەنێکدا) شتێك- بوونێك- ماتریالێك- دیاردەیێك... تا هەبێت نامۆو غەریب بێتو سەیر بێتە بەرچاو، واتا لەگەڵ بینینو تێفکرینو لۆژیكو مامەڵەکردنی باوی ئەو سەردەمە نەگونجێت کە تیایدا دەردەکەوێت، بە وێنەیەکیش عاجباتی ئەوەیە شتێك- بوونێك- ماتریالێك- دیاردەیێك... تا وێنەیەكو فۆرمێكو چوارچێوەیەکی بە شاز کراوو غەریبکراوی مەیدانی هەبێتو لە زەمەنە پەیوەستەکەی خۆیدا نامۆو سەیر بێتە بەرچاو.

ئاشکرایە دونیای عاجباتی شتەکانی لەنێو پانتایی ژیانکردندا هەروا لە خۆڕا بەبێ بوونی سەرچاوەیەکی دروستکار یان بەبێ نائامادەییعەقڵێكو سەنتەرێك وەکو سەرچاوەیەك بۆ بە عاجباتی کردنیان نەهاتۆتە بوون، بەڵکو لە پشت هەر عاجبایەتیەکەوە چ ماتریالو بووی



گەردوونی (سروشتی) بێت یان دیاردەو کەلوپەلو ئامێری دەستکرد (مرۆڤکرد) بێت ئەوا عەقڵێكو هێزێکی پەیوەستدار ئامادەیەو شتەکەی بە عاجباتی کردووە یان گەیاندووە.

ئەگەر بە وردی نیگای شتو دیاردە عاجباتیەکان بکەینو لێیان بڕوانین ئەوا دەتوانین دەستنیشانی سەرچاوەو سەنتەری بە عاجباتی کردنیان بکەین، هەر ئەم نیگایەش دەمانگەیەنێتە لێواری ئەو حوکمەی کە بڵێین دوو جۆر لە عاجباتی هەیە، یان بە شێوەیەکی تر عاجباتیەکانی پۆلین سەر دوو خانەو دوو کلاس بکەین ئەوانیش (سروشت/ مرۆڤکرد).

عاجباتی سروشتی ئەوەیە شتێك- ماتریالێك- دیاردەیەك... تا هەبێت لە دەرەوەی ئیرادەو توانستی مرۆڤ بەسەر واقیعی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا فەرز بکرێت، واتا سروشتیانە (خواکردیانە) دوور لە دەستکاریکردنو روح بە بەردا- کردنی مرۆڤ بێتە بوونو لەنێو واقیعی ژیانکردندا ئامادە بێتو بەسەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا فەرز بکرێت.

عاجباتی مرۆڤکردیش ئەوەیە شتێك- ماتریالێك- دیاردەیەك... تا هەبێت لە رێگای جوولەکردنو بزوتنو هەڵسوکەوتکردنو مامەڵەکردنی مرۆڤ لەنێو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا بێتە بوونو خۆی بسەپێنێت، واتا دەستکردانە مرۆڤ سەرچاوەی هاتنە بوون ئامادەبوونو بە دیاردە بوونی بێتو هەر ئەویش لەنێو کۆمەڵگادا داسەپێنرانە بڵاوبیکاتەوە.

بە کورتی لە پشت عاجباتیە سروشتیەکان هێزی رەهاو عەقڵی رەها ئامادەیە، بەڵام لە پشت عاجباتیە مرۆڤکردە ناخوداییەکان هێزی مرۆڤو عەقڵی مرۆڤ ئامادەیە. لەگەڵ ئەوەی جیاوازی لە سەنتەرو سەرچاوەی بە عاجبایەتی کردنەکان بەدی دەکرێت ئەوا جیاوازیش لە چیەتی مەبەستو چۆنیەتی ئیشکردنو چەندێش پەیوەستبوونی بە مرۆڤو کۆمەڵگا بەدی دەکرێت، واتا عاجباتیەك بۆ عاجباتیەکی تر لە چیەتی خواستو مەبەستو چۆنیەتی ئیشکردنو چەندێتی پەیوەستبوونی بە مرۆڤو کۆمەڵگا جیاوازەو زۆریو کەمی یان گەورەو بچووکی یان سەرتاپاگیریو رێژەیی پێوە دیارە.

عاجباتی هەیە لە پەیوەستبووندا پەیوەستە بە کۆی مرۆڤایەتی بەبێ جیاوازی (بەتایبەتی سروشتیەکان) کاتێك بۆ مەبەستی کەشفکردنو نیشاندانی هێزو تواناو ئیرادەو حیکمەتەکانی هێزی رەها دێتە بوون، ئەمەش بە زەقی لەنێو بوو پێکهاتە گەردونییەکاندا بەدیار دەکەوێت، بەڵام عاجباتی هەیە لە پەیوەستبووندا تەسك دەبێتەوە سەر چینو توێژو کۆمەڵو دەستەو هەندێکجاریش بۆ سەر تاك.

عاجباتی هەر ئەوە نییە لە ئێستای زەمەندا شتێك- دیاردەیەك... بۆ یەکەمجار ئامادە- بێتو بکەوێتە بەرچاو، مەبەست هەر ئەوە نییە لە ئێستادا شتێك- دیاردەیەکی... تازە خولڤابێتو هیچ پەیوەندییەکی لەگەڵ زەمەنو سەردەمەکانی پێش خۆی نەبێت، بەڵکو ئەوەشە لە سەردەمێكو زەمەنێکی لەوەو پێشیش هەبووبێت، بەڵام لە ئێستادا جارێکی ترو بە شێوازێكو فۆرمێکی سەردەمیتر نوێیانە روحی بە بەردا بکرێتەوەو لە واقیعی ژیاری کۆمەڵگادا تەوزیف بکرێتەوە.

کەواتە چۆن دەکرێت شتو دیاردە عاجباتیەکە نوێ بێتو بۆ یەکەمجار نمایش بکرێت، ئاواش دەکرێت کۆن بێتو لە مێژوویەکی ترەوە گەڕاندرابێتەوە نێو هەنووکەو تیایدا نمایش بکرێتەوە.

لە راستیدا قسەکردن لە چەمکی عاجباتیو سروشتی ئیشکردنو سەرەتایی هاتنە-بوونو مانەوەی بۆ خۆی دونیایەك قسە هەڵدەگرێت، هەروەها خوێندنەوەو راڤە-کردنیش بە هەمان شێوە پێویستی بە ئاقارێکی فراوانی نووسین دەبێت فراوانتر لەوەی لێرەدا لەبەر دەستدایە، بۆ ئەوەی لێیەوە بە ئەگەری کەشفکردنو دیارخستنی هەموو ئەو کونو کەلەبەرو دیارو نادیارە بگەینو دەستنیشانی سروشتی ئیشکردنو سیفاتو خاسیەتەکانی بکەین کە لێرەداو بەم چەند سەرنجو تێبینیو روونکردنەوەو نیشاندانەی سەرەوە تێر ناخوات، بەڵام قسەکردن لە چەمکی عاجباتی وەکو ئەوەی لەو سەرەتا سادەیەی سەرەوە نیشاندراوە بێ کەڵكو بێ مەبەست نییە، بەڵکو ئەمە یارمەتیدەرە بۆ گەیاندنی هەموو ئەم مەبەستانەی گەرەکمانە لەنێو فۆرمو تێکستی ئەم وتارەدا بیگەیەنین.

لێرەدا لێدوان لە چەمکی عاجباتی مەبەستدارانەیەو مەبەستیش لێیەوە لێدوانە



لە ئافرەت بینین مەبەست لە ئافرەت بینین هەموو ئەو نیگا کردنو تێڕوانینو بینیانەی (پیاو، خێزان، کۆمەڵگا، دامودەزگای دەوڵەت، دەسەڵاتی سیاسی،... تا) یە کە لەنێو کەتواری کۆمەڵگای کوردیدا بۆ ئافرەت دەکرێتو لە رێگایانەوە هەر یەکەو بە جیاو بێ ئاگا لەویتر بە جۆرێكو بە شێوازێك دەیبینێتو قسەی لەسەر دەکاتو نرخو بەهاو زەرورەتو گرنگیان پێ دەبەخشێت، لەوەش قوڵتر دێینە خواروو بۆ دیاریکردنو قسە لەسەرکردنی چۆنیەتی ئافرەت بینی هەرسێ پێکهاتەی (پەرلەمان، دادگا، بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە)و خوێندنەوەو لێکدانەوەیان بەجیاو دواتر بەراوردکردنیان لەگەڵ یەکتریدا بە وێنەیەك لە وێنەکانو بە شێوەیەك لە شێوەکان لە عاجباتی دەچێت.

-٢-

سەرەتای ئەم بەشە بە پەرلەمانو پێکهاتە هاوچەشنەکانی دێینە ئاخاوتن، مەبەست لە پێکهاتە هاوچەشنەکان هەموو ئەو دامودەزگاو پێکهاتەو بووانەیە کە بە جۆرێك لە جۆرەکان مامەڵەکردنو ئافرەت بینیان لە پەرلەمان دەچێت یان وەکو ئەو خۆیان نمایش دەکەن بۆ وێنە (ئەنجومەنی وەزیران- سەرکردایەتیو بنکە حزبیەکان- رێکخراوە پیشەییو خزمەتگوزارییەکان... تا).

لە وردبوونەو تێڕوانینمان بۆ چۆنیەتی ئافرەت بینی پەرلەمان ئەوە بەدی دەکەین تیایدا ئافرەت خاوەن تایبەتمەندیو سەربەخۆیی خۆیەتی، توانای قسەکردنو رەخنەگرتنو دەست هەڵبڕینو دەنگدانی هەیە، تواناو ئیرادەی گفتوگۆکردنو دایەلۆگکردنی لەسەر پرسە جۆر بە جۆرە وا بەستەییەکان هەیە، ئەمەش مانای ئەوەیە ژن لەنێو پەرلەماندا بەبێ جیاوازی لەگەڵ پیاو شوێنێکی دیاریکراوو بەرچاوی هەیەو لەگەڵیشیدا دەنگو رەنگی تایبەتی هەیە.

مادام ئافرەت دەنگو رەنگی تایبەت بەخۆی هەیە کەواتە چاوی هەیە (بە پێچەوانەشەوە راستە)و بە هۆیەوە دەتوانێت دونیا ببینێتو جووڵەو هەڵسوکەوتی تیابکاتو قسە لەسەر ئەركو مافو داخوازییەکانی بکات. ئەگەرچی ئافرەتی ئەندام پەرلەمان نموونەی هەڵبژێردراو یان نوێنەری دەنگ پێدراوی رەگەزە هاوچەشنەکەی ئافرەتانیش نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەبوونی لەپاڵ پیاو

لەنێو هەیکەلدا شتێکی تا رادەیەك نوێو تازەو مۆدێرنئامێزانەیە لە واقیعی دونیای ئێمەدا، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە نەزانین هەندێك جار چ لە سەرەتایی زەمەنی راپەڕینو دامەزراندنی پێکهاتەی پەرلەمان یان لە ئێستادا بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەم بەشداری پێکردنەی رەگەزی مێ بۆ بەهەڵە بردنی بینینو هەڵخەڵەتاندنی رایی ناوەوە لە لایەكو دەرەوەیە لە لایەکی تردا بەوەی کە دەسەڵاتی سیاسی لە سەروبەری دەسەڵات کردنیدا بە گریمانی لەباربوونی زەمەنو بارودۆخ ئەوا دەسەڵاتێکی دیموکراسیخوازو یەکسانیخوازو عەقڵانیەو لە واقیعدا ئاگایانە لە مافەکانی گشت چینو توێژو رەگەزەکان لەبەرچاو دەگرێتو خواستی هیچیان ژێر پێو پشتگوێ ناخاتو بێ بەهاو کەم نرخیان ناکات، هەروەها بێ جیاوازی گرنگیان پێ دەداتو لە ئێشو ئازارو ئەشکەنجەو ناخۆشییەکانیان دەکۆڵێتەوەو هەنگاو بۆ کەمکردنەوەو نەهێشتنیان دەهاوێژێت کەواتە دەسەڵاتی سیاسی کوردی لە رێگای ئەم کردەیەوە دەخوازێت شوناسێکی عەقڵانیانەو دادپەروەرانە لەبەر بکاتو بەسەرو سیمایەکی دیموکراسیخوازانەو یەکسانیخوازانە خۆی نمایشی دەرەوە بە پلەی سەرەکیو ناوەوەش بە پلەیەکی لەو نزمتر بکات.

ئەگەرچی ئامادەبوونی ژن (رەگەزی مێ) لەنێو پەرلەماندا جۆرێك لە هەڵخەڵەتاندنو بە هەڵە-بردنی بەرامبەری تێدایە بەوەی تەواوی ئافرەتە ئەندامەکانی ئەوانەن کە لە رێگای پێدراوێکی حزبییەوە هاتوونەتە نێوو لەنێویشیدا تەنها ئیش بۆ خواستو بەرژەوەندییەکانی حزب دەکات بەدەرو بێ ئاگا لە حەزو ویستو ئارەزوو بەرژەوەندییەکانی ئافرەتانی کۆمەڵگا ئەوانەی دەرەوەی هەیکەلی حزب (دیارە زۆر پرسیش هەیە راستی ئەم قسەیە مسۆگەر دەکات)، بەڵام ئەمەش بۆ خۆی بێسود نییەو دەکرێت تا ئەندازەیەك جێگای پشوو وەبەرهێنانەوە بێت، چونکە هیچ نەبێت لێیەوە (ئەگەرچی روکەشیانەش بێت) دەتوانرێت ئەوە پیشان بدرێت کە ئافرەت ئامادەیی هەیە، ئەم ئامادەبوونە روکەشیانەیەی ئێستا جۆرێك لە سوودمەندی تێدایە چونکە دەکرێت لە زەمەنێکی تردا ببێتە ئەگەری دەستپێکێك بۆ بەشداریکردنی تەواو جددیانەی ئافرەت لەنێو



پێکهاتەدا دوور لە هەر بەشداری پێکردنێکی روکەشیانەو سەرپێیانە، واتا دەکرێت ئەم بەشداری پێکردنە روکەشیانەی ئێستا لە ئایندەدا بەرەو جۆرێکی تر لە بەشداری کردن ببردرێت کە لە رێگایەوە ئافرەت بتوانێت باس لە هەموو ئەو کێشەو گیروگرفتانە بکات کە پەیوەستن بە کۆمەڵگا بەگشتیو رەگەزی مێ بەتایبەتی.

لەوە دەچێت بپرسین چۆن ئەم ئامادەبوونەو بەشداری پێکردنەی رەگەزی مێ وەکو ئەندامێك لەنێو پەرلەماندا شێوەیەکی روکەشیانەی لەخۆ گرتووە؟ یان چی وای لێکردووین ئەمە بڵێین؟ وتنی ئەمە لەوێوەیە کە ئێستا رۆژێك لە رۆژانو لە دانشتنێکی هەمیشە داخراوی پێکهاتەدا نەزانراوە یان نەبینراوە کە ئەندامێکی بەڕێزی پێکهاتە قسەیەکی جیددی یان دیراسەیەکی مەیدانی لەسەر دیاردە هەنووکەییە زۆر باوو بەرچاوەکان (خۆسوتاندن، کوشتن، ئەتککردن، تێزاب پێداکردن، ئیهانە کردن... تا) کردبێت لە ئەنجامی خوێندنەوەیدا کێشەیەکی گەورەی خوڵقاندبێتو دواجار بۆ مەبەستی چارەسەرکردنی بە ناچاری هەنگاوی بۆ هاوێشترابێت، یان رۆژێك ئەندامێکی پێکهاتە لێتوێژینەوەیەکی لەسەر کێشە چارەنووسازەکانی ئافرەت بۆ وێنە (زۆربوونو چەند هێندبوونی رەگەزی مێ لە بەرامبەر نێر،... ) کردبێتو وەکو بابەتێکی سەرنج راکێشو هەڵوەستە پێکار خستبێتە بەر دیدی ئەوانی ترو بە مەبەستی چارەسەرکردنێکی بنەرەتیانە گفتوگۆو کێشمەکێشی لەسەر کرابێت، کەواتە بێ توانایو قسە نەکردنو بەدەنگەوە نەهاتنی ئەندامەکان بۆ کێشە هەمیشەییو ئێستاکانی رەگەزی خۆیان بەتایبەتیو کۆی کۆمەڵگا بەگشتی هەوێنی گەڵاڵە بوونی ئەم قسەیەیە چونکە دواجار لێیانەوە ئەوە روون دەبێتەوە بڵێین ئەم بەشداری پێکردنە روکەشیەو هیچی تر. بە کورتی کە ئەمە دەڵێین لەوێوەیە چونکە ژن وەکو ئەندام پەرلەمان لەنێو جیهانی پێکهاتەدا قسە لەسەر پرسە وابەستەیەکانی خۆیەوە ناکاتو کێشەکان ناوروژێنێتو دەنگی بەرووی ئەوانی تر بەرز ناکاتەوە.

هەندێك جار دەسەڵاتی کوردی لە میدیا حزبیو ناحزبییە (بەناو حکومییە)کان

ڕێکلامی دەکات کە لەنێو ئەم پێکهاتانەدا ڕەگەزی مێ هاوچەشنی ڕەگەزی نێر خاوەنی دەنگ‌و ڕەنگ‌و دونیا بینی خۆیەتی، ئیدیعای ئەوە دەکات ئافرەت خاوەنی دونیای تایبەتی خۆیەتی‌و وەکو پیاو بۆ هەیە دەنگی هەبێت‌و قسە بکات‌و لە دامودەزگاو بەشە جیاجیاکانی بەڕێوە بردندا داوای ماف‌و ئەرك... تا بکات، ئیدیعای ئەوە دەکات کە هەزمی بوونی جەستەیەکی بەچاوی ژن لەتەك خۆیداو لەنێو هەموو پێکهاتەو دامودەزگا دروستکراوەکانیدا دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە تا ئەو شوێنە ڕاستە کە لە شتەپەنهان‌و شاراوەو ژێر پەردەکانەوە بێ ئاگاو ناشارەزاو خەوتوبێت، تا ئەو شوێنە ڕاستە کە نەزانێت چۆن دونیایەك هەیە لە سەرەوەو لەبەر چاوان.. ئا بەم شێوەیەش دونیایەك هەیە لەژێرەوەو لە پشت پەردە، چۆن دونیایەك هەیە بە ئاشکراو بە کەشفی ئیشوکاری تیا بەڕێوە دەچێت.. ئا بەم شێوەیەش دونیایەك هەیە بە نهێنی‌و نائاشکرا ئیشوکاری تیا بەڕێوە دەچێت.

ئەگەر گریمان ئەوەش بکەین ئەم ڕێکلامە بەشێك لە ڕاستی تیایە، ئەوا لەوێوە پێدەچێت شێوەیەکی ناچارییانەی لەخۆ گرتبێت، چونکە داننان بەم پرسەیە لە لایەن دسەڵاتی پیاو بینی کوردییەوە شێوەیەکی ناچارییانەو پێلەجەرگنانەی پێوە دیارەو لەگەڵ ئەمرو نەهی‌و کارو کردەوەو ڕاستی هەڵسوکەوتەکانی نێو واقیعی ژیاری ئەودا ناگونجێت‌و سەدو هەشت پلە لە یەکتری دوورن.

دەسەڵات بۆیە بە شێوەیەکی ناچاری (لە حاڵەتێك ئەگەر ئیعتباری بۆ دابنێت) دانی بەم یەك دەنگیە ناوە تا وەکو بیسەلمێنێت کە ئەو ماسکە جوانەی خۆی پێ داپۆشیوە ڕاستی‌و واقیعی بینین‌و مامەڵەکردن‌و هەڵسوکەوتکردنی ئەوە لەگەڵ ئافرەت‌و گشت چین‌و توێژەکانی تری کۆمەڵگا.

بەڵام دەسەڵات تا ئێستا لەوە بە ئاگا نەهاتۆتەوە کە دەرەوە (ئەوەی ئەو دەخوازێت بینینەکانی بە هەڵەدا ببات) دەتوانێت بە ئاسانی‌و بەبێ ماسك‌و پەردەپۆش کردن لە ڕێگای کەناڵی ترەوە چیەتی ژیان کردن‌و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی ئەم کۆمەڵگایە وەکو خۆی ببینێت‌و بخوێنێتەوەو بڕیاری لەسەر بدات، هێشتا بە ئاگا نەهاتۆتەوە لەوەی دەرەوە دەتوانێت ئەوە بزانێت کە تەنها لەنێو ئەم دامودەزگاو پێکهاتە بە شکڵ



مۆدێرنانەدا مامەڵەکردن‌و ئافرەت بینی بەم شێوەیە، هێشتا لەوە بە ئاگا نەهاتۆتەوە کە چۆن پەرلەمان هەیەو ئافرەت بینی بەم چەشنەیە ئاواش دەزگای تر هەیە، بەڵام بە شێوەیەکی تر مامەڵە لەگەڵ ئافرەت دەکات‌و لە ئافرەت دەڕوانێت.

لێرەدا ئێمە ناخوازین بە گشتی‌و بە درێژی قسە لەسەر دونیای نێو باڵەخانەی پەرلەمان‌و چۆنیەتی بەڕێوەبردنی بکەین، بەڵام ئەوەی دەیخوازین‌و جۆرێك لە سوودمەندی دەگەیەنێت‌و جەختی لێدەکەینەوە ئەوەیە ژن (ڕەگەزی مێ) تیایدا خاوەنی دەنگێکی تایبەت‌و سەربەخۆی خۆیەتی،یەك جەستەی ئافرەت یەك دەنگی تەواوی هەیە، ئا لێرەوە ژن بینی پەرلەمان ژن بینییەکی عەقڵانی‌و لۆژیکی‌و واقیع بینییەو بە پێی دەستورەکانی مافی مرۆڤو یەکسانیخوازی .... بەڕێوە دەچێت.

-٣-

لەم بەشەدا تەحویلی سەر باسکردنی جۆرێکی تر لە ئافرەت بینی دەکەین کە لەنێو یەکێك لە دامەدەزگا هەرە دیارو بەرچاوەکانی کۆمەڵگای ئێمەدا بۆی دەکرێت‌و لە هەمان کاتیشدا پەیوەستبوونێکی ئێکجار پتەوو توندی لەگەڵ پێکهاتە نێو براوەکەی بەشەکەی تری ئەم وتارە هەیە، ئەویش پێکهاتەی دادگایە.

مەبەست لە دادگای حکومیە نەوەکو ئەو دادگا غەیرە حکومی‌و حزبی‌و کۆمەڵایەتییە... لا بەلایانەی کە لێرەو لەوێ بە شێوازو فۆرم‌و یاساو ڕێسای تایبەتییەوە بۆ مەبەستی چارەسەرکردن ڕووبەڕووی کێشە جیاجیاکانی نێو کۆمەڵگا دەبنەوەو بڕیار دەدەن.

کەواتە لەم بەشەدا قسە لە چۆنیەتی ژن بینی پێکهاتەی دادگای حکومی دەکەین بۆ ئەوەی بزانین چۆن لە ژن دەڕوانێت‌و مامەڵەی لەگەڵدا دەکات‌و چ حوکمێکی بەسەردا دەسەپێنێت‌و چ نرخ‌و بەهاو پلە یەکیش بۆ دادەنێت، ئینجا لەوێوە دەچینە نێو بەراورد کردنێکی خێراو سەرپێیانەی لەگەڵ چۆنیەتی ژن بینی‌و مامەڵە کردن‌و حوکمدانی پێکهاتەی پەرلەمان.

لە ڕاستیدا ئافرەت لەنێو دادگا بە وێنەیەکی جیا نیگا دەکرێت‌و بە شێوازێکی جیاش ئیعتباری بۆ دادەنرێت کە لە پشتییەوە جۆرێك لە بە سوك سەیر کردنی لێوە

بەدی دەكرێت، نەك وەكو ئەوەی لە پەرلەماندا ئامادەیە، بەڵام ئەمە چۆن بسەلمێنین؟ راستی ئەم قسەیە لەوێوە بەرجەستە دەبێت كاتێك لەنێو دادگا كێشەیەك یان پرسێكی هەنوكەیی پێویستی بە قسەكردن و دەنگدان و شاهیدیدانی ئافرەتەوە دەبێت، چونكە لە نێویدا دەنگی وەكو خۆی بە كامڵی و بە تەواوی وەرناگیرێت و ئیعتباری بۆ دانانرێت، بەڵكو بە ناكامڵی و ناتەواوی وەردەگیرێت و ئیعتباری بۆ دادەنرێت... بەڵام بەبێ لەبیركردنی ئەوەی ئەم قسەیە (حوكمە) لە هەموو حاڵەت و لەنێو گشت پرسەكان راست نییە، چونكە بە پێی گۆڕانی پرسەكە لە گۆڕاندایە، واتا لە هەموو پرسەكاندا ئافرەت دەنگی بە ناكامڵی و ناتەواوی (نیوە دەنگ) وەرناگیرێت، بەڵكو تەنها لە چەند پرسێكی دیاریكراوەوە ئەمە راستە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی جۆرێك لە سوودمەندی ئێمە (لەم وتارەدا) دەگەیەنێت ئەوەیە لە بەشێكی ئەم مەسەلانە دەنگ و سەنگی ئافرەت بەم جۆرەیە، لەنێو دادگادا (بێگومان لەو پرسە مەبەستدارانەی ئێمە) یەك جەستەی تەواوی ئافرەت بەنیو جەستە و یەك دەنگی تەواوی بەنیو دەنگ و یەك بینی تەواوی بەنیو بینین دەژمێردرێت، بەمەش كۆی جەستەی هەر دووانێكیان بە جەستەیەك و كۆی دەنگی هەر دووانێكیان بە دەنگێك و كۆی بینینی هەر دووانێكیان بە بینینێك دادەنرێت یان دەژمێردرێت.

لێرەوە ئەم ئافرەت بینیە ئەوە دەگەیەنێت كە رەگەزی مێ عەقڵی نیوە عەقڵ و ئیرادەی نیوە ئیرادەیە، هێزی نیوە هێزە و توانای نیوە توانایە، چاوی كورت و لێڵ بینە، دەنگی كز و نووساوە، جەستەی ئیفلیج و نا تەندروستە.. ئەوە دەگەیەنێت كە رەگەزی مێ رەگەزێكی زەلیل و زەعیفە، پەرچە و ناكارایە، كورت نەفەس و كەم دەسەڵاتە.. ئەوە دەگەیەنێت كە ناتوانێت دیاردە و پرسەكان وەكو خۆی دوور لە لێڵی و تەمومژی ببینێت و دوور لە راڕایی و دوو دڵی بڵاوی بكاتەوە و قسەی لەسەر بكات.. ئەم ئافرەت بینیەی دادگا ئەوە دەگەیەنێت كە ژنێك بە تەنها شایانی باوەڕپێكردن نییە، شایانی ئەوە نییە گوێكانت لە خزمەتی سەدای دەنگ و مانای قسەكانی رابگریت، دەبێت بەردەوام گومان لە ئەگەری راستی و ناڕاستی وتەكانی بكەین، گومان لە ئەگەری ئامادەبوون و نەبوونی لە رووداوێكدا بكەیت، گومان لە ئەگەری بینین و نەبینینی



شتێك یان دیاردەیەك بكەیت. لێرەوە ئەگەر كەمێك بە وردی لەم مەسەلەیە بڕوانین خوێندنەوەی بۆ بكەین ئەوا روون دەبێتەوە كە ئەم جۆرە تێڕوانینە لە ئافرەت لە بنەچەدا تێڕوانینێكی توانا كوژ و ئیفلیج كارە، تێڕوانینێكی بە بچووك تەماشا كار و سوك پەخش كارە، بە كورتی تێڕوانینێكە لە توانا و هێزی ژن كەم دەكاتەوە و هەوڵ دەدات ژن بە مەخلوقێكی كەم هێز و كەم ئیرادە پەخش بكات.. بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەم حوكمەی دادگا لەكوێوە هاتووە؟ ئایا ئەم حوكمەی دادگا هەروا و لەخۆڕا بەبێ ئامادەبوونی هیچ یاسایەك و دەستورێك (لە پشتیەوە) هاتووە یان رەگ و ریشەی لەنێو هەناوی یاسایەك و دەستورێكدا ئامادەیە و بە پێی مەنتیق و تێگەیشتن ئەوەوە هاتۆتە بوون؟

وەكو دەزانرێت ئەم ژن بینیەی دادگا پەیوەندی بە ئایین و ئەنترۆپۆلۆژیای ئایینەوە هەیە كە تێكستە نەگۆڕە رەهاكەی لە زەمەنێك بەر لە ئەمڕۆدا بە كۆمەڵێك بینین و یاسا و رێسا و پرنسیپ و بڕیاری تایبەتەوە بۆ رێكخستنی كۆمەڵگا و چارەسەركردنی مەسەلە جۆرا و جۆرەكانی مرۆڤایەتی دارێژراوە، چونكە تا وەكو ئێستا تەنها ئایینی ئیسلام بەم شكڵە لە ئافرەت دەروانێت و حوكمی لەسەر داوە، مەبەست تەنها ئایینە (لە هەندێك پرسدا) دەنگی ئافرەتێك بە نیوە دەنگ و دەنگی دوو ئافرەت بە دەنگێك دادەنێت، بەمەش ئەوە ئاشكرا دەبێت كە پێكهاتەی دادگا بە پێی یاسا و رێسا و دەستووری ئایینەوە بەڕێوە دەچێت.

كەواتە ئێستا ئێمە لەبەردەم هەردوو پێكهاتەی (پەرلەمان دادگا) داین كە هەر یەكەیان بە شێوازێكی جیا لەوی تر بەڕێوە دەچێت و بە یاسایەكی جیاش لەوی تر حوكمی خۆی دەدات، پەرلەمان بە پێی پرنسیپی مافی مرۆڤ و دیموكراسی و یەكسانیخوازی مرۆڤەكان، دادگاش بە پێی یاسا و دەستووری ئایینی، بەمەش جۆرێك لە ناتەبایی لە نێوان ئافرەت بینی ئەم دوو پێكهاتەیە بەدی دەكەین چونكە هەر یەكەیان بە پێی دەستورێك و یاسایەكی تایبەتەوە دونیاكەی خۆیان بەڕێوە دەبەن بێ ئەوەی دونیا ئەوی تر لەبەرچاو بە هەند هەڵبگیرێت، بەڵام لە كۆمەڵگایەكدا ئیشكردن بە هەر یاسایێك و دەستورێك (بەتایبەتی عەقڵانیەكە) لەوێوە راست و

مەنتیقیە کەواتە کۆمەڵگاو دامودەزگاکانی بەبێ جیاوازی ئیشی پێبکەن، نەوەکو لە هەر شوێنێکدا یاسایێکو دەستورێك ئامادەبێتو جیا لەوانی تر ئیشی پێبکرێت وەکو ئەوەی لەنێو ئەم دوو پێکهاتەیەی (پەرلەمان، دادگا) دا دیارە.

لە راستیدا بەم چەشنە بوونو ئامادەیی دوو دامودەزگا زیاد لە پرسیارێك قووت دەکەنەوە، لەوانە ئایا دەکرێت لە یەك کۆمەڵگاداو لەسەر زەمینی یەك شارداو لە رێگای ئامادەبوونی یەك دەسەڵادا دوو پێکهاتەی جیاوازو لە هەمان کاتیشدا پەیوەست بە یەکتری هەبێت کە هەر یەکەیان بە جیا بە پێی یاسایەكو دەستورێك بەڕێوە بچێت بێ ئەوەی گوێ بداتە ئەوی ترو بە هەندی هەڵبگرێت؟ ئایا ئەو ئافرەتە ئەندام پەرلەمانە (لە پرسێکی لەم چەشنەدا) هەمان حوکمی دادگای بەسەردا دەسەپێنرێت؟ مەبەست ئایا ئەویش هاوشێوەی ئەوانی تر دەنگیان بە نیوە دەنگو جەستەیان بە نیوە جەستە دەژمێردرێت؟ ئەگەر گریمانی ئەوە بکەین حوکمی دادگا بەسەر ئەندامە پەرلەمانەکانیش پەیڕەو دەکرێت، کەواتە لێردا چۆن دەکرێت لە پەرلەماندا ئەندامێك یان چ ئەندامێکی ناکامڵو ناتەندروستو ئیفلیج ئامادە بێتو لە هەمان کاتیشدا نوێنەرایەتی کۆمەڵگا بکاتو نیوەی ئەوانەوە قسە بکاتو بڕیاری چارەنووسساز بدات؟ ئایا ئەم ئافرەت بینیەی دادگا ئەوە ناگەیەنێت کە پێویست بکات دوو ئافرەت لە تەنیشت یەك لەسەر یەك کورسی پەرلەماندا دابنیشێت؟ ئەمانەو چەندین پرسیاری تر پێویستیان بە وەڵامدانەوە دەبێت لەم مەسەلەیەدا.

ئەوەی لەم بەشەدا ماوە بیلێین ئەوەیە کە ئەم دوو جۆرە ژن بینیەی ئەم دوو پێکهاتەیە لە یەك کاتداو لە یەك شوێندا جۆرێك لە عاجباتی دروست دەکەن، یان بە مانایەکی تر بەرەو رێچکەی بیرکردنەوە لە عاجباتیمان دەبەن، بەڵام لێرەدا عاجباتیەکە بەوەندە ناوەستێت چونکە رووو لە ئاقارێکی قووڵتر دەکاتو عاجباتیەکەش زیاتر پیشان دەدات کە لە بەشی داهاتوودا لێی دەدوێین.

-٤-

لەم بەشەدا دەچینە سەر باسکردنی جۆرێکی تر لە ئافرەت بینی کە لەنێو یەکێك لە



دامودەزگا زیندوو روح لەبەرەکانی کۆمەڵگای ئێمە ئامادەیە ئەویش (بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی ختنووبەرە)یە.

لەم پێکهاتەیەدا ئەوەی شوێنی هەڵوەستە بۆ کردنو قسە لەسەر کردن بێت ئەوەیە ئەم پێکهاتەیە بەوەندەی دادگا ناوەستێت لە بەکەم سەیر کردنو سووك سەیر کردنی رەگەزی مێ.. بەوەندەی دادگا ناوەستێت لە بەهادانو کەم نرخکردنی رەگەزی مێ.. بەڵکو لەویش زیاتر پێدادەگرێتو روو دەچێتە خوار بەوەی لە نێویدا رێگا نادات ئافرەت دەنگی هەبێتو بە شاهید بچێت، واتا بەوەندەی دادگا ناوەستێت کە دەنگی دوو ئافرەت بە دەنگێكو جەستەی دوو ئافرەت بە جەستەیەك بژمێردرێت (لەکاتی دەنگدانو شاهیدیدان)، بەڵکو ئافرەت هەر دەنگ نییەو بە شاهیدیش ناچێت. ئاشکرایە بە شاهید نەچوون ئەوە دەگەیەنێت یەکێك چاوی نەبێت بۆ بینینی دونیای دەوروبەر، واتا نابیناو کوێر بێتو نەتوانێت ماتریالو بوو دیاردەکانی واقیع وێنا بکاتو بیانخوێنێتەوە لێکیان بداتەوەو لە کاتی پێویستدا قسەیان لەسەر بکاتو شاهێدیان بۆ بدات. لێرەوە بە پێی لێکدانەوەو راڤەکردنی ئەم هاوکێشەیەو لەجیاتی دانان ئافرەت بێ چاوو کوێرو نابینایە.

بەڵام لە ئەزموونە زانراوە کۆمەڵگای ئێمە بەهۆی ئامادەبوونو بەردەوامبوونی هەردوو پرۆسەی (کۆچ، شەڕ) کردن هاوکێشەی جووتەکانی تیا گۆڕاوەو یەکسانییەکەی تێکچووە، واتا لە دەرەنجامی ئەم دوو پرۆسەیەدا رەگەزی مێ بە ژمارە رووی لە زیادیو رەگەزی نێریش رووی لە کەمی کردووە، بەمەش دەگەینە ئەو راستیە حاشا هەڵنەگرەی کە رەگەزی مێ لە ئێستای کۆمەڵگای کوردیدا رێژەیەكو بەشێکی بە ژمارە زۆرتری لە رەگەزی نێر پێکهێناوە، لێرەدا ئەگەر گریمانی ئەوە بکەین رەگەزی مێ بێ چاوو کوێرەو توانای بینینی دونیای نییە وەکو ئەوەی ئەم پێکهاتەیە پێی وایە، کەواتە بەشێكو رێژەیەکی زیاتر لە نیوەی کۆمەڵگا کوێرەو بێ چاوەو ناتوانێت دونیا ببینێت، ئەمە جگە لەوەی رەگەزی نێریش وەکو ئەوەی لە زانستە مرۆڤایەتییە جیاجیاکاندا روون بۆتەوە لە رەگەزی مێی بێ چاوو کوێر هاتووتە بوون، کەواتە دەبێت رەگەزی نێریش کوێرو نابینا بێت چونکە لە بنەچەدا لە رەگەزێکی

کوێرو نابینا لەدایك بووە یان هاتۆتە بوون. بەمەش ئێمە لە بەردەم کۆمەڵگایەکداین بە پێوە وەستاوەو هاتوچۆو مامەڵە دەکاتو دامودەزگاکانی بەڕێوە دەبات کەچی لە هەمان کاتدا هیچ ئەندامو یەکەیەکی چاوی نییەو ناتوانێت دونیا ببینێت.

ئێستا شوێنی خۆیەتی بپرسین ئەم تێڕوانینو ئافرەت بینیە لە کوێوە هاتووە، یان لەنێو کام سیستەمی ژیانکردندا ئامادەیی هەیە؟ بە مانایەکی تر سەندنەوەی چاو لە ئافرەتو رووتکردنەوەی لە نرخو بەهای ئینسانیو بەتاڵکردنەوەی لە ئینسانیانەی خۆیو بە بێ چاو پیشاندانی بۆ کام سیستەم دەگەڕێتەوە؟ لە راستیدا ئەم تێڕوانینو ئافرەت بینیە، ئەم سەندنەوەی چاو لە ژنو رووتکردنەوەی لە نرخو بەهای ئینسانیو بەتاڵکردنەوەی لە ئینسانیانەی خۆی بە بێ چاو پیشاندانی بۆ سیستەمی پاتریاریکیو پیاوسالاری دەگەڕێتەوەو هەر لەوێشەوە ئامادەیی هەیە، چونکە تەنیا لەنێو سیستەمی پیاوسالاریدا ئافرەت وەکو هەر ماتریالو کەرەستەیەکی بەردەستی پیاو دەبینرێت، یان بە ئامێرو کارگەی درەستکردنو بەرهەمهێنانی منداڵ (وەچ) دەبینرێت.

ئاشکرایە سیستەمی پیاوسالاری ئافرەت کوێرو بێ چاو دەکات، بێ هێزو دەستەمۆ دەکات، لەنێو ئەم سیستەمەدا پیاو ناهێڵێت ژن شاهیدی بدات چونکە پێی وایە چاوی نییە.. ناهێڵێت قسە بکات چونکە پێی وایە توانای قسەکردنی نییە.. لێ ناگەرێت ئافرەت خاوەنی شتو کەلوپەلو ئامێر بێت چونکە لە روانگەی ئەوەوە خۆی شتو کەلوپەلو ئامێرە.. لێ ناگەرێت موڵکدارێتی بکات چونکە خۆی موڵکدارێتی لەسەر دەکرێت.

پیاو قەت ئامادە نییە دەست لە خاوەندارێتی کردن بەربدات، بۆیە رێگا نادات ئافرەت ئەگەر بە شێوەیەکی رێژەییش بێت خاوەندارێتی بکات، چونکە ئەوە دەزانێت خاوەندارێتی کردن پێویست بە قسەکردنو مامەڵەکردنو بینین دەبێت، پێویستی بە خۆدامالێن دەبێت لە تەپو تۆزی دەستەمۆیی، هەمووی ئەمانەش پێویستیان بە چاوو هێز دەبێت، یان بە شێوەیەکی تر لەوێوە دەبێت کە چاوو هێز هەبێت، لێرەوە کاتێك پیاو لەنێو سیستەمی پیاوسالاریدا ئافرەت بە نابیناو کوێرو بێ هێز پیشان دەداتو بە شاهێدی نابینێت بۆ ئەوەیەتی لە خاوەندارێتی کردن دووری بخاتەوە، لە هەبوونی موڵكو



سامان دووری بخاتەوە، چونکە خاوەندارێتی کردن دەنگ هەڵبرینیش لەگەڵدایە، قۆناغی دوای نەهێشتنی دەستەمۆییو خۆدا پچران لەگەڵدایە، تێکشکاندنی کۆتو بەندو سانسۆری لەگەڵدایە، یان بە مانایەکی تر هەموو ئەمانەی لە پشتدایە، ئەمانەش قبووڵکردنیان لە لایەن پیاوەوە مەحاڵە چونکە سەندنی شتومەكو کەلوپەلە لە دەستی پیاو، ئەمەش وەرگرتنی کۆنترۆڵە لە دەستی پیاو.

کەواتە کاتێك پیاو دەخوازێت ژن لە خاوەندارێتی کردن دوور بخاتەوە بۆ ئەوەیەتی لە ناکۆنترۆڵیو نادەستەمۆیی دوور بخاتەوە، بۆ ئەوەیەتی لە ئازادیو سەربەستی دوور بخاتەوە چونکە خاوەندارێتی کردن ئەگەر رێگە بۆ هاتنە ئارای ئازادی، بەمەش دەگەینە ئەو راستیەی کە دوو لەو هۆکارو فاکترە بەرچاوانەی کە سیستەمی پیاوسالاری لەسەر بونیاد نراوەو بەردەوامیش لە نێویدا ئیشی بۆ دەکرێت خاوەندارێتی کردنو کۆنترۆڵکردنە، هەر بۆیە ئەمانەش دەبنەوە دوو لە بەرچاوترین کێشەی پیاو لەنێو سیستەمدا. لێرەوە دەڵێین لە کوێدا ژن وەکو کەلوپەلو ئامێر دوور لە مرۆڤ بوون سەیر بکرێت، لە کوێدا ژن سەدای دەنگی کپ بکرێتو چاوی ببەسترێت.. ئەوا لەوێدا سیستەمی پیاوسالاری ئامادەیە بەمەش دەگەینە ئەو حاڵەتەی بڵێین پێکهاتەی (بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە) بە پێی یاساو رێساو دەستوری پیاوسالاری بەڕێوە دەچێتو مامەڵە لەگەڵ ئافرەت دەکات. لەبەر ئەوەی ئەم دەزگایە ئافرەت بە کوێرو بێ چاو دەبینێت، بۆیە باشترێکە ئێمە سەرلەنوێ لەژێر میکرۆسکۆبی بینینەکانی خۆمان سەیری جەستەی ئافرەتو چاوەکانی بکەینەوەو هەوڵبدەین لێیانەوە نزیك بینەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی لە راستیو ناراستی ئەم حوکمە ئاگادار بین (ئەگەرچی بەشێکی نێر لە کۆمەڵگای ئێمەدا هەندێ جار بە بینینی جەستەی مێ ختوکە دەیگرێتو نە نزیك بوونەوەش لێی لە هۆش دەچێت) بەڵام ئەم نزیکبوونەوەیە لە ئێستادا پڕ سوودە بۆ دڵنیابوون لە دروستیو نادروستی یان لە راستیو ناڕاستی ئەم حوکمە. ئەگەر سەیرکردنی جەستەی مێ لە نزیکەوە کارێکی زەحمەتو قورس بێتو ئەم بوارە نەرەخسێت، ئەوا لە دووری ئەودا لەبەردەم دوو ئەگەر دەبین یان راستە یان ناڕاستە.

ئەگەر گریمانی راستی ئەم حوکمە بکەین ئەوا لەوێوە ئیدی ئیدیعاو رێکلامی

ئیشکردنو چالاکی نواندنی هەموو ئەو ئافرەتو ژنانەی کە لەنێو ڕێکخراوو دامودەزگای حزبیو حکومییەکان (بە خودی پەرلەمانو ئەنجومەنی وەزیرانیشەوە) پەتاڵو پووچو بێ مانا دەبێتەوە، دوا جار دەبێت هەموویان بچنەوە ژێر باری بڕیارەکانی سیستەمی پیاوسالاریو لەنێو چوارچێوەی مالّی نێرە پەیوەستەکانیان ئامێر ئاسا براکسیسی هەر سێ کار کردە بە زۆر فەرز کراوەکەی سەریان (زایەند کردن، منداڵبوون، کەیبانوو...) بکەن. لێرەوە هەڵەی گەورە یاخود هەڵخەڵەتاندنی گەورەی ئافرەت ئەوەیە وا تێبگات کارو کردەو چالاکی دەکات، هەڵەی گەورەی ئافرەت ئەوەیە وا تێبگات قورسایی هەیەو گوێی لێدەگرێتو بە مرۆڤ دەبینرێت. بەڵام ئەگەر گریمان ناڕاستی ئەم حوکمە بکەین (کە ئەمە ڕاستەکەیەتی) ئەوا ئیدی دەبێت هەنگاو بۆ گێڕانەوەی بەهاو حورمەتی لەدەستچوونیان بهاوێژرێتو بە جۆرێك لە جۆرەکان هەیبەتو بەخشندەییو مرۆڤ بوونیان بۆ بگێردرێتەوەو ئیتر بە چەشنێکی تر مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت. لێرەدا هەڵەی گەورە لە ژندا نییە بە تەنها بەڵکو لە پیاویشدایە، واتا هەڵەی گەورە هەڵەیەکی دووسەریە.. لە سەرێکیدا لە پیاودایە چونکە وەکو مرۆڤ سەیری ئافرەت ناکاتو هەوڵدەدات وەکو هەر کەلوپەلو ئامێرێکی بێ چاوو بێ هەست مۆنۆپۆلی بکاتو لە کاتی پێویستدا بەکاری بهێنێت، لە سەرەکەی تریشدا لە ژندایە چونکە لەنێو ڕێکخراوو دامودەزگا حزبیو حکومییەکان قسەو کارو کردەوەو چالاکی بۆ سیستەمێم دەکات کە دوا جبار تیایدا وەکو مرۆڤ سەیر ناکرێتو هەوڵ دەدرێت وەکو ئامێر مۆنۆپۆل بکرێت، یان بە شێوەیەکی تر بەرگۆری لە سیستەمێك دەکات کە بەهاو قەدرو حورمەتی دەشکێنێتو بە کوێرو بێ چاو پیشانی دەدات.

لێرەوە پرسیار ئەوەیە ئایا ئەو ئافرەتو ژنە وەزیرو ئەندام پەرلەمانەی کە لەنێو پێکهاتە پەیوەستەکانیان خەریکی ڕاپەڕاندنی ئیشوکارو چالاکییەکانن ئەوانیش لەنێو پێکهاتەی (بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانوویەرە) بە شاهێد ناچنو دەنگیان نییە؟ یان بە پێچەوانەوە ئەگەر قەرارە ئافرەت بە شاهێد نەچێتو چاوی نەبێت کەواتە چۆن دەکرێت لەنێو هەیکەلی پەرلەماندا وەکو ئەندامێك ئامادەبێتو لە بڕی کۆمەڵگا قسە



بکات؟ ئایا ئەو ئافرەتە ئەندام پەرلەمان لە هەمان جنسی ئەو ئافرەتە نییە کە لە پێکهاتەی نێوبراودا بە شاهێدی ناچێت، یان ئەوە جۆرێکی ترە لە ئافرەتو لە شوێنێکی تر ئیستیرادمان کردووە؟.

-٥-

لە ئەنجامگیری هەموو ئەمانەی پێشەوە دەڵێین لە نێو یەك کۆمەڵگاداو لە یەك سەر زەمینی هاوبەش ژیانکردنداو بە هۆی بوونی یەك دەسەڵاتی بەڕێوەبرنداو لە نێو سێ دەزگاو پێکهاتەی جیا جیا (پەرلەمان, دادگا, بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە)دا سێ جۆرە مامەڵەکردن لە بەرامبەر ژندا ئامادەیەو, تیایاندا ژن بە سێ وێنەی جیا, بە سێ نرخو بەهای جیا پیشاندەدرێت, مەبەست لە نێو کۆمەڵگایەکدا سێ جۆرە پێکهاتە ئامادەیەو هەریەکەشیان بێئاگاو جیا لەویتر بە پێی یاسایێكو دەستورێك بەڕێوەدەچێتۆ لە ئافرەت دەڕوانێت.

لە نێو پەرلەماندا یاسای دەستوریو دیموکراسیو یەکسانخوازی مرۆڤەکان ئامادەیە کارپێدەکرێت بۆیە ئافرەت مرۆڤێکی کامڵو تەواوەو یەکدەنگو یەك جەستەیەو بە شاهید دەچێتو دەتوانێت قسە بکات, لە نێو یاساو دەستوری ئایینی ئامادەیە کارپێدەکرێت, بۆیە ئافرەت مرۆڤێکی ناکاملو ناتەواوەو نیوە دەنگو نیوە جەستەیە, واتا بە دوو ئافرەت ئینجا شاهیدێكو دەنگێك بۆ قسەکردن پێکدەهێنن, دواجار لە نێو بەڕێوەبەرایەتی تۆمارکردنی خانووبەرە یاساو دەستوری سیستەمی پیاو سالاری بێ ئاینی ئامادەیە یا کارپێدەکرێت, بۆیە ئافرەت کەلوپەل ئاسا نا مرۆڤەو هیچ دەنگی نییەو جەستەکەش وەکو مرۆڤ لە بەر چاو ناگیرێتو ناتوانێت شاهێدی بداتو قسە بکات. لە ڕاستیدا ئەم سێ جۆرە مامەڵەکردنە جیایە (لەگەڵ ژن) لە نێو یەك کۆمەڵگاو لە یەك سەرزەمینی هاوبەشو لە ژێر ئەمرو نەهیبیو بڕیارەکانی یەك دەسەڵاتدا, عاجباتی کۆمەڵگای ئێمە پیشان دەداتو هیچیتر.

# شیعر و وێنە



موعتەسەم ساڵەیی

هونەرمەند وەك هەستیارێك هەست بە دەورو پشتیو سروشتو شتەكان دەكات، هەست بە پەیوەندی نێوان مرۆڤ بە سروشتیشەوە دەكات، هەروەها هەست بە پەیوەندی دەستەی مرۆڤ لەگەڵ یەكتردا لە نێو خۆیاندا دەكات. هونەرمەند دەچێتە ناخی شتەكانەوەو نادیار لە دیار دەردەكاو دەیانخاتە روو. هونەرمەندی راستەقینە شارەزایی لە رابوردوو هەیەو بەبیری ناسكیو چاوی تیژی وێنەی روونی دووا رۆژیش دەبینێت. تێكڕا هونەرمەندی راستەقینە شارەزایی لە رەوتی مێژووی مرۆڤایەتیو مێژووی نەتەوەكەی خۆی هەیە، هەوڵی ئەوە دەدات كە وێنەی هەڵسو كەوتی راستیو دروستی بخاتە روو، وێنەی كاری چەوتو نارێكو دڵتەزێن بگۆڕێتو راستی بكاتەوە. جا ئیتر بە شێوەی نووسین بێت یاخود بە شێوەی هونەرە جۆر بە جۆرە هەمە رەنگەكانی تر بێت. هونەرمەند بە چاوێكی هونەری سروشتو مرۆڤ دەبینیو شۆڕدەبێتە ناخیانەوەو لە بەرهەمەكەیدا وێنەیان رەنگ دەداتەوە.
ئایا مامۆستا گۆرانی شاعیر تا چ رادەیەك مرۆڤو سروشتو دەورو بەر لە بەرهەمە شیعریەكانیدا وێنەیان رەنگی داوەتەوە؟ بێگومان بە كامیرای خەیاڵو ئەندێشەی شیعری بەو پەڕی سەركەوتنو وردبینیەوە بە شێوەیەكی هونەرمەندانە وێنەی ناخی مرۆڤو سروشتی گرتوەو خستوونیەتیە نێو چوارچێوەی شیعریەوە، ئەویش بە شێوەی وێنەی زیندووی بە جمو جۆڵ لە جیهانی وشەو وشەسازیدا. ئای كە چەند بە وەستایانەو بە شێوەیەكی پڕ لە تامو چێژ وەسفی قەرەداغو هەورامانی كردووە! گۆران توانی خۆی لە قاڵبی كۆن رزگار بكاتو شێوەیەكی تازە بهێنێتەكایەوە بۆ دەربڕینی هەستی بە شێوازو وێنەی تازە بابەتو خۆی لە بەكارهێنانو وەسفی كۆن دووربخاتەوە، وەك چواندنی باڵای ئافرەت بە لاولاوو برۆو برژانگ بە تیرو كەوانو خەنجەر، چاو بە شەرابو، لێو بە مەزەو، پرچو ئەگریجە بە هەورو ماری رەشو، مەمك بە مانگ ...
گۆران وەك وێنەگرێكی كارامەو بلیمەت هاتو وێنەی كاریگەریی بەكار هێنا بۆ تەشبیهو لێكچوونو وەسفی سروشتو مرۆڤ – بە تایبەتی ئافرەت – بەم كارەیش توانی شیعری كوردی پێش بخاتو بیخاتە قۆناغێكی تازەوە، ئەویش بەو وێنە شیعریانەی (الصوره الشعریه) كە بە كاریانی دەهێنا.
شاعیر وەك وێنەكێش پەنا دەباتە بەر وێنەو لە بەرهەمەكەیدا بەكاری دەهێنێت. وێنەكێش ئامرازی دەربڕینی هێڵو رەنگە لە بەكارهێنانی وێنەی سەر تابلۆكانی بە دوو لایەنی پانیو درێژی. شاعیریش ئامرازی دەربڕینی وشەیە بۆ وەسف كردنی شتەكان كە دەری دەخات، لە زرمەیەكی كاتیدا (ایقاع زمنی) بە وشە وێنەی یەك بە دوای یەكدا هاتوو دەیخاتە روو. وێنەكێشو تابلۆكێش جمو جوڵی مرۆڤو شتەكان دەردەبڕێتو دەریدەخات، بەڵام لە ساتێكی وەستاودا. لە پێش ئەو ساتە وەستاوەدا جووڵەیەكی بەرەوپێش چوو هەیە (حركە متقدمە) ولە دوای ئەو ساتە وەستاوەیەشدا بە هەمان نەریت، جۆڵەیەكی بەردەوام هەیە (حركە مستمرە)، بینەر لە نێو تابلۆكەدا بە پێی ئەندیشەو رۆشنبیریو بۆچوونی خۆی ئەو هەموو جمو جۆڵە بەدی دەكات، شاعیریش بە وشە وێنە دەكێشیێ بۆ دەربڕینی هەستی خۆی بە چەند وێنەیەكی وەستاو یاخود بە جمو جۆڵ، یاخود وێنەی پچڕپچڕی تێكەڵێش بە وشەی زەنگدارو هەست بزوێن. شاعیر رەوان بێژی (بلاغە) بەكار دەهێنێت بۆ ئەو شتەی كە مەبەستیەتی كە دەریبڕێت بە وەسف یاخود بە تەشبیهو لێكچوون (Comparison).

ئەمانە بە شێوەی وێنە تابلۆ (Hypotypose) دەری دەبڕێت. پەیوەندییەکی پتەو لە نێوان هونەری شیعری‌و هونەری وێنەکێشاندا هەیە، شاعیر پەنا دەباتە بەر وێنەو وێنەی شیعری، تابلۆکێشیش وەك شاعیر وێنە بەکار دەهێنێت. وتەیەکی کۆن هەیە کە دەخرێتە پاڵ (سیمۆنیدیس)و ، پێتنام خستوویەتە نێو هەڵبەستێکەوەو دەڵێ:-

گەر شیعر، وەك هەندێك دەڵێن، وێنەی دەنگدار بێت بۆ چاو،
نابێت نکوڵی لەوە بکرێت کە وێنە شیعرێکی کپو بێ دەنگە[1].

شیعرو وێنە لە (هونەرە براکانن)[2] وەك (درایدن) دەڵێت، هەردووکیان وێنە بەکار دەهێنن بۆ سەلماندنی مەبەستی تایبەتی خۆیان. بەڵام وێنەی شیعری بە تەواوی لەسەر وێنەی تابلۆ چەسپ نابێت، وێنەی تابلۆ بە چاو دەبینرێ‌و هەستی پێ دەکرێ، بەڵام وێنەی شیعری خوێنەر نایبینێ تەنیا بە چاوی ئەندێشەی دەیگێڕێتەوە، یاخود سەر لە نوێ مۆنتاژی دەکاو دروستی دەکاتەوە.

شاعیری کلاسیکی کورد علی کمال باپیر ئاغا، بۆ ئەوەی پێمان بسەلمێنێت کە دەم‌و چاو رووی ئەو کچۆڵەیەی کە باسی لێ دەکات جوان‌و دلڕفێنە، پەنا دەباتە بەر سروشت‌و گەردوون بۆ مەبەستی وەسف‌و لێکچوون‌و بەراوردکاری. وێنەی گەورەبوونی مانگ هەر لە یەکەم شەوەوە تاکو چواردەهەمین شەو، لە پاشاندا کەم بوونەوەی دوابەدوای چواردەهەمین شەوەوە، وەك مرۆڤ لەسەر زەوییەوە دەیبینێت، بەوەی لێك دەداتەوە کە گوایە مانگ بۆیە زیاد دەکاو گەورە دەبێت هەتا رووی خۆی وەك رووی ئەو دولبەرە جوان‌و پرشنگدارو ناسکە لێبکات ... پاشەگەز بوونەوەیشی — وەك مرۆڤ دەیبینێ — بەوەی لێك دەداتەوە کە گوایە مانگ لە توانایدا نییە وەك ئەو کچۆڵەیە خۆی جوان بکات. بەم شێوەیەش ئەم شاعیرە ئەم هەموو وێنەیەمان دەخاتە بەر چاوو دەڵێ:

**مانگی یەك شەو بۆیە دایمە زیاد دەکاو دەشنێتەوە**
**تا جوانی خۆی وەکو رووی تۆ برازێنێتەوە**
**تا دەگاتە چواردەهەم شەو تێدەگات ناگا بە تۆ**
**جا لە داخا وردە وردە کەم دەکاو دەتوێتەوە**

شاعیرێکی عەرەب بۆ مەبەستی لێکچوون بەدبەختی‌و بێ شانسی خۆی بەم جۆرە



دەدوێت:-

**ان حظي كدقيق بين شوك نثروه**
**ثم قالوا لحفاة يوم ريح: اجمعوه**
**صعب الامر عليهم قال يا قوم اتركوه**
**ان من اشقاه ربي كيف انتم تسعدوه**

بەم جۆرە لە وێنەیەکی بەجەو جۆڵ‌و وزەداردا چارەڕەشی خۆی بە ئاردی نێو درك‌و داڵ دەچوێنێت لە رۆژێکی تووشی پڕ لە رەشەبادا، سەرەڕای هەموویشی بە کۆمەڵە خەڵکێکی پێ خاوس دەووترێت: وەرن ئەو ئاردە کۆ بکەنەوە! بێگومان لە توانایاندا نیە بەو کارە هەڵبسن، لە ئەنجامداو لە ناچاریدا پێیان دەڵێن: وازبێنن گەر یەکێك خوا سیاچارەی کردبێت ئێوە چۆن دەتوانن دەستی بگرن‌و باری لە قوڕاو هەڵگرن! ئەم بۆچوونەیش لە روانگای بیرو باوەڕی تایبەتیی شاعیرەوە هەڵقوڵاوە. وێنەکێش دەتوانێت لەم پارچە شیعرە وێنەیەکی دەستکردی لە ساتێکی وێستاودا لێ دروست بکات، یاخود دەرهێنەرێکی سینەمایی فلیمێ کورتی لێ بخولقێنێت ئەویش بە هۆی ئەو هەموو وێنانەی کە تێیدایە.

(بێرتۆڵد برێخت)ی ئەڵمانی‌و نووسەری شانۆیی لە یەکێك لە هەڵبەستەکانیدا، پەنا دەباتە بەر وێنەی ماسکێکی (قناع) هەڵواسراو، دەیخاتە قاڵبێکی شیعری پوخت‌و شیاوەوە، بەم شێوەیە بە وشەی شیعریی زەنگدار جارێکی تر وێنەی دەگرێتەوەو دەڵێت:

**بە دیواری ژوورەکەمدا**
**تابلۆیەکی دارینی ژاپۆنی هەڵواسراوە**
**ماسکێکی شەیتانی خراپەکارە**
**بە زێڕ داڕێژراوە .**
**بە چاوێکی پڕ لە بەزەیی تێی دەڕوانم**
**دەمارە گرژە دەرپەڕیوەکانی نێو چەوانی**
**دەبینم کە مرۆڤ چەند دەچێژێت**
**تا خراپەخواز بێت** [3].

دەگێڕنەوە گوایە لە زەمانی کۆندا شاعیرێك دەبێت، ئەم شاعیرە لە یەکێك لە

هەڵبەستەکانیدا بیرو باوەڕو هەستی خۆی دەدەبڕێتو دەڵێ :

دووژمنی زانا بلّندت دەکاتەوە، بەڵام دۆستی نەزان لە بەرزیەوە پاڵت پێوە دەنێو بەرت دەداتە خوارێ...! ئەم شاعیرە بەم وێنە شیعرییە بیرو باوەڕی دەردەبڕێت، وەك دەماودەم گێڕاویانەتەوە دەڵێن: گوایە پادشای ئەو وڵاتە مەیموونێکی دەبێتو زۆری خۆش دەوێت. بەڕادەیەك کە شەوانە دەخەوت ئەو مەیموونە بە شیرێکەوە لە تەنیشت سەریەوە بە پێوە رادەوەستا وەك یاساوڵ بۆ پارێزگاری کردن... پادشایش کەگوێی لەو شیعرەی شاعیر دەبێت لەبەر خاتری مەیموونە خۆشەویستەکەی قینی لە شاعیر هەڵدەستێو لە زیندانی دەپەستێ ... شەوێك لە شەوان پادشا دەخەوێو مەیموونەکەیش بەدیار سەریەوە رادەوەستێ، لە هەمان کاتدا دزێك بە مەبەستی دزینی تاجەکەی پادشا خۆی لە ژوورەکەدا مەڵاس دەدا. لە پشتی سەری دزەکەوە چرایەك دەبێت، سێبەری بە جووڵەی دزەکە دەکەوێتە سەر شانو ملی پادشا، مەیموونەکە کابرای دز نابینێتو تەنها سێبەری دزەکە نەبێت کە بەسەر گەردنی پادشاوە هاتو چۆی دەکرد، مەیموونەکە وەك شتێکی سەرسووڕهێنەر سێبەرەکە دەبینێتو شیرەکەی دەستی بەرز دەکاتەوە تا بیکێشێت بە سێبەری سەر شانو ملی پادشادا، کاتێك کە دزە هەست بەم شتە دەکات زوو بە زوویی لە جێیەکەی خۆیدا دەردەپەڕێو دەستی مەیموونەکە دەگرێت تا پادشا لە نێو نەباتو نەیکوژێت، پادشاش لەم بگرەوە بەردەیدا بەئاگا دێ، دزیش باسەکەی بۆ دەگێڕێتەوە...

لەم وێنەو رووداوەدا دزەکە کە دەوری دوژمنی تێگەیشتوو دەبینێت، مەیموونەکەیش دەوری برادەری گەوج دەبینێت، هەر لەبەر ئەم هۆیەش بۆ بەیانی پادشا فەرمانی ئازادکردنی شاعیر لە زیندان دەردەکاتو، دەیکات بە راوێژکاری تایبەتیی خۆی .. ئەویش بە هۆی ئەو شیعرەوەی کە وتوویەتیو لەسەریشی خرابووە زیندانەوە ... ! ئێمە مەبەستمان ئەوە نییە بزانین ئەو شیعرە تا چ رادەیەك لە راستیەوە نزیکە، یاخود ئەمە بەسەر هاتێکی راستەقینەیە، یاخود دەست هەڵبەستەو زادەی ئەندێشەو خەیاڵە ؟! نەخێر، مەبەست لەم باسەدا ئەو وێنە شیعرییە یە کە لە شیعرەکەدایەو ئەو وێنەو بەسەرهاتەی دزەو مەیموونەکەیە، کە بووە بەڵگە بۆ راستیو دروستی شیعرەکە لە لای پادشا...



وێنەی شیعری شیعر دەوڵەمەند دەکات، بە هۆیەوە زوو بە زووییش خوێنەر هەست بەو شیعرە دەکاتو لە مێشکیدا جێگر دەبێتو بە کاریگەرانە دەوری خۆی دەبینێت لە بیرو هۆشی خوێنەردا...

شاعیر (هەتا زیاتر وێنەی ((جوانتر)) دەربخات، ژمارەی دەنکە مرواریەکانی هۆنراوەکانی زیاد دەکاتو هەڵبەستەکەیشی باشتر دەبێت)[٤].

لە شیعری نوێی هاوچەرخماندا هەندێ لە شاعیرە لاوەکانمان بە سەرکەوتوویيو وەستایانە وێنەی شیعری لە شیعرەکانیاندا بەکار دەهێنن دوور لە وشە ریزکردنو پێچو پەناو غەمزو لەمز. لە راستیدا وێنەی شیعری لە هەموو شیعری جیهانیدا بەکار هێنراوەو بەکار دێت. جێی سەرسووڕمان نییە ئەگەر بڵێین زۆربەی زۆری کەڵە شاعیرانو نووسەرانی جیهانو وێنەکێشیش بوونە، هەرکام لەو شاعیرو نووسەرە بەناوبانگانەی جیهان بگرین دەبینین، زۆر یا کەم بایەخیان بە وێنەو تابلۆ کێشان داوە، ئەویش لەبەر ئەوەی کە پەیوەندییەکی پتەوو نەپچڕاو لە نێوان نووسینو شیعرو وێنەدا هەیە.

(لە هەڵبەستی ((وێنەکان))دا گیوم ئەپۆلێنێر پشتی بە سەرچاوەیەکی نوێ بەستوە بۆ چەواشەکردن، بۆ پێشکەشکردنی شیعرەکانی بە وێنە، وشەکان لە شێوەی دووکەڵی جگەرەو ملپێچو کاتژمێرو ئاوپرژێنی باخ یاخود باران دەنووسی، لەو هەڵبەستانە دەچوون کە شاعیرە یۆنانیەکان لە ئەسکەندەریە لە شێوەی پەرستگاو هێلکە، یاخود لە شێوەی هەگبەی شوان شیعرەکانیان دەنووسیەوە.

ئەپۆلێنێر ئەم شێوەیەی گرتە بەرو ئەم هەڵبەستانەی لەسەر پارچە کاغەزی بەریدی کە لە بەرەی جەنگەوە لە جەنگی یەکەمی جیهاندا دەیناردن بە مەبەستی گاڵتەجاڕیو دڵخۆشکردنی برادەرەکانی. ئەم شێوەیەی پاراست تا بە چاپگەیاندنیان. جوانیو ناسکیەکی زۆر هەن لە شێوەی دەرپەڕینی ئاوی ئاو پرژێنو پێچو پەنای دووکەڵی گلیۆن. ئەمە شارەزایی ئەپۆلێنێر دەدەخات لە ناسکیو جوانی هێڵدا)[٥].

(پاسترناك)ی شاعیرو نووسەر پێش ئەوەی دەست بکات بە نووسین وێنەکێش بوو. شاعیری بەناوبانگی ئەسپانی (رافائیل ئەلبیرتی) کاتێك کە دەستی کرد بە شیعر نووسین، وێنەکێشان جێی بایەخ پێدانی بنەڕەتیی بوو.

شاعیرو شانۆنووسی ئەسپانی (فیدریکۆ گارسیا لۆرکا) وێنەی دەستکردی زۆری کێشا، لە هەمان کاتیشدا مۆسیقا ژەنێکی سەرکەوتوو بوو. (بۆدلێر)ی شاعیری فەرەنسی لە ژیانیدا گەلێ وێنەی کێشا، بە تایبەتی وێنەی خۆیو دایکیو زڕباوکەکەیو (جان دۆڤال)ی قوولەڕەشی خۆشەویستی کێشا.

(نازم حیکمت)ی شاعیری تورك لە پاش خۆی چەند دیوانو شانۆگەریو ڕۆمانو کۆمەڵێ وێنەی بەجێهێشت. (مایکۆڤسکی)ی شاعیری رووسی بایەخی بە وێنەکێشان دەدا، لە ساڵی (١٩١٦)دا کە هێشتا تەمەنی نەگەیشتبووە هەژدە ساڵی. چووە قوتابخانەی هونەرە جوانەکانو لەوێش (داڤید بورلیوك)ی هونەرمەندی بۆهیمیی سەرەڕۆی شۆڕشگێڕ کارێکی زۆری کردە سەر ژیانو هونەری ئەم شاعیرە، هەر وەك خۆی دەڵێ قوتابخانەی هونەرە جوانەکان تاقە پەیمانگایەك بووە کە مەرجی دەرخستنی ڕاپۆرتی ڕاستی هەڵسو کەوتو ڕەوشتی رامیاریی تیا نەبووە[٦].

نووسەرو وێنەکێشی لوبنانی (جبران خلیل جبران) کەوتبووە ژێر کاریگەریتی شیعرو نووسینو وێنەو تابلۆکانی (ولیم بلیك)ی دەستڕەنگین.

بێگومان هونەرمەند بە تەنیا لە لکێکی هونەر بە تەنیا سەرکەوتنێکی زۆر بە چنگ دەهێنێت.

هەمووومان ناوی (بیکاسۆ)مان بیستووە وەك هونەرمەندێکی شێوەکار، بەڵام لە هەمان کاتدا دەقی شانۆیی دەنووسیەوە، هەروەها ناوی (جان کۆتکۆ)مان بیستووە وەك شانۆنامە نووسێك، بەڵام لە هەمان کاتدا وێنەو تابلۆی زۆر جوانی دەکێشا. ڕۆژێك لە دەمە تەقێیەکدا لە نێوان ئەم دوو هونەرمەندەدا، (پیکاسۆ) بە (کۆکتۆ) دەڵێ: ئاستی پلەی شانۆگەریەکانم چۆنن؟ (کۆکتۆ) بە پێکەنینەوە وەڵامی دەداتەوەو دەڵێ: ئاستی شانۆگەریەکانت، لە ئاستی وێنەکانی مندان...!

بەڵام هونەرمەندو نووسەری وا هەن کە لە چەند لایەنێکەوە سەرکەوتنی تەواو بە چنگ دەهێنن بۆ نموونە: (ڤیکتۆر هۆگۆ) نووسەرێکە لە پلە یەکەکانو شاعیرێکی کارامەیشە، کاتێك شانۆگەریی (هێرنانی)ی بڵاوکردەوە دەنگو سەدایەکی بەربڵاوی دەرکرد، لە هەمان کاتیشدا گەلێ وێنەی نایابی کێشا. نووسەرو شاعیرێکی وەك (گۆتە) بایەخی بە زانست دەداو لە ئەنەتۆمێكو (تشریح)و ڕووەكو تیوری ڕەنگەکانی



کۆڵیەوەو، پەرتووکێکی لەسەر ڕووەك زانی دانا. (لیۆناردۆ داڤینشی) وێنەکێشو پەیکەر تاشو ئەندازیاری خانووبەرەو میکانیزمو فیزیکیو ماتماتیکیو بایۆلۆژیو مۆسیقاژەنو فەیلەسوف بوو، سەرەڕای هەموویشی چیرۆکی بۆ منداڵان دەنووسی. هەروەها مایکل ئەنجیلۆی وێنەکێشو پەیکەرتاشو ئەندازیار شیعریشی دەنووسیەوە...

سەرچاوەکان :

١. المجاز الذهني ك. ك. رثفن، وەرگێڕانی د. عبدالواحد لؤلؤة، وزارة الثقافة والفنون العراقية، ١٩٧٨، ل٤٨.
٢. هەمان سەرچاوەو لاپەڕەی پێشوو.
٣. قصائد من برتولد بريخت، وەرگێڕانی د. عبدالغفار مكاوي دار الكاتب العربي للطباعة والنشر بالقاهرە. ١٩٦٧، ل٩٨.
٤. الشعر والتجربه ارشيبالد مكليش وەرگێڕانی سلمى الخضراء الجيوسي. منشورات دار اليقظة العربيه للتاليف والترجمه والنشر، بيروت، ١٩٦٣، ل٦٧.
٥. التجربه الخلاقه، س. م. بورا، وەرگێڕانی سلافه حجاوي، منشورات وزاره الاعلام العراقيه، ١٩٧٧، ل٧٥-٧٦.
٦. ماياكوڤيسكي شاعر الثورة الاشتراكيه، جلال فاروق الشريف، منشورات وزاره الاعلام العراقيه ، ١٩٧٢، ل٢٦.
٧. الواقعيه فى الفن سيدني، فنكليشتين، وەرگێڕانی مجاهد عبدالنعم مجاهد، الهيئه المصريه العامه للتاليف والنشر، ١٩٧١، ل٩٦- ٩٧.



## ئیلیتیس ئۆدیسیوس

# شاعیرێکی نغرۆ لە واتە و وێنەدا

ڕابەر فاریق

چۆك دادەدەم
کاتێك ئەو چوار ڕێیانەی پێیان ئاشنابووم، بنبەست دەبن[1]:
نسشتمان
وشە
تاراوگە
هەوا.[2]



**سەرەتا:**

(شاعیر مرۆ- کوژە کە دەپەیڤێ)[3] خاڤیە بورد

ئەم کتێبە، واتە: (ئەکسیۆن ئێستی)، کتێبێکی شیعریی چڕە و قووڵ ڕۆچووەتە نێو فەنتازیا و وێنەی شیعریی، زمانێکی مەجازیی فرەڕەهەندیش مانا و ئێستێتیکییەتی ئەم دەقە درێژ دەکەنەوە، لە پشت ئەمانەیشدا بەرەو ڕووی فەزاگەلی نیگەرانیی خود دەبینەوە و بە جۆرێکی دیکەی ڕوانین ئاشنا دەبین کە شاعیر لە ڕێگەی وشەوە دەیەوێ تەعبیر لە کێشەگەلی هزری و ڕۆحی و کولتووریی کۆمەڵگەکەی بکا، لەوێوەیش شیعرییەتی دەقمان ئاراستە بکا بە شێوەیەکی جوداواز و تایبەتەوە، دەشێ وەهایش تەماشای ئەم دەقە بکەین کەوا کەسێکی مەنفیی و ئاگادار لە پێکهاتەی کولتوور و بونیادەکەی، دەخوازێ لە ڕێڕەوێکی دیکەوە بچێتە نێو قووڵاییەکانی خۆیەوە و بە کۆمەکی وشە دەروازەی دیکەمان بۆ بکاتەوە.

ئەحمەدی مەلا کە وەرگێڕی ئەم دەق و لێکۆڵینەوەیە، لە ڕستەگەلی پێشەکییەکەیدا نووسیویەتی: (ئیلیتیس، بە شیعر باسی تەجرەبەی تاراوگەمان بۆ دەکا، بە شیعر باسی جیۆگرافیای یۆنانمان بۆ دەکا، هەر بە شیعریش باسی کەلەپوورمان بۆ دەکا. تاراوگە واتە: زاڵبوونی فیکری تاکڕەو، هەڵبەتە سیاسەتیش لێرەدا بەشێکی فراوان لەم پانتاییە داگیر دەکا. جیۆگرافیاش، ئەو فەزا زیندووەیە کە ئینسان ئاوێتەی سرووشت دەبێ و لەو تێکڕاییە دەگەڕێ کە لەوەو پێش ئاماژەمان بۆی کرد، کەلەپووریش، لە دنیای زیهنییەوە، بۆ کەش و تەقسە جوداوازەکان، چ پێش یۆنانی مەسیحی، یان پاش بلاوبوونەوەی ئەم ئایینە، چ زمانی یۆنانی کۆن بێ، چ زمانی یۆنانی نوێ، چ کەرەستەی شیعریی کۆن بێ، چ کەرەستەی شیعریی نوێ. کەلەپووریش تەنیا ئەو کاتە زیندووە ئەگەر هاتوو دیالۆگمان لەگەڵ چێکرد و هێنامانە دوو). لێرەوە، ئەحمەدی مەلا ئەمەی مانیفێست کردووە کە ئەم دەقگەلە شیعرانە (بە گشتی) لە دووتوێی (جیۆگرافیا- تاراوگە- کەلەپوور)دا بەرجەستە بوون و لە بارەیشیانەوە دەپەیڤێ و ئێستگەلی جوداوازیشی بۆ کردوون، وەك لە سەروەختی خوێندنەوەیشدا ئەمانەی لە سەرەوە تیشکیان خراوەتە سەر، ئامادەییان هەیە، بە دەر لەمەیش، ئەم تەئویلە بەریەککەوتنی ئاگاییانەی لێ دەبێتەوە و کۆی دەقەکە لە ئەنجامگیرییەکی قووڵ و کورتدا دەنەخشێنێ، ئەمەیش ئەوەمان بۆ بەیان دەکات کە وەرگێڕ بەرپرسیاریەتییەکەی لە پرۆسەی

وەرگێڕاندا قبوولْ بووە و بە شێوەیەکی ئاکتیڤانەیش مامەڵەی لەگەڵیدا کردووە. جگە لەمانەیش، هەر یەکێك لەو چەمکانەی کە وەرگێڕ ئاماژەی بۆ کردوون، ڕەهەندگەلی کراوە و فراوانیان لێ دەبێتەوە و ئەوە تەنیا شاعیرە پانۆتیکۆنەکان (گشتبینەکان)یشن کە دەتوانن بیانئاخننە نێو تێکستەکانیان و لە ڕێگەیانەوە جواننووسیی بووەشێنن و بمانبەنەوە حزوور بەها ئینسانییەکان.

ئەم دەقانە کۆمەڵێك کۆدیان هەیە و بە زمانێکی ناباو نووسراون و هەوڵێکی جیددیی شاعیرێکی فرەڕوانینن، بۆیە ئێمە لێرەدا هەوڵ دەدەین هەندێك لایەنی یەکێك لە ئەم دەقانە بنێینە دوو توێی ڕاڤەیەگەلێکەوە، واتە: شیعری (ئافراندن)، ئەمەیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تێکستەکان لێوانلێون لە چەشە و هێزی ئەفسوونکێش، هاوکاتیش خوێنەر بە جۆرێك ئاشنا دەکەن بە (وێنە و واتە) کە دەشێ لە ئەنجامدا گومانگەلێکی جوانیناسانە و قورساییەکی دیکە و دنیابینیی تازەگەرمان لە کن بەجێ بهێڵن.

## نێوەڕۆکی باسەکە:

١- (خاڤیە بورد) لە پێشەکییەکەی چاپی فەرەنسی، لە بارەی ژیان و ئەزموونی (ئیلیتیس ئۆدیسیوس) و ئەم قەسیدە قووڵانەیەوە گەلەك زانیاریمان دەداتە دەست و کۆمەڵێك کۆدی ئەم قەسیدانە دەکاتەوە، ئەمەیش بۆ خوێنەری کورد زمان تا ئەوپەڕی بایەخ بایەخی هەیە و باشتر لە ژیانی شاعیر و ئەزموونی لەنێو دنیای شیعردا، نزیکمان دەکاتەوە. خاڤیە بورد، لە لێکۆڵینەوە و نووسینەوەی بیۆگرافیای (ئیلیتیس ئۆدیسیوس)ەوە، لەبارەی ئەمە دەپەیڤێ (بە وشە) کە شاعیر بە کۆمەکی عیرفانییەت قەسیدەکەی پڕ لە لق و پۆپتر کردووە، بەڵام نەهاتووە باس لەمە بکا کە ئەم شاعیرە شیعر و فیکری تێکەڵاو کردوون و قووڵ بردوونیەتە نێو یەکترییەوە، بەبێ ئەوەی لە هیچ دێڕێکی قەسیدەکەیدا زیان بە شیعرییەتی دەق بگەیەنێت، وەك لەنێو کورددا وەها کەوتووەتەوە، ئەمەیش کەوا لە سەرەوە ئێستم بۆی کرد بە یەکێك لە تایبەتمەندییەتیی و جوداوازییەکانی ئەم شاعیرە دادەندرێ کە ئەم پرۆسەیە لە لایەن کەم شاعیر پەیڕەو کردراوە، ئەگەر بێینە سەر شیعری کوردییش، ئەوا دەبینین کە شیعرەکانی (ئەحمەدی مەلا)- وەرگێڕی ئەم کتێبە- و (هەندرێن)، هاوکات (دڵشاد عەبدوڵڵا)یش، تا ئاستێك



ئیشیان بۆ ئەم جۆرەی گواستنەوەیەی فیکر کردووە بۆ نێو شیعر و تەعبیرکردن لە خود و ئەوانیدی و وەشاندنی دەقی ئیبداعیی.

یەکێکی دی لە تێڕوانینە ئێستێتیکییەکانی (خاڤیە بورد) ئەمەیە: (ئەکسیۆن ئێستی کتێبی تاراوگەیە)، بە واتەی ئەوەی کە بەشێك لە پێکهاتەی تاراوگەبوونی خود لەنێو ئەم قەسیدەگەلەدا دەخەملێ، هاوکاتیش ڕوانینگەلی فرەڕەهەندی شاعیر لە ڕێگەی ئەم دەقە ئیبداعییەوە خۆیان نمایان دەکەن و دەشکرێ ئەم کتێبە وەکوو تاراوگەی (خود) و (پێکهاتەی هاوزمانەکەی شاعیر)یش تەماشا بکردرێت و "پەرتبوونێك کۆ بکاتەوە" ٤، دیارە ئەم خاڵانەی ئێمەیش لەوێوە دێن کە تێڕوانینگەلی سەڵت (نەگۆڕ) نیین، هاوکاتیش دەشێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە قەسیدەکان لێوانلێون لە نیگەرانیی خود و مانەوەی کاتیی لەنێو ئەوانیدی- دا.

ئیرۆسییەتی زمان و چێژ، دوو ئامادەبووی بەردەوامن لەنێو قەسیدەکانی نێو ئەم کۆشیعرە، دەشێ ئێست بۆ ئەمەیش بکەین کە ڕیتمی میوزیکی ئەم شیعرانە، ناوەکیین، نەك دەرەکیی، ئەمەیش بە هەر کلۆجێك بێ، سێبەرێکی ئەستووری هێناوەتە سەر ڕووخساری دێرەکانی ئەم قەسیدەگەلە، لە ئەنجامی ئەم وەستانەیشدا دەگەین بە ئەنجامێکی وەها کە پرۆسەی خوێندنەوەی ئەم قەسیدانە، هێندەی چەشە، تۆوی ماندووبوونگەلی لەززەتهەڵگریش لە خەیاڵی خوێنەردا دەوەشێنن: خوێنەری کورد زمان، بەڵام ڕەنگە ئەم پرۆسەیە بۆ یۆنانی زمانێك، یاخود یۆنانیناسەکان، بە جۆرێك لە جۆرەکان کاڵتر بکەوێتەوە.

٢- قەسیدەکان لە (وێنە و واتە)ی چێژهەڵگردا بەرجەستە دەبن، هاوکاتیش دوو لەو خەسڵەتانەیش کە درێژیان دەکەنەوە، ئەم دوو چەمکانەن.

لە یەکێك لە قەسیدەکانی ئەم کۆشیعرەکەی (ئیلیتیس ئۆدیسیوس)دا دەکەوینە بەرانبەر شیعرییەتێکی چڕ کە قووڵ ڕۆچووەتە نێو (قووڕ- بوون)ی مرۆڤەوە و لەوێوەیش ئیش کردراوە لەسەر ئەم بونیادەی مرۆڤ و لایەنەکانی دیکەی، واتە دەقی (ئافراندن)، بەو واتەیەی کە لە یەکەم چوار دێردا نووسیویەتی:

(سەرەتا ڕووناکییە و کاتی یەکەمیشە
هێشتا قوڕبوون

لێوان

بۆ تاقیکردنەوەی شتانی گەردوون دەخەملاَن.) [5]

کەواتە: لە ڕێگەی ئەم وێنە و واتەیەی سەرەوە تێدەگەین کە شاعیر توانستێکی فرەی هەیە بۆ ئیشکردن لەنێو شتە گەورە و بچووکەکان و ئاخنینیان لەنێو شیعرییەتدا. لێرەوە، دەیەوێ مانیفێستی ئەمە بکا: زەوی، لە سەرەتادا پارچەیەك لە ڕووناکیی بووە و پێکهاتەکەیشی بەشێکی فراوانی بەر قووڕ (سەرەتای بوون و سەرهەڵدانی مرۆڤ، وەك بوونەوەرێکی سروشتی) کەوتووە، ئەمەیش دەردەکەوێ کە ئەم (پارچە قووڕ)انە شتگەلێکی دیکە و پێداویستیگەلێکی دیکە دەخەملێنن بەو کەرەستانەی کە دەکەونە بن دەستیان. هەر لێرەیشەوە دەتوانین ئێست بکەین و ئەمە بنووسین کە (واتە) و (وێنە)ی ئەم کۆپلە چڕە لەوێدا خۆیان هەڵدەگرنەوە کە چووەنەتە نێو جەوهەری مرۆڤەوە، ئیدی دەشێ بگەڕێینەوە کن ئەو بۆچوونەی (ئەحمەدی مەلا) کەوا لە پێشەکییە کوردییەکەیدا لەکنی وەهایە کە لایەنێکی ئەم دەقانە تێکچڕژانێکیان هەیە لەگەڵ کەلەپوور، بەڵام ئەم شیعرە بە شێوەیەك تێکەڵاوی کەلەپوور بووە کە مومکین نییە بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەم چەمکە و ڕامان لە پێکهاتەکانی، بتوانین بە قووڵیی لەبارەی کۆپلەکەوە بنووسین و بپەیڤین. ئەگەرچی بەشێك لە واتەی ئەم کۆپلەیە زوو دەستگیر دەبێت، بەڵام لە هەمانکاتیشدا دەکرێ باس لەمە بکەین کەوا لە دواتردا ئاڵۆزییەك بەڕێوەیە. بۆ نموونە لە هەمان قەسیدەدا ئەمە دەبینین:

**(لەوێندەرێ بە تەنیا تووشی**
**گەردوون هاتم**
**بێوچان هەنسکی دەدا.) [6]**

کاتێك بەرەو ڕووی وشەی (لەوێندەرێ) دەبینەوە، بە جۆرێك لە جۆرەکان ڕامانێك پەلکێشمان دەکا بەرەو خۆی و دەبێ بە قووڵیی سەرنج لەوە بدەین کە (واتە)ی ئەم وشەیە لە کوێدا بەبێ دەمامك یاخود بەبێ ئاڵۆزیی دەردەکەوێ، چونکە وەکوو لە سەرەوەیشدا ئاماژەمان پێ کرد: ئەم دەقە لە ئاڵۆزییدا هەڵدەقوڵێ، بۆیە دەشێ تەئویلی کورد زمان هاوشێوەی تەئویلی زمانەکانی دی نەبێ، بە تایبەتی (یۆنان)یی، چونکە ئەم دەقە سەر بەم زمانەیە.



وشەی (لەوێندەرێ) تەعبیر لە (سەرەتای بوونی مرۆ) دەکا، بەم واتەیەی کە شیعرەکەیش ئێستی هەرە چڕی بۆ ئەم پنتە کردووە و لەنێویدا وەکوو درێژبوونەوە درێژ دەبێتەوە، ئەمەیش لەمەوە دێ کە شاعیر بە کۆمەکی بیرکردنەوە گەڕاوەتەوە کن ئەم (سەرەتایە)، بەدەر لە ئەمانەیش، دەشێ باس لەمەیش بکەین کە شاعیر گەلەك بە بچووکیی (گەردوون) دەبینێ، یاخود لە پێش چاوی ئەودا وەها خۆی نمایان کردووە، بەڵام ئەوەی ناڕۆشن دەکەوێتەوە بۆ ئێمە، ئەوەیە: (بۆچی هەنسك دەدا؟ بۆ کێ؟ پاڵنەرەکانی ئەم هەنسکدانە چیین؟)، ئەمانە چەند پرسیارێکی گرنگ و سادەن کەوا لە سەرەتاییتریندا بەرەو خۆیان پەلکێشمان دەکەن و بە دوای (واتە)کانی شیعرییەتی ئەم دەقە و کۆد و سیمبۆڵەکانیدا دەمانگەڕێنن، بەڵام جوداواز لەم ڕوانینانەیش، دەشێ تیشکەکەمان بگوازینەوە سەر ئەمەی کە "گەردوون بۆیە هەنسك دەدا"، چونکە بوونەوەرێکی دی دەیەوێ لەنێویدا ئامادەگیی هەبێ و قووڵ بچێتە دووتوێی ژیانکردنەوە، ئەمەیش بە جۆرێك لە جۆرەکان (وێنە) و (واتە)ی دەقەکە تا ئاستێك ڕاڤە دەکا و ماندووبوونی خوێنەریش بەرەو کاڵبوونەوە دەبا، بەڵام قەسیدەکە هەمان قەسیدەیە.

کاتێك دەگەینە هەندێك لە دێرەکانی قەسیدەی یەکەمی ئەم کۆشیعرە، واتە: شیعری (ئافراندن)، دوو دێری سادەی فرەمەفهووم بەکێشمان دەکەن بەرەو (وێنە و واتە) گەلێ قووڵ، کە گەلەك جار بە شێوەیەکی ئێستێتیکییش دەنووسرێنەوە، وێدەچێ هەر ئەمەیش بێ کە بووبێت بە هۆی ئەمەی جۆرێك لە پارادۆکس لە کۆشیعرەکەدا بەدیی بکەین (لێرەدا مەبەستمان لە ئامادەگیی سادەییە، نەك چەندبارە کردنەوەی ئەم دوو دێرە)، چونکە، ئەگەر بێتوو بە قووڵیی و خوداوازیی تەماشایان بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە (وەکوو پێشتریش ئاماژەم بۆ کردووە) زمانی ئەم قەسیدانە ئەوەندەی لەگەڵ ئاڵۆزیی یەکتریی دەگرنەوە، تا ئەم ئاستە تەبا نیین لەگەڵ سادەیی، دەشێ ئەمەیش وەکوو یەکێکی دیکە لەو خاڵانە حسێب بکەین کە کۆدەکانیان بە سانایی نابەوە:

**(بە کورتی،**
**گەردوون تەنك و ڕژچوونیشی سەخت!) ٧**

لێرەدا، شاعیر ئەمەی مانیفێست کردووە کە دەشێ ئێمە بە سادەیی و تەنکیی لە گەردوون بنۆڕین، یاخود لە هەندێك حاڵەتدا وەها خۆی بنوێنێ، بەڵام ڕژچوون لەم

تەنكییەیش سەختە، ئەمەیش بە هەر شێوەیەك بێت دەمانگەڕێنێتەوە كن فەلسەفەی (والتەر بنیامین)، بە شێوەیەك كە ئەم پیاوەیش دەیویست بە شتە بچووك و پەراوێزكراوەكان، تەعبیر لە كێشە گەورەكان بكا و ئاكارە كوشندەكانمان پێ پیشان بداتەوە، دیارە ئەم دوو دێرەیش لەوێوە كۆك دەكەونەوە لەگەڵ بنیامین، كەوا وەستانن لەسەر كێشەیەگەلی بنچینەیی و هزریی و رۆحیی، بە واتەی ئەوەی كەوا هەموو ئەوانەی بە ساكاریی تەماشای تەنكاییەك دەكەن، وەهایان دێتە پێش چاو كەوا نێو ئەم تەنكاییەیش تەنكایی دیكەی تێدایە، بۆیە (ئیلیتیس ئۆدیسیوس) لە ڕێگەی دوو دێرەوە ئەم هەڵە بێئاگاییەمان بۆ ڕاست دەكاتەوە، ئەمەیش بە لایەك لەمەوە دێ كەوا لە جەنگدا بووە لەگەڵ هەموو شتە سەڵتەكان، لەلایەكی دیكەوەیش ئەمەمان بۆ بەیان دەكا كە ئەوی بیرنەكاتەوە گەردوونی وەكوو ئەوەی هەیە دێتە پێش چاو، بەڵام بۆ ئەو كەسانەیش كەوا پێچەوانەی ئەم ئەقڵیەت و بیرە دۆگمایانەن، گەردوون شتێكی دیكەیە و وەها بەرجەستە دەبێ كەوا لەگەڵ ویستی ئەوان كەساندا تەبا بێتەوە و لەسەر گومان پردێك بدۆزنەوە بۆ دیالۆگی نێوان گەردوون و مرۆڤ، هاوكاتیش، وێنە و واتە.

**ئەنجام:**

ئێمە لەم خوێندنەوەیەدا ویستوومانە ئەم كتێبە زێتر بە خوێنەری كورد زمان بناسێنێن و ئێستگەلێكیش بكەین لەسەر لێكۆڵینەوە قووڵەكەی (خاڤیە بورد)، لەوێوەیش دیسان بووەستینەوە و هەندێك ڕستەی ئەم لێكۆڵینەوەیە فەرەنسییە ڕاڤە بكەین تا بتوانین زیاتر شارەزا بین لە پێگەی شیعرەكانی (ئیلیتیس ئۆدیسیوس)، هاوكاتیش (بە شێوەیەكی گشتی) هەندێك خەسڵەت و تایبەتمەندییەتیی ئەم كۆشیعرە زێتر بكەینەوە، بەدەر لە هەموو ئەمانەیش، تێڕوانینگەلی خۆمان وەشاندووە لەبارەی یەكەم شیعری ئەم كۆ شیعرە، واتە: (ئافراندن)، ئەم تێڕوانینانەیش تەنها لەبارەی (وێنە و واتە)وە خراونەتە ڕوو، چونكە شیعرەكان هەڵگری هەموو ئەو خەسڵەتە گرنگانەن كە ئیبداع درێژ دەكەنەوە.



## پەراوێزەكان:

١ دێرێك شیعری ئەم شاعیرەیە (ئیلیتیس ئۆدیسیوس)، وەرگێڕانی لە فەرەنسییەوە (ئەحمەدی مەلا)، لە چاپكراو و وەشێنراوەكانی دەزگای ئاراس، زنجیرە ١٧٢، ساڵی ٢٠٠٢، ل ٩٥.

٢ ئەم چوار وشەیە ئێمە دامانناون، تەنها بۆ جوانتر كردنی دوو دێرەكە.

٣ ڕستەیەكی خاڤیە بورد-ە، بە دەستكارییەكی كەمەوە، بڕوانە پەراوێزی یەكەم، ل ٣١.

٤ گۆڤاری (ڕامان)، ژمارە (١٣١)، ل ٤، دێرێك شیعری (هەندرێن)ە، لە شیعری (لە تەوتەمی مامزەكانی قەندیلەوە)، بە كەمێك دەستكارییەوە، كۆپلەی (یەكەم)، دێری شەشەم.

٥ بڕوانە پەراوێزی یەكەم، شیعری (ئافراندن)، ل ٤٠.

٦ بڕوانە پەراوێزی یەكەم، ل ٤٠.

٧ بڕوانە پەراوێزی یەكەم، ل ٥٦.

## شانۆی کۆپنهانگنی جیهانی..

# زمانێکی هونەری و هاملێتی نوێ

شانۆی کۆپنهانگنی جیهانی (KIT) نێوەندی شانۆیی و دەزگایەکی کولتوریی سەر بە وەزارەتی ڕۆشنبیریی دانیمارکیە، زیاد لە ٢٠ ساڵە دامەزراوە و تا ئەمڕۆکە بەردەوامە، سەرپەرشتیارانی بایەخ بە درووست کردن و ئاڵو گۆڕکردنی پەیوەندی دەدەن لەنێوان کولتورە جیهانیە جیاوازەکان. بۆیە هەموو هاوینێك دانیمارك واخۆی دەنوێنێ کە وڵاتی کولتورە جیهانیەکانە، ئەوەش بەرەو شارەزای هونەری و بینینی زۆرترین نمایشی ئەزموونگەری و پێشڕەوی دەبات لەبواری شانۆی ئەزموونگەری و سەمای نوێ و میوزیك و سێرك و هونەری شێوەکاری- بینین. نمایشەکان تەنیا لە پایتەخت چڕناکرێنەوە، بەڵکو لەزۆربەی شانۆکانی شارە دانیمارکیەکان پێشکەش دەکرێن، ئەوە سەرباری بەشدارییەکانی تری، هەروەك چۆن لەگەڵ شانۆی ئەزموونگەری ٢ ش دەیکات. لەشاری فۆردن نیکبۆرك



فازڵ سودانی
وەرگێڕانی: بونیاد محەمەد



کە دەرهێنەری بە نەژاد ئیتاڵی نولو فاچینی سەرپەرشتی دەکات.

سەرپەرشتیارانی (KIT) هەڵسورێنەرانی ساڵانەی فیستڤاڵ لەوانە تریڤۆر داڤیس و گیمبل و کاترین ڤیرۆیتلی سوورن لەسەر ئەوەی کە دەبێ ئەو تیپ و شانۆیانەی بانگ دەکرێن ناسراوبن بە پێشڕەوێتی و بایەخدانیان بە ئەزموونگەرێتی، بەبێ ڕەچاوکردنی لایەنە بازرگانیەکان، بەبێ موجامەلە و ئامانجی سیاسی هەروەك لە فێستڤاڵە عەربیەکانمان ڕوو دەدات، لە هاوینی ڕابردوو ئەلکساندارای شاژنی دانیمارك چاودێری فێستڤاڵی وێنەی لە ئاسیای کرد، بینەر لێرە بەر دەوڵەمەندی هونەری ئاسیەوی کەوت، دیدار سازکردن لەگەڵ دیارترین سیمبولە هونەری و کولتوریەکان لەهەموو بوارەکان سازدرا بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی ئەزموونە دیارەکانیان لەوانەش پیتەر بروك و پیتەر کرینوای و فیلیب کلاس و ڕۆبرت ولسن و ئاریانا منۆشکین و ژان لۆی بارۆ.

### گەڕان بەدوای ئایندەی شانۆ

Kit نێوەندێکی شانۆیی و هونەری بینینە تیایدا کتێبخانەیەکی ئەرشیفی بۆ کاسێتی ڤیدیۆ گرتۆتە خۆی کە خزمەتێکی بێ ووچان پێشکەش بە توێژەران دەکات، بەڵام گەڕان بۆ گرفتەکانی شانۆ و هونەرەکانیتر پرۆژەیەکی دڵەڕاوکەیی ئەو زەمەنە بەیەکدا چووەیە. لەو دەوازەیەوە ئەو نێوەندە بەشداری کردووە لەچارەسەری کێشەکانی شانۆی ئەورووپی و جیهانی بەسازدانی دەیەها کۆڕ و سیمینار، بۆ گفتوگۆکردن لەسەر کێشەکانی ئەم هونەرە، لەکۆتایی ڕێگاکەدا ئەوە جەختکردنەوەیە لەسەر کەلێنی فیکری کە زۆربەی شانۆکانی ئەوروپا بەدەستیەوە دەناڵێنن، ئەو کارە پاڵی بە پیتەر بروکی ڕابەری دەرهێنەرە جیهانیەکانەوە نا بۆ بانگەشە و کارکردن لەسەر دامەزراندنی شانۆی ئایندە لەڕێگەی سوود وەرگرتن لە کولتوری ئەفریقیا و ئاسیا لە پێناو زیندوو مانەوەی شانۆ لە ئاوا بوونی ژیاری خۆرئاوایی، بەمانایەکیتر شانۆی خۆرئاوایی پێویستی بە گەرم بوونەوەی گەرمی خۆری خۆر هەڵات هەیە، ئەو حیکمەتە خۆرهەڵاتیەی کە بەرهەم هێنەری سووتانە ناخیەکەیە پێویستیەکە لە هونەری خۆرئاوایی، لەچوارچێوەی ئەو سیاسەتە هونەریە لەهاوینی ١٩٩٨ KIT سەرپەرشتی کرد بۆ پێشکەش کردنی نمایشی شانۆیی بۆ ١٦ دەوڵەت لە سەرانسەری جیهان، نمایشی (**Circus Gosh**) دیارترین ئەو کارانە بوو کە نمایشێکی میوزیکی بوو، متمانەی کردبووە سەر (سێرك.. جەستە..

کابارێی ئەڵمانیا و کەنەدا و فەرەنسا لە پێشکەش کردنی بەشدار بوون، لەدەرهێنانی (مایکل دالیر) ی کەنەدی بوو.

## سینۆگرافیا و شانۆی وێنەیی

ئەوەی سەیری نمایشەکانی فێستڤاڵی هاوینە بکات کە هەموو ساڵێك ساز دەکرێ بەسەرپەرشتی شانۆی کۆپنهانگنی جیهانی (KIT) تێبینی ئەوە دەکات کە نمایشە ئەزموونگەریەکان بەوە خۆیان جیا دەکەنەوە، متمانەیان لەسەر جولەی فیزیکی بۆ جەستە و شانۆی وێنەییە لەپێناو گەشەسەندنی زمانی شانۆی هاوچەرخ، لەپرۆژە سەرسورهێنەرەکان، پرۆژەی سینۆگرافیا و وێنە بوو کە سێ ساڵی خایاند و لە ساڵی ٢٠٠١ تەواو بوو، ئەوەش کۆمەڵە پرۆژە و نمایش و وێنەی زیندوو و پیشانگای شێوەکاریی ئەزموونگەری بوو، هەشت هونەرمەند پێی هەڵسا بوون لە ئەمریکا و یابان و برازیل و ئەفریقیای باشور و بەریتانیا و ئۆکرانیا و دانیمارك.

## ئینسکلۆپیدیای گەردوونی

لەئاسۆیەکی تردا (گرینوای پیتەر) دەرهێنەری سینەمایی پرۆژەیەکی گەورەی خستە ڕوو کە (سەد بابەت بۆ ناساندنی جیهان) لەڕێگەیەوە ئەکتەران و خوێندکارانی پەیمانگا هونەریە جیاوازەکان نمایشێکی هونەریان پێشکەش کرد لەسەر شێوەی ئینسکلۆپیدیای گەردوونی، بە بەکارهێنانی فیدیۆ و ئۆپێرا و فیلم و جەستەی زیندوو و میوزیکی زیندوو، ڕوناکیش وەك بابەتێکی بینین و شێوازە هونەریەکانی تر سەراپاگیریەکی دابووە نمایشەکە، هەمموو ئەمانەش تێکەڵی سێ لە فیلمەکانی کرابوو کە بریتی بوون لە چێشتخانە، دز، هاوسەرەکەی و دۆستەکەی.

ئەوە فۆرمێکی شانۆیی نوێیە بەهەمموو مانای ووشەکە، دەرهێنەر لەنمایشە نامۆکەی ڕێبەرایەتیمان دەکات بۆ گەشتێك بە جیهانی کۆن و نوێ، بە ئادەم دەست پێدەکات تا دەگا بە گرنگترین ڕووداوەکانی جیهانە هاوچەرخەکەمان، سەرباری ئەوەی دەرهێنەر ئاوێتە بوونێکی کردووە لە نێوان واقیع و نێوان ڕووداوێکی خەیاڵی و ئەبستراکتی، بەڵام دوور دەکەوێتەوە لە ڕاستەوخۆیی.

لەو ساڵە نزیکانەی دوایی زۆر لە دیدگای نوێی دەرهێنان بۆ شانۆگەری شکسپیر پێشکەش کراوە، هەروەك چۆن لە شانۆگەری یۆلیۆس قەیسەر کە کاستیلۆ سیسی دەرهێنەری ئیتاڵی بەزمانێکی شانۆیی نزیك لە وێردو شیعری هاوچەرخ، بەبێ متمانە



کردن لەسەر لابردنی هەرەمەکیانەی دەق، بەڵام نمایشەکەی تر کە تووشی سەرسوڕمان و گفتوگۆی کردین (لیری ئاسیەوی)، کە تیایدا جوانکاری هونەری ئاسیەوی بەو شێوە نڤاریە بەکار هێنابوو بۆ پێشکەشکردنی (لیر) ی ئاسیەوی (ئەگەر دەستەواژەکە ڕاست بێت) دڵنیایەکی بەخشی بەوەی گەرمی خۆرهەڵات و ئەفسانە و دینامیکیەتی سرووتەکانی جەخت لەسەر جیاکردنەوەی شانۆی ئاینده دەکەنەوە، تەنانەت دەست نیشانی داهاتووی شانۆی جیهانی دەکەن.

## دانیمارك زیندانێکی گەورە

لە قەڵای شاری هلسنیۆری مێژوویی کە ساڵی ١٨٥٤ درووست کراوە هەموو ساڵێك چەندین جار شانۆگەریی (هاملێت) ی شکسپیر پێشکەش دەکرێ، تاوای لێهاتووە قەڵاکە بەناوی ئەو و شاری هلسنیۆری ئارام ناویان ناوە، شارێك لەکەناری دەریا کە تائێستا ئەفسوونەکەی کە تووشی سەرسامیمان دەکات بەڕابردووی سەدەکانی ناوەڕاست، دەگوازرێتەوە بۆ فێستڤاڵی هاوینەی هاملێتی- شکسپیری، زۆربەی گەشتیاران لەسەرانسەری جیهانی سەردانی دەکەن، کە ڕێگایان پێ دەدرێت بە بینی تەواوی قەڵاتەکە بەهەمموو هۆڵ و ژووری نووستنی پاشا ڕاستەقینەکان و هەمموو پاشگرەکانی تر، لە نمایشەکانی هاملێت کە پێشکەش کراوە کە گرنگی خۆی هەیە لە دیدگای دەرهێنان، لە دەرهێنانی لیتوانی ئیمۆنتاس تگۆسیۆس، متمانەی کردبووە سەر زمانی دەرکەوتنی نوێ، دەرهێنەر بەتەنیا متمانەی نەکردبووە سەر ئەکتەری زیندوو، بەڵکو ماتریال و کەرەستە ڕاستەقینەکان بوونێکی نوێی پێ بەخشیبوو لەناو دەقی شکسپیری، بە بۆچوونی من ئەوە نووسینێکی نوێیە بۆ دەق و نمایشی شانۆیی دیدگایی (کە زۆر لە دەرهێنەرانی عەرەب خەونی پێوە دەبینن) بەڕاستی نمایشێکی کاریگەر بوو، دەرکەوتنێك بوو بە پلەیەك کە باوەڕ ناکەی بەوەی دەیبینی، هەروەك لە ڕۆژنامەی (LA REPUBBLICA) هاتبوو "بەهیچ شێوەیەك هاملێت بەو شێوەیە نابینی، تۆ نمایشەکە دەبینی و هەناسەکانت زیندانی کراون" لەساڵی ڕابردوو هەمان تیپ هاملێتیان پێشکەش کردەوە، لەگەڵ هەندێك دەیالۆگ و گۆڕانکاری لە پێناو قووڵ بوونەوەی دیدگا و وێنەی شانۆیی، دواتر بەکارهێنانی فراوان بۆ کولتوری لیتوانی، ئەوەش هەروەها لەسەمای کۆتایی نمایشەکەیان ڕوون بوو.

بەڵام هاملێتی ئینگلیزی لە دەرهێنانی بیڵ ئەلیکسەندەر و پێشکەش کردنی شانۆی

پێرمێنگهام بوو، کە لەدەربڕیندا متمانەیان لەسەر قوتابخانەی ئینگلیزی کردبوو، هەروەها دابەشکردنی هارمۆنی ووردبین بۆ جولەی ئەکتەرەکان لەسەر تەختەی شانۆ، بەڵام ئۆفیلیای ڕەش بەجلی سپییەوە، ئەوەش بۆ جەخت کردنەوە بوو لەسەر بەرکەوتن و دڵەڕاوکە لەنێوان ئەوینی بۆ هاملێت و قێزەونیی مرۆڤەکانی دەوریان داوە لەو میرنشینی پیلانگێڕی و یاخود ئەو زیندانە مەزنەی کە شیاو نیە و لە بوونی ئەو تێناگات، بەڵام گرنگ ئەوەیە دەرهێنەر دەرگا و پەنجەرە و دەلاقەی ڕاستەقینەی بۆ قەڵاکە بەکار هێناوە، بۆ ئەوەی ئەکتەرەکان لە دەرەگاکانی بێنە ژوورەوە و بچنە دەرەوە، بینەریش ئەو کونج وکەلەبەر و دەرگای ڕارەوە تاریکەکان ببینێت، هەندێ کاتیش سێبەری ئەکتەرەکان لەسەر دیواری قەڵاکە پێچەوانەوە ببنەوە، تاوەکو ئیحایەکی کابووسی شوێن و کاتەکە بدات، سەرباری ئەوانە نمایشەکە بە کارێکی کلاسیکی نەریتی دەمێنێتەوە.

دوا ئەزموون کە سەرنج ڕاکێش بوو پێشکەش کردنی شانۆگەری هاملێت بوو لەلایان تیپی شانۆی دانیمارکی گەڕۆك کە پێك هاتوون لەدوو ئەکتەر و دوو میوزیکژەن یەکێکیان لەسەر پیانۆیە و ئەویتریش چەلۆ دەژەنێ، چیرۆکی هاملێت بە دارشتنەوەیەکی ئازادانە ئەنجامی داوە بۆ ئەوەی بۆ گەورە و منالٌ پێشکش بکرێت، هەر لەسەرەتاوە دەتوانین پێشبینی ئەوە بکەین نمایش بەپەیڤی هاملێت دەست پێدەکات، هەمیشە واباوە ئەو پەیڤە لەکۆتایی شانۆگەریەکە دەیبیستین، مەبەستمانە لەوەیە "ئەوەی ماوەتەوە بێدەنگیە" کەچی ئەکتەرەکە لەمردنی خۆی هەڵدەستێتەوە لەگەڵ هاورێکەیتری پێدەنێت کە ئەو دوو ئەکتەرە مۆسیقاژەنیشن، دواتر دەست دەکەن بە گێڕانەوەی چیرۆکی پاشای دانیمارکی بەختەوەر هاملێت بەبێ ئۆفیلیا کەیەکێکیان نواندنی تیا دەکات، هەورەها هەردووکیان کۆمەڵێك کەسایەتی تر تەمسیل دەکەن، ئەو حالەتەش بۆتە هۆی ئەوەی نامۆبوون و گرۆتیسك بخولقێنن، هەولێشیانداوە دیکۆر و ئێکسوار بەکارهێنانی ئەو توانا بەشدارە زیندووە کاریگەرە بێت لەنمایشەکەدا، بۆنموونە ئامێری چەلۆکە دەکەن بە تابووت بۆ ئۆفیلیا دوای ئەوەی پارچە قوماشێکی پێدا ئەدەن و بەشێوەیەکی ڕیتوالی تێدەپەڕن، لەکۆتاییدا هۆڕاشیۆ ئاگادارمان دەکاتەوە "ئەوە چیرۆکی مەرگی هاملێتی پاشای دانیمارکی هاورێم بوو، من هۆڕاشیۆی هاورێی تا ئێستا زیندووم" وەك شایەتیەك دەیڵێت بۆ دادگا.



هەروەها دوو نمایشیتر بۆ هاملێت کراوە، یەکێکیان لەرێگەی سەمای نوێ لەلایان دەرهێنەرو کیریۆگرافی نەمساوی (**Brandstrup kim**) و تیپەکەی (**Dance Company Art**) هەر وەك ڕۆژنامەکان ئاماژەیان بۆ کرد کە دانیمارك توانی لەرێگەی نمایشی هاملێت ڕاهێنەر و دەرهێنەرێکی نوێ کەشف بکات، دەرهێنەرەکەی لەزانکۆی کۆپنهانگن سینەمای خوێندووە، لە لەندەنیش سەما، تەکنیکی سینەمایی هاودژ کردۆتەوە لەدیزاینی جیهانی نمایش هەروەها لەتەئویلی بینین، ئەوەشی لە جولە وسەما و وێنەی گوزارشتکەری ووردبین بۆ گوزارشت کردن لەو تراژیدیا شکسپیریە، لەبەر ئەوە ڕەخنەگران کۆبوونەتەوە لەسەر ئەوەی کە نمایشەکە خۆبەخۆییە وەك فۆرمێکی شانۆیی بنیاتنراو لەسەر جەستە و پانتایی و ڕووناکی و ڕەنگ، زۆر لەڕۆژنامە سەرەکیەکان لەسەر ئەو دوو ئەکتەرەیان نووسی و یۆلاند بۆستن ئاماژە بۆ ئەو ئەکتەرە دانیمارکیە (**Albinus Jen**) دەکات، چونکە بەووزەیەکی جەستەیی و ڕۆحێکی تۆکمە هاملێتی دەرخست، کۆنترۆڵی خۆی سەپاندە سەر بینەری دانیشتووی باخچەی قەڵایەکی مێژوویی. هەموو ئاماژەو جولە و تێپەڕینێکی کاریگەر و مانای ڕوون بوو، کچە ئەکتەر (**Kirsten Olsen**) زیندوویەتی و ناسکی بۆ کەسێتی شاژن گلترود و هەڵسان بەنواندنی ئۆفیلیا جەختی لەسەر بەهرە سەرکەوتووەکەی کرد.

نمایشەکەی تری هاملێت لەباخچەی کۆشکی (Rosenborg) پاشایەتی مێژوویی نمایش کراوە لەلایان تیپی (**TNT**) ئینگلیزی بۆ دەرهێنەر بۆل ستنینگ کە زۆر شانۆگەریتری شکسپیری دەرهێناوە وەکو ماکبێس و شانۆگەری خەونی نیوە شەوی هاوینە و زۆریتر

وتار

# دۆڵی گورگەکان یان رامبۆی تورکیا

نزار جاف

بە درێژایی مێژووی نوێی تورکیا و دامەزراندنی کۆماری تورکیا لە دوای دارمانی دەوڵەتی عوسمانی هەوڵی ئەوە دراوە و دەدرێت، کە ناوەڕۆکی ئاراستە سیاسییەکانی تورکیا لە هاوتاکانی دەوروبەری لە ناوچەکەدا جیاواز و تایبەتیتر بێت. لێرەشدا، پێویستە هەڵوەستەیەکی یەکجار تایبەتی لەمەڕ جۆر و شێوازی ئەو گۆڕانە سیاسییە ـ فیکرییەی کە مستەفا کەمال ئەتاتورك لەسەر ئاستی تورکیا جێبەجێی کرد، بکەین و تیشك بخەینەسەر ئەو چوارچێوەی، کە بۆ ئەتاتورك دیاریکرا سەبارەت بە شێوە و ناوەڕۆکی دەوڵەتی فەرمانڕەوا لە تورکیا لە دوای نەمانی دەوڵەتی عوسمانی. بێگومان ئەو جۆر و شێوازی گۆڕانەی، کە بە سەر تورکیادا هات لە دوای






رووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی، بەرجەستەکاری یەك راستی گرنگە کە ئەویش بریتییە لە چەسپاندنی سیستەمێکی سیاسی ـ فیکری ـ کۆمەڵایەتی، کە بتوانێت لە ئاستی کاڵکردنەوە و لاوازکردنی هەژموونی فیکری ـ کۆمەڵایەتی ئایینی ئیسلامدا بێت، کە بۆ ماوەی چەندین سەدە باڵادەست و زاڵبوو بە سەر هزر و وێژدانی کۆمەڵگەی تورکیدا. ئەتاتورك، لەگەڵ ئەو هەموو سەختییانەی هاتنە رێگەی لەلایەن شەقامی تورکییەوە، بەڵام سەرەنجام بە هۆی ئەو پشتیوانییە مەزنەی خۆراوا و ئەو نا ئومێدییەی خودی گەلی تورکی لە دەسەڵاتدارییەتی عوسمانی، ئەو سیستەمە بە ناو عیلمانییەی ئەتاتورك سەرکەوتنی بە دەست هێنا و بووە تەنها رێگەیەکی رزگاری و بنیاتنانەوەی ئاییندەیەکی نوێ بۆ تورکیا. بێگومان رەخنە و تانە و تەشەر لەو ئەزموونە عیلمانییەی کەمال ئەتاتورك، بەتایبەتی لەلایەن وڵاتانی ئەوروپییەوە هێندە زۆرن، کە ناتواندرێت لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا دەستنیشان بکرێن. بە شێوەیەکی تایبەتی لەو رووەوەی کە سەرتاپای ئەو سیستەمە عیلمانییەی ئەتاتورك تەنها زەمانەت و پارێزەرێکی کە بتواندرێت پشتی پێ ببەسترێت، خودی سوپای تورکیایە و عیلمانییەکانی وڵاتانی خۆراوا بە گشتی و ئەوروپی بەتایبەتیدا هەیە، چونکە ئەم

ئەزموونانە تەنها زەمانەت و پشتیوانییان بە یاسا و دەستورەوە بەستراونەتەوە و سوپا بە جۆرێکی یەکجار دیاریکراو لە دەرەوەی ئەو بازنەدایە، بەڵام بەو هەموو کەم و کورتی و نوقستانییەی کە سیستەمی بە ناو عیلمانی تورکیا هەیەتی، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا، رۆشنبیران و بیرمەندان و هونەرمەندانی تورکیا هەوڵێکی ئەوتۆیان داوە بەسەر لایەنە نێگەتیفەکاندا باز بدەن و پەیامێکی وا ئاراستەی جیهان بە گشتی و وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەتی بکەن، کە تیایدا روونی بکەنەوە تورکیا لە سایەی ئەو سیستەمەدا بۆتە هێزێکی سەرەکی نەك تەنها لەسەر ئاستی ناوچەکە، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش. هەر بەم ئاراستەیەش، زنجیرە درامای تەلەفزیۆنی( Kurtlar Wadese) واتا"دۆڵی گورگەکان"کە لە ساڵی ٢٠٠٣دا بەرهەمهێندراوە و لەم دواییەدا دۆبلاج کراوە بۆ سەر زمانی عەرەبی و لە کەناڵی ئاسمانی(ئەبو زەبی)یەوە بەخش دەکرێت. هەوڵ دراوە لە میانەی ئەڵقەکانیدا جەخت لەسەر رۆڵی گرنگی و تەوەری تورکیا لەسەر هەموو ئاستەکان بکرێت و لە زۆر کاتیشدا پێش لەسەر ئەوە دادەگیرێت، کە رووبەری هەژموون و دەسەڵاتی سیاسی و سەربازی و ئەمنی تورکیا، هەموو سنوورەکان لە کاتی پێویستدا دەبەزێنێت و دەبێتە حەریف و رکابەری وڵاتی بەهێزی وەك ئیسرائیل و زلهێزی وەك ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و روسیا.

زنجیرە درامای دۆڵی تورکەکان، کە تیایدا جۆرە باکراوندێکی هۆشیارانە بە هزر و بیری تورکی دەکرێت و پێشینەی هەژموونی سیاسی و فیکری و کۆمەڵایەتی و ئابووری تورکیا بۆسەر ناوچەکە و جیهان نیشان دەدرێت و تورکیا وەك تەنها زەمانەتێکی سەقامگیری و ئاشتی لە ناوچەکە و جیهاندا پیشان دەدرێت و ئاماژەش بە پێچەوانەکەیشی بە جۆرێکی زەق دەدرێت. ئەو زنجیرەیەی کە لە ساڵی ٢٠٠٣دا و لە گەرمەی داستانی دارمانی رژێمی بەعسدا، بەرهەم هێندراوە، زۆر بە روونی دیارە کە دەزگای هەواڵگری تورکیا"میت"ی لە پشتەوەیە و لە زۆر دیالۆگ و دیمەندا، بینەری هوشیار بە سادەیی هەست بەوە دەکات و بۆی دەردەکەوێت، کە وتارێکی تایبەتی خۆی لە ناو دەقی ئەو زنجیرە درامایەدا حەشارداوە. ناو بە ناو تیشکی سەوز و سوور لەسەر ئەم بابەت و ئەو بابەت دادەگیرسێنن و وای دەردەخەن، کە بنچینە سەرەکی سەرکەوتنی هەر پرۆسەیەکی سەربازی یان سیاسی یان ئەمنی و تەنانەت



یان نایاسایی باندەکانی مافیاش، تەنها بە بەشداریکردنی تورکیاوە بەستراوەتەوە. لەو زنجیرە دراما تورکییەدا، کە ئێستا بینەری عەرەبی بە پەرۆشەوە تەماشای دەکات و ئەو ناوەرۆك و مەبەست و ئامانج شاراوانەی کە خنراونەتە ناو ئەڵقە پڕ لە ئەکشنەکانی، هەوڵ دەدرێت بە ژیرانە بگەیەندرێت بە هزری ئەو بینەرە. ئەوەیشی، کە پتر سەرنجی مرۆڤ بۆ ئەو زنجیرە دراما تورکییە پڕ لە مەبەستی سیاسی و فیکری و ئەمنی و تەنانەت رەگەزپەرستانەش رادەکێشێت، ئەو بەرجەستەکردنە نا ئاساییەی هێز و توانای هزری تورکی و تێڕوانینی دووربینانەی بۆ ئاییندەی تورکیا و ناوچەکە و جیهان، پێشبینی بۆ هەموو پێشهات و گۆڕانکارییە سیاسی ـ سەربازییەکانی جیهان. ئەو زنجیرە درامایەی کە سەرکەوتنێکی یەکجار گەورەی لە تورکیادا بەدەست هێنا، باسی ئەنجومەنی گورگەکان دەکات کە جیهانی ژێر بە ژێری تورکیا حوکم دەکات و لە شاری ئیستەنبولەوە بەسەرهاتەکانی ئەو زنجیرە درامایە دەست پێدەکات و بەسەرهاتی پیسترین و نابەجێترین پرۆسەکانی بازرگانیکردن بە مادە سڕکەرەکان و شۆردنەوەی پارە و تەنانەت بازرگانیکردنیش بە مرۆڤەوە نیشان دەدات. رووداوەکانی ئەو کارە درامییە، دەربارەی کەسایەتی(عەلی جاندان) دەدوێت، کە ئەکتەری تورکی(نەشئەت شاشماز) بەرجەستەی دەکات. عەلی جاندان ئەو منداڵەی لە پەناگەیەکی منداڵانی بێ باوك دەردەهێندرێت و پاشان دەبێتە ئەفسەری هەواڵگری و بۆ ماوەیەك وەك دیبلۆماتێکی تورکی لە کونسولگەری وڵاتەکەی لە کۆسۆڤۆ کاردەکات، بە هۆی پێویستی بە تواناکانی بانگەشە دەکرێتەوە بۆ تورکیا و لەوێش بەرپرسەکەی(ئەسلان ئەکیی) داوای لێدەکات لە رێگەی پرۆسەیەکی یەکجار نهێنییانەوە دزەبکات بۆ ناو جەرگەی باندەکانی مافیا و سەروژێری دەکاتەوە.

هەڵبەتە ئەوەی ئێستا لە کەناڵی ئەبوزەبییەوە نمایش دەکرێت، بەشی یەکەمی ئەو زنجیرە درامایایە و بەشی دووەمی و سێیەمی، بە هۆی فشاری ئیسرائیلەوە رێگە نەدرا بە نمایشکردنی و راپۆرتی تایبەتی گوزارشت لەوە دەکەن، کە ئیسرائیل هەوڵیداوە بەخشکردنی ئەو زنجیرە درامایە لە ئەبو زەبییەوە رابگرێت، بەڵام بەرپرسانی ئەو کەناڵە ئاسمانییە جەختیان لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە بەشی یەکەم تا کۆتایی نمایش دەکرێت و روونیشیان کردۆتەوە کە هەر لە سەرەتای کارەوە فشاریان کراوەتەسەر تا

نەچنەژێر باری ئەو کارەوە. بێگومان هەڵوێستی ئیسرائیل بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە بەسەرهاتەکانی ئەو زنجیرە درامایەدا، باسی هەژموونی نا ئاسایی ئیسرائیل لەناو تورکیادا دەکرێت و ڕۆڵی(پیس ونابەجێ)ی ئەو وڵاتە لە پرۆسەی نابەجێ و نا یاسایی و تاوانکاری، کە لە تورکیادا ڕوودەدات. دۆڵی گورگەکان، ڕۆڵ و نەخشەی باندەکانی مافیا لە پرۆسە ئیستراتیجییەکانیشدا نیشان دەدات و دەریدەخات، کە مافیای تورکی گوێ ناداتە هیچ بەربەستێك بۆ گەیشتن بە ئامانجی مادی خۆی و تەنانەت ئەگەر فرۆشتنی چەکیش بێت بە کوردەکانی عێراق! لە هەندێك دیمەنی ئەو کارە درامییە تورکییەدا، زۆر بە خەستی سەرنج دەخرێتە سەر دۆسییەی کورد بە گشتی و ئەزموونی سیاسی باشووری کوردستان و سەرتاپای ئەو دۆسییەیە و ئەو ئەزموونەش وەك پلانێکی ئیسرائیلی ـ ئەمریکی بۆسەر ئاسایشی نەتەوەیی تورکیا دادەنێت و بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوایەتی کوردیش، وەك یەکێك لە بازنە و باندەکانی مافیا نیشان دەدات. لە کاتێکدا کە بە جوانی سەرنج دەخاتە سەر ئەوەی، کە باندەکانی مافیا بە تەواوی لەژێر کۆنترۆڵی دەزگا تایبەتییەکیانی هەواڵگری تورکیدان. لە دیمەنی دیکەی زۆر سەیر و سەمەرە و گاڵتەجاڕ ئامێز، نووسەرانی ئەو زنجیرەیە(بەهادەر ئویزدەنیر، راجی ساسماز، محەمەد تۆرگوت، ئەحمەد یورداکول)، ئاماژە بەوە دەدەن، کە گوایە هاتنی ئەمریکا بۆ عێراق(پلانێکی داڕێژراوە)لەدژی تورکمانەکانی عێراق و کوردەکان ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینن لەو کودەتایەدا و کاتێك تورکمانێکی عێراق لە دیمەنێکی ئەو سریالەدا داوا لە(ئەسلان ئەکیی) ئەفسەری باڵادەستی هەواڵگری تورکیا دەکات، کە وڵاتەکەی دەستتێوەردان لە عێراقدا بکات. ئەسلان ڕاستەوخۆ پێی دەڵێت" چاوەڕوانی کاتی گونجاوین و هەروەك چۆن لە قوبرس لە کاتی گونجاودا ئەو کارەمان کرد!

ئەو زنجیرە درامایە، کە تورکیا لە یەك کاتدا وەك کۆترێکی ئاشتی و هەڵۆیەکی شەڕەنگێز نیشان دەدات، کۆشش دەکات، کە سەرنجی بینەری تورکی بۆ ئەوە ڕابکێشێت، کە دەزووی هەموو بابەت و دۆسییە گرنگەکان لە دەستی تورکیادایە و تەنها ئەوە کە دوا بڕیاری چارەنووسساز لەوبارەوە دەدات. ئەوەیشی، کە پتر جێگەی تێڕامان و هەڵوەستەکردنە، زنجیرە درامای دۆڵی گورگەکان لە دوای کۆمەڵە



نشووستی سیاسی و سەربازی و ئەمنی تورکیای یەك لەدوای یەکدا هات و هەوڵ دەدات بە هەمان ئەو شێوازەی کە فیلمی(رامبۆ)ئەمریکی چارەسەری دەرەنجامە دەروونییەکانی بەزین و نشووستی هێنانی ئەمریکای لە ڤێتنامدا کرد. لە ڕێگەی ئەو دەزگا هەواڵگرییە تایبەتییەوەی، کە لە دەرەوەی بازنەی یاسا و دەستوری تورکیادا دەجوڵێتەوە، رامبۆیەك لەسەر شێوازی تورکی نمایش بکات. گەرچی دەرهێنەری ئەو زنجیرە درامایە(عوسمان سیناڤ) توانی سەرکەوتنێکی باش بەدەست بێنێت لە پێشکەشکردنی دیمەنی پڕ لە ئەکشن و جوڵە و تەکنیکی پێشکەوتووش لە دیمەنەکاندا بەکار بێنێت، بەڵام وەك دەق ئەو زنجیرە درامایە ناتوانێت بینەری غەیرە تورکی تەفرە بدات و شتەکانی بە هەڵەوەگەڕاوی نیشان بدات، هەرچەندە پێی دەچێت تا ڕادەیەك ئامانجی خۆی لەلای بینەری عەرەبی بەدەست بێنێت بەتایبەتی کاتێك باسی مەترسی کورد دەکات بۆسەر ئاسایش و سەقامگیری ناوچەکە، چونکە عەرەب(تورك و فارس ئاسا)لەبری ئەوەی بیر لە بنچینەی کێشەکە بکەنەوە، خۆیان بە شتی تری دوور لە ڕاستییەوە خەریك دەکەن و کێشەی کورد و زۆر کێشەی ڕەوای دیکە کە چاوەڕوانی چارەسەرکردن لەلایەن عەرەب و تورکیا و ئێرانەوە دەکات، لە چوارچێوەی تیۆری پلاندارشتن لەدژی ئاسایشی نەتەوەیی ئەو نەتەوە باڵادەستانەی دادەنێن.



# سێرگی یێسنین
# ١٨٩٥-١٩٢٥

ئا: عەبدولرەحیم سەرەڕۆ

تەمنێکی کورتو بەهایەکی راستەقینەی ئەوشاعیرە دێنشینەی بەسەر هەموو جیهاندا باڵی گرتو لە ئاکامدا لە خاكو زێدی خۆشەویستی خۆیدا گیرسایەوە .

ساڵی ١٨٩٥ لەشەوێکی سەرمابردەی سەهۆڵبەندانی وڵاتی رووسیادا لە هەرێمی (رۆیازیان) کوێرەدێیەکی تژی بە ژانەکانی حوکمی قەیسەریو نەبوونیو ئازارەکانی سەختی بژێویدا لە (کۆنستانت نینقۆ) منداڵێکی قژزەردی چاوشین یەکەم هەناسەی ئەم دنیایەی هەڵمژی کە ئێمەی لەسەردا دەژین .

سەختی ژیانی کۆمەڵۆ کومی دەرامەتو نەهامەتیونەبوونی بژێوی ئەم منداڵەی لە تەمەنی دوو ساڵیدا لە ماڵی باوانی دوورخستەوەو لە نازی دایكو باوکی دابڕاو لە دێیەکی خواروترەوە لەگەڵ داپیرەیدا ژیانێکی نوێی دەستپێکرد .

لەگەڵ سێ برا هەڵەشەکەی تریدا بە گەمەو گەپجاڕەیی کاتیان بەسەردەبردولە تەمەنی چوار



ساڵیدا داپرەی فێری ئەسپ سواریولە پاشان فێری مەولەوانی بوو .

سێرگی مناڵێکی بزێوو چەقاوەسوو بوو ، زۆر ئارەزوومەندی زۆران بوو ، زۆرکات بەسەری شکاویو دەموڕووی بریندارو خوێناوییەوە دەگەڕایەوە ماڵو بەر لە چاکبوونەوەی برینە کۆنەکەی برینێکی نوێی بە خۆوە دەدیت . وەك هەر منداڵێکی دێهاتی تر بە مەبەستی راوەمەلو دۆزینەوەی جوجکەو تێکدانی هێلانەکان بە دارە بەرزەکاندا هەڵدەزنا .

هەموو یەکشەمانێکیش لەلایەن داپرەیەوە دابرایە کلێساو فێری تالوومە ئایینیەکان دەکرا ، داپیرەی کەزۆری خۆشدەویست لە رێی گێڕانەوەی داستانو ئەفسانە رووسیەکانەوە هەروەها دایەنەکەشی بە هەمان شێوە بوون بە یەکەم فێرگەی ئەم منداڵەو پانتاییەکی گەورەیان لەسەر بەهرەکانی ئەم منداڵەدا جێهێشت .

لە تەمەنی (١٢) ساڵیدا چوە بەر خوێندنو لە قوتابخانەی ئامادەیی مامۆستایانی ئایینی . خێزانو خێوگەی ئەو منداڵە زۆر بە پەرۆشەوە بەو ئاواتەوە بوون کە سێرگی ببێتە پیاوێکی ئایینی بلیمەت . بەڵام لە تەمەنی (١٦) ساڵیدا خوێندنی پەیمانگەی مامۆستایانی ئایینی مۆسکۆی رەتکردەوەو خووی دایە هاتوچۆکردنی کتێبخانەیەکی گشتی نزیك (کلێساکە) کە قوتابخانەکەی خۆیبوو ، بە ئارەزوویەکی زۆر دژوارەوە کەوتە خوێندنەوەی (پۆشکینو لێرمانتۆف)و بەرلەوەش لە تەمەنی نۆساڵییەوە ئارەزووی شیعری تیادا قەریحەی بەستبوو ، لەوەوە ئەو سەردەمی خوێندنە بوو بە یەکەمین دەرگای کارکردن خوێندنو نووسین لە بوارەکانی شیعردا .

لە ساڵی ١٩١٢دا لەگەڵ باوکی بە نیازی دۆزینەوەی کارێك بۆ کەمکردەوەی سەختی حەسرەتی باری بژێویان بەرەو مۆسکۆ گوزەریان کردو لە یەکێك لە ستۆڕەکانی مۆسکۆدا دەست بەکاربوونو پاش دە رۆژێك سێرگی یێسنین لەگەڵ باوکیدا بوو بە بە شەڕو ئەم شاعیرە ئەو رێنماییانەی باوکی پێقبووڵ نەبوو کە بۆ خانمی خاوەن ستۆرەکە دەست لە سەرسنگ بوەستێت تا خانم بە لافو گەزاڤێکەوە تێپەر بێت ، ئەوە بوو بەرووی خانمەکەدا تەقیەوەو پێی وت " خانم ئەم رەفتارانەی بەسەرمانیدا دەسەپێنێت زۆر لە گیانی ناسکی شیعرەوە دوورەو بە من پەسەند ناکرێت" . ئەویش دەست بەجێ بریاۆری ترۆکردنی دەردەکاتو پێی دەڵێت " ئێرە خەزنەو حەماڵیوو بارکردنە .. برۆ لەلای شیعر نانی خۆت پەیدا بکە "

سێرگی بێ یەك‌ودوو بریاری ئەوەدەدات کە بێکاری زۆر لەو کارانە باشترە کە لە جیهانی بەرینی شیعری دوورخاتەوە ، لە ساڵی ١٩١٣دا بوو بە هەڵەچنی چاپخانەیەك‌و تا کۆتای ساڵی ١٩١٤ و لە پاشاندا بوو بە کارمەند لە چاپخانەیەکی تر .

دەزگاکانی راگەیاندنی مۆسکۆ نەیاندەویست دان بە بوونی یسنیندا بنێن کە شاعیرێکی خاوەن توانست‌و بە بەهرەیە هەر لەبەر ئەوش بوو کە هەوڵی دا یەکەمین ئەزموونی شیعروتنەوەی خۆی لە شاری (بترۆگراد )ی پایتەختی ئەدەب‌و هونەردا بینیەوەو بیرژەنی ئەوەشی‌کرد کە ئەگەر تووشی هەر نوشوستێك هات بگەرێتەوە لە کارگەکانی راڤائیلدا کاربکات .

هۆگری هۆنراوەکانی سێ شاعیری بەر لەخۆی‌و خۆشەویستی بۆ وشەو زمان‌و خەیاڵی فراوانی شیعری‌و تەجرەبەو خوێندنەوەکانی بۆ ( ئەلێکساندەربلۆك ، ئاندریە میلێ ، کلۆییڤ ) بوونە هۆی درەوشانەوەی یەکەم ئەستێرەی بەخت لەلای ئەم شاعیرەدا .

لەساڵی ١٩١٧دا یەکەم بێ ویستی خۆی‌و لەسەر داوای دایك‌و باوکی ژیانی هاوسەری پێکەوەناو بەکەمتر لە ساڵێك بریاری جیابوونەوەی دەرکرد .

ساڵی ١٩١٨لە بزوتنەوە نوێیەکانی رووناکبیری نزیك بوەوەو زۆر کۆڕی ئێوارانی چ سازدەداو چ بەشداری‌تێدا دەکردو چ ئامادەبوونی هەمیشەیی خۆی تیادا تیادا دەنواند .

بەڵام ئارەزووی ژیانی لادێی‌و دۆشدامانی لەبەردەم گۆڕانکاریە گەورەکاندا شاعیری بەرەو هەڵدێرێکی خەتەرناك برد تا لە ئاکامدا گەیشتە قۆناغی ونبوون‌و مەینۆشی .. تەنانەت لەدێرە شیعرێکیدا دەڵێت :

مەی دەنۆشم .. تا رشانەوەی ئەوانی تر نەبینم

دواجار نوسراوێکی دژ بە هاوەڵەکانی خۆی بلاوکردەوە لەژێر ناونیشانی (هونەرو بارودۆخی ژیان) ئەم شاعیرە نەیتوانی رێچکەیەکی تایبەت بە بەهرە شیعریەکانی خۆیەوە ببینێت .. هەڵچوونی لەرادەبەدەرو رارایی‌و گۆڕانکاری بەپەلە بوون بەهۆی دروستبوونی کەلێنێك لە ژیانیداو هەر لەو کەلێنەوە رەشەبای بەدبەختی هەڵیکردو بووبە شاعیری کۆڵەواری ناو پێرەکەی خۆی .

کارل یۆنگ دەڵێت : " هەرەسهێنانی کەسایەتی لەلای کەسانی سروشتیدا بە شێوەیەکی



پچرپچر دروست دەبێت‌و رەنگە پاش کاریگەریەکی هەست پێنەکراو کۆتایی پێ بێت بەڵام هەرەسهێنان لەلای کەسانی خاوەن بەهرەو نائاساییدا وەك‌و لافاوێکی بەتەوژم هەموو هەیکەلیەتێکی دەگۆڕێت‌و بەڵام بەهرەکەی بە پارێزراوی‌و بە شێوەیەکی چڕتر لە جاران رەنگدەداتەوە " .

دەردەسەریەکی تری یسنین لە ئێوارە ساتێکی ساڵی ١٩٢١دا دەستیپێکرد کە شاعیر چاوی بە ژنە هونەرمەندی سەماکەرەی بالیە ( ئیزادۆرا دۆنکان )ی ئەمریکی کەوت‌و لە ئایاری هەمان ساڵدا ژیانی هاوسەرییان گرێدا . شاعیر لەگەڵ ئەو خانمەدا کۆچ‌و گەرانێکی بێ وێنەیان بە هەردوو کیشوەری ئەمریکاو ئەوروپادا کرد .

کە دەبینێ هەوادارانی ئەم خانمە هونەرمەندە چ چەپلەرێزانێکی بۆ دەکەن‌و خۆشەویستی‌و (اعجاب)ی بۆ دەردەبرن ، بێگومان لەو کاتەدا دەبێت بیر لەوە بکاتەوە کە گەورەترین ئامانجی لە دەستداوە ئەویش سەردەمی خوێندنەوەی شیعریەتی لە ناو دۆست‌و هاوەڵانی خۆیدا ، زمانی جوتیارێکی رووسی رۆشنبیرو ژیانی دۆنکانی هونەرمەند دوو جەمسەری لێك دووربوون . هەر ئەوەش بوو کە یسنین وەك باڵدارێکی پەراهەند جوانی‌ودەوڵەمەندی‌و ناوبانگی خاتوو(دۆنکان) ی بداتە لاوەو لە مۆسکۆدا دووبارە بگیرسێتەوە .

شەڕی جیهانی یەکەم‌و شەڕی بزوتنەوە فیکریەکانی ناوخۆی رووسیا لە سەرەتای شۆرشی ئۆکتۆبەردا رەنگدانەوەی دەروونی لە شاعیرانی وەك ( دۆمیان ، پێدنیف ، مایاکۆفسکی ) دا جێهێشت چ لە دێهاتی رووخاو یان کەسانی برسی‌و رەش‌وڕووتی ناو کۆمەڵ .. ژیانی پڕ لە ئازارو نەهانەتی‌و نەزانی‌و نەخوێندەواری ئەوسا ئەمانە گشت بوونە هۆی ئەوەی کە شاعیران دەمیان بکەن بە بلێسەو نووکی قەڵەمەکانیان بە پشکۆی ئاگرو داهێنان لە سەر زەوی واقیعدا بکەن .

بەڵام یسنین زۆر بە کۆڵەواری ژیانی پڕژان‌و کەسەری خۆی بوو .. تا گەیشتە ئەوەی لە پەنا دیواران‌و هۆڵە رەشەکانی خەڵکانی پەراوێزو لەکۆمەڵ بەدەرو بەد مەستی‌و سەرەڕۆییدا خۆی ببینێتەوە ، کە ئەمەش بەڵگەی دوا هەرەسهێنانی دەروونی ئەم شاعیرە بوو .

لەتەمەنی (٣٠)ساڵی‌و لەساڵی ١٩٢٥دا یسنین سێیەم ژیانی هاوسەری تاقیکردەوە

بەڵام لەمەش هەور بەختەوەر نەبوو ، تەنانەت ئەم ژیانی هاوسەریەش لە چەند مانگێك زیاتر تێپەڕی نەکردو بە شێوەیەکی زۆرکتوپڕو باوەر پێنەکراو هاوسەرگیریەکە هەڵدەوەشێنێتەوە .

لە شەوێکی نەهاتو ساردو وشکەبای ساڵی ١٩٢٥ دا شاعیر لە ژووری ئوتێلەکەیدا مەرەکەبی لێ دەبڕێت .. دەستی خۆی بریندار دەکاتو خوێنی خۆی دەخاتە شوشەمەرەکەبەکەیەوە ئەم پارچە هۆنراوەیە تەواو دەکات .

**مالئاوایی ئەی هاوڕێ گیان**
**نە ئاوێزانبوونێک .. نە تەوقەیەک**
**نە وتەیەک**
**غەمگین مەبە هاوڕێ**
**برۆکانت لێکدامەدە**
**شتێکی سەیر نییە**
**گەر لەم جیهاندا بمرین**
**وەك سەیرتریش نییە .. کە دەژین .**

ئەم هۆنراوەیەی دابوە دەستی هاورێیەکی خۆی کە لە ژوورێکی تری ئۆتێلەکەدا دەنووست ، هاورێکەی هیچ گرنگیەکی بە نوسینی ئەم شیعرە نەدا تا ئەو کاتەی گوێبیستی هەواڵی مەرگی کتوپڕی یسنین بوو کە لە دەمەو بەیاندا هەواڵی ئەوەی دەدەنێ هاورێ یسنین خۆی لە سێدارە داوەو شوشە مەرەکەبەکەی پڕە لە خوێن .

بەم شێوەیە ئەم باڵندە کۆچەریەی لە کوێرە دێیەکی رووتەنەوە بەسەر هەموو جیهاندا فڕی وەك عادەتی ژیانی پڕ لە ناکامیو سەیرو کتوپڕی هەر بە کتو پڕ و ناوادەیی دەرگای ژیانی لە خۆی داخست . بەڵام خەزنەی شیعرە ناوازەکانی هەمیشە کراوەیەو مێژوو شایەتی ئەوەمان بۆ دەدات .

ئەمەش بەشێکە لە قەسیدەی (دارئەسفەندانەکان) ی شاعیر کە لە پاییزی ساڵی ١٩٢٣دا واتە بە ساڵێك بەر لە مردنی نوسیویەتیو بە بڕوای زۆرینەی ئەدیبانی رووسیا ئەمە دوا قەسیدەیەتی و لە پاش ئەوە هەر چەند شیعرێکی کورتی چەند دێری نوسیوەو .. توانای نوسینی قەسیدەی درێژی بە تەواوی نەمابوو .



**دارئەسفەندانیەکانی ئەم حەوشە**
**بەریشێکی سپییەوە**
**بەرگی رەشی خۆی رادەماڵێ و**
**کرخەی هەناسەی دێ ..**
**باسی رۆژگارە بەسەرچووەکان دەگێڕێتەوە .**
**چ دارێکە .. رووت**
**بۆتە ستونێک لە شوورەیی**
**هەر بۆ کردنە سێدارە دەگونجێت**
**یان هەڵکێشان لە بێخەوە و**
**فرێدانە دنیای نەمانی ئەبەدی**

***************************

**منیش یەکەم کەسم**
**کە دەبێت بەو دارەوە هەڵبواسرێم**
**دەستەکانم**
**بە پشتمەوە توند توند جەڕبدرێن**
**بەرانبەر بە گۆرانیەکی جۆشکاری ئوفتادەوە**
**کە نیشتمانەکەمم لەگەرمەی خەویدا**
**پێ راچڵەکاند ..**

*************************

**من قێزم لە بانگی کەڵەشێر دێتەوە**
**هەموو دەمێک دەیڵێمەوە**
**گەر بە من بێ**
**هەناوی هەرچی کەڵەشێرە .. ریشەکێشکەم**
**هەتا هەرگیز گویم لە بانگی نیوە شەویان نەبێت**

.********************************

**ئەی من چۆن بیرم چۆتەوە**

که خۆیشم دوا کەڵەشێر بووم

هەمان شت .. لەسەرەتای گەردوگوڵی بەیانیاندا

پڕ بەگەرووم بانگم دەدا

ئامۆژگاریەکانی خانەوادەکەمم دەشکاند

بەشێوحاڵ بووم بەرەنگدانەوەکانی دڵم

( قەسیدەکانم )

*************************

مانگم بینی .. بۆدواجار

سەگەکانی شەقام پارچە پارچەیان کرد

لەو رۆژەوە

شوێنەواریشی بە ئاسمانەوە نابینم .

*************************

چاوەکانم لێک دەنێم

تاجاریتر هەڵیان دێنم

بە هەموو وریاییەکەوە دەبینم

گوربەیەکی رەش رەش

کەڵبەکانی بەرەو من رادەکێشێ

لە زەمەنێکی پڕ خورافەی دێرینەوە

کحەبەسەر چووە

ئاماژە بە کلۆڵیەکانم دەکات

دایکیشم لەسەر لوتکەی (کییف)ەوە

وەک ژنە جادووگەرێک دێتە بەرچاو .

*************************

دڵنیا نیم لەوەی کە لەشساغم .. یان نەخۆش

بەڵام لێکدانەوەکانم

لە جێیەکی تر سەرەرۆن ..دەسورێنەوە



گوێشم پڕ لە ژاوە ژاوە گورزینەکانی قەبر

لەگەڵ قێژەی زەنگوڵە سەرەتاییەکاندا

************************

خۆم بە مردوویی دەبینم

بە راکشاوی لە تابووتێکدا

وا قەشەیەک تەعاویزەکانم بۆ دەخوێنێ

من پیاوەمردووەکەم .. چاوەکانم لێک ناوەو

بەسەر پێڵوەکانمەوە

کرێدەستی گۆڕهەڵکەنەکەم جێهێشتوە

بەو برە پارەیەو

بەم جووتە چاوەی پڕبە مەرگن

گۆڕهەڵکەنەکم گەرم دەبێتەوە

چونکە بادەیەک

لە نابووتترین جۆری ڤۆدگا هەڵدەداو

بەدەنگێکی سەیرەوە دێتەگۆ

چەند مرۆڤێکی سەیر بووە .. ئەم مردووە

هەموو ژیانی بە شەپرێوی بردە سەر

بێ ئەوەی پێنج لاپەرە

هەر بەتەنها پێنج لاپەرە

لە سەرمایە بخوێنێتەوە !!

سێرگی یێسنین

١٩٢٣

# کاردۆ:



## بەشێکی زۆری ئەوانەی لەبواری بزووتنەوەی شانۆیی ئەم شارە کاردەکەن نەخوێندەوارن

دیمانە/ فریاد ئەحمەد

**کاردۆ محەمەد یەکێکە لە شانۆکارە دیار و بەرچاوەکانی شاری کەرکوك و لەسەرەتای نەوەدەکانەوە خەریکی کاری شانۆ بووە لەگەڵ تیپی شانۆی ئاشتی و لە دواین کاردا وەك جەستەیەکی کولتوری دەرکەوت لە نمایشی (ئۆدیپی زەردەشت) کە بەرهەمی تیپی شانۆی ئەزموونگەری کەرکوك بوو، کاردۆ یەکێکە لەو شانۆکارە دەگمەنانەی نێو شاری کەرکوك کە بە هۆشیارییەکی شانۆییەوە قسە دەکات و دور لە عەفەوییەت کار دەکات، بۆ قسەکردن لەسەر رەوشی شانۆی ئەمڕۆی کەرکوك و هاتنە گۆڕەپانی ئەو هەموو بەناو شانۆکارە ناهۆشیارانە ئەم گفتوگۆیەم لەگەڵ کاردۆ بە پێویست زانی.**



***شانۆ تا ساڵی ٢٠٠٣و دوای ئەو ساڵە جۆن بووە؟**

کاردۆ/ من نازانم مەبەستت لە چ سەردەمێکە وەك دەست پێك تا ساڵی ٢٠٠٣ بەلاّم زۆر جار قسە لەسەر بزاوتی شانۆی حەفتاکان دەکرێت و بە قۆناغی زێرین ناو دەبرێت، ئیدی نازانم ورنجەی ئەو قۆناغە زێڕینە بۆ نەما و هۆی چیە کە تەنانەت لە رووی تیۆریشەوە هیچ ئاسەوارێکی بۆ ئەمرۆ بەجێ نەماوە، لە سالاّنی هەشتاکاندا بزاڤی شانۆیی کەرکوك تاڕادەیەك کۆتایی پێهات، بەلاّم لە سەرەتای نەوەدەکان چەند گروپێکی شانۆیی سەریانهەڵدا وەك تیپی شانۆی ئاشتی و تێکۆشان و چەند تیپێکی تر، سەرهەڵدانی ئەو تیپانەش لە راستیدا هۆکاری سیاسی ئەو سەردەمەی لە پشتەوە بوو، سەردەمی دوای راپەرینی (٩١) و دابڕانی شاری کەرکوك بوو لە ناوچە ئازادکراوەکانی تری کوردستان، خەڵکی چاوەڕوان بوون لە هەر ئان و ساتێکدابێت گۆڕانێکی دیکە لە ناوچەکەدا روبدات، هاوکات رژێمی بەعس بەرەو لاوازی دەچوو، شانۆیش تاکە کەناڵێك بوو کە بە شێوەی سیمبول گرفتەکانی ئەو سەردەمەی دەختە روو، بۆیە دەکرێت بڵێم شانۆی پێش پرۆسەی ئازادی زیاتر شانۆیەکی حەماسی و هەڵگری گوتارێکی سیاسی بووە.

*** ئەگەر چل ساڵی رابردووی پێش پرۆسە بەراورد بکەین لەگەڵ ئەم پێنج ساڵەی پرۆسە، سەرەنجام چیمان دەست دەکەوێت لە رووی نمایش و ئەکادیمێتی کارە شانۆییەکانەوە؟**

کاردۆ/ باسی پێش پرۆسەم بۆ کردی کە شانۆ لە چ دۆخێکدا بووە، دیارە دوای پرۆسەش وەك ئاشکرایە دەرگایەکی نوێ بەسەر بزوتنەوەی شانۆیدا کرایەوە، کە پێم وایە هۆشیارییەکی شانۆیی لێوە هاتە ژوور و بووە مایەی بێدارکردنی سەرجەم ئەو کەسانەی کە لە بوارەکەدا کاریان دەکرد، بۆئەوەی مەبەستەکەم زیاتر روون بێت حەزەکەم ئەوەش بڵێم کە ئەو جۆرە هۆشیارییە لە نێو خودی ئەو بزاڤە شانۆییەوە سەرچاوەی نەگرت کە پێش پرۆسە لە ئارادا بوو، بەڵکو لە ئاکامی ئەو جوڵە نوێیەدا بوو کە دوای پرۆسە سەری هەڵدا.

*** کاردۆ ئێستا قسە لەسەر ئەوە دەکرێت کە گوایە تۆ لە ساڵی نەوەدەکان شانۆی ژووری تایرۆفتان کردووە، ئەی بۆ هیچ کاریگەری لە دوای ئەو ئەزموونە بەجێ نەماوە؟**

کاردۆ/ خودی خۆم تا ئێستا بە هیچ جۆرێك ئیشم لەسەر شانۆی ژوور نەکردووە، سەبارەت بەوەی ئەگەر کرابێت بۆ کاریگەری بە جێنەهێشتووە، دەی خۆ ئەگەر من نا، کە سێکی تر شانۆی ژوور یان کاری لەسەر هەر تەرزێکی دیکە کردبێت پێم وایە ئەوە کاریگەری نەدەبوو بەسەر ئێستادا، چونکە جێهێشتنی کاریگەری دەرەنجامی پرۆژەیەکی درێژخایەنە لە هەر دوو بواری تیۆری و پراکتیکیەوە دێتەدی، نەك لە میانەی یەك نمایشێکدا کە پێدەچێت لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانە بووبێت ئیدی لە ژێر هەر ناونیشانێکدا بووبێت گرنگ نیە.

*** شتێك خەریکە دەبێتە دیاردە، ئەویش هاتنە دەرەوەیشانۆکارانە لە هۆڵ، ئایا هەموو هاتنە دەرەوەیەك لە هۆڵ ئەزموونە؟ ئایا هەموو ئەوانەی دێنە دەرەوە لە هۆڵ خاوەنی هۆشیارییەکی شانۆیی ئەوتۆن کە بتوانن بە جوانی مامەڵە لەگەڵ ئەو فەزا و پانتاییە ناتەبایەدا بکەن؟**

کاردۆ/ دەستنیشانکردنی شوێن لە شانۆدا گرفتێکی گەورەیە لەلای دەرهێنەرێك کە خاوەن عەقڵێکی گەورە و مەعریفەیەکی فراوان بێت لە بوارەکەی خۆیدا، گرفتێکە و درهێنەر لە دەستپێکی خۆسازدان بۆ پرۆسیسی نمایش دوچاری دەبێت، چونکە شوێنیش وەك هەرپێکهاتەیەکی دیکەی نێو نمایش هەلگری دەلالەت و فرەرەهەندی خۆیەتی، بۆ گۆڕینی دەلالەتەکانیش، لەنێوان شوێن و جەستەی ئەکتەردا پەیوەندییەکی راستەوخۆ دروست دەبێت، بە جۆرێك کە جەستە رۆڵێکی بەرچاوی دەبێت لە گۆڕینی ناونیشانی شوێن، بۆیە داڕشتنەوەی شوێن لەمیانەی روئیایەکی ئەزموونگەرەوە داڕشتنەوەی تێکڕای پرۆسیسەکەیە، بە خودی تێکستەکەشەوە، ئەمە ئەگەر لە سەرەتادا تێکست ئامادەگی هەبێت، ئەگەر نا زۆر جار خەیاڵ و روئیای ئەزموونگەرانە پێش وەخت دەست نیشانی شوێن دەکات، بۆیە زۆر جار گریمانەکان لەدەرەوەی هۆڵ دێنە دی، دیارە ئەمەش ئەقڵێکی ئەفرێنەر دەخوازێ کە بتوانێت لە دەرەوەی هۆڵی شانۆ میعماریەتێکی نوێ بۆ شانۆ دابهێنێت، نەك عەقڵێکی تەقلیدی



**تا ئێستا بە هیچ جۆرێك ئیشم لەسەر شانۆی ژوور نەکردووە، سەبارەت بەوەی ئەگەر کرابێت بۆ کاریگەری بە جێنەهێشتووە، دەی خۆ ئەگەر من نا، کەسێکی تر شانۆی ژوور یان کاری لەسەر هەر تەرزێکی دیکە کردبێت پێم وایە ئەوە کاریگەری نەدەبوو بەسەر ئێستادا**



و دوور لە هۆشیاری شانۆیی کە پێی وایە لەسەر سەکۆی شانۆدا دەرفەتی کاری ئەزموونگەری نەماوە و دەبێت جێی بهێڵێت و روو بکاتە دەرەوەی هۆڵ، ئەمەوێت بە ئینسافەوە ئەوە بڵێم نمایشی (هاملێتی کەرکوك) کە پرۆژەیەکی تیپی ئەزموونگەری کەرکوك بوو، لە قەلای شارەکە نمایش کرا کە تێیدا دەرهێنەر زۆر بە وردی و دوور لە عەفەوییەت کاری لەسەر شوێن کردبوو پێشتریش لەگەڵ دەرهێنەرەکەیدا کە (نیهاد جامی)یە لە میانەی گفتوگۆیەکدا قسەمان لەسەری کردووە، ئێستاشی لەگەڵ دابێت کە پێم وایە زیاتر لە ساڵێکی بەسەر دا تێپەڕیوە زۆر جار مەسەلەی شوێن لەو نمایشەدا مایەی سەرنج و تێڕامانی من بووە.

*** هەندێ کەس پێیان وایە شانۆ کارێکی دەستەجەمعی پراکتیکییە و بە هیچ جۆرێك پێویستی بە شارەزایی میتۆدەکان نیە و خوێندنەوەش بایەخی نیە، واتە بەبێ هۆشیاری شانۆیی کارکردن حاڵەتێکی ئاساییە، ئایا ئەمە دروستە؟**

کاردۆ/ ئەو حاڵەتەی تۆ باسی دەکەیت رەنگە تەنها لەم شارەدا بوونی هەبێت، نەخێر حاڵەتێکی نا دروستە، هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ نا تەندروستی لە هزر و بیرکردنەوەی

بەشێکی هەرە زۆری بەناو شانۆکارەکانی ئەم شارە، بە راستی شارێکی بەستەزمان و داماوە، بڕوابکە نەك تەنها لە شانۆدا لە زۆربەی بوارەکانی دیکەدا (سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی ....) هەمیشە عەقڵێکی ناکامڵ جڵەوی شتەکانی بە دەستە و بڕیار لەسەر ئێستا و ئایندەی ئەم شارە دەدات، من نازانم چۆن دەکرێت ئێمە لە شانۆدا کاربکەین و لە روی تیۆرییەوە مایە پوچ بین.بەراستی کارەساتەکە ئەمەیە، بەشێکی زۆری ئەوانەی لەبواری بزووتنەوەی شانۆیی ئەم شارە کاردەکەن نەخوێندەوارن، هاوکات کەسیان پێ قبوڵ نیە، هەمیشە لەبیرکردنەوەی خۆیاندا داهێنەرن، کاتێکیش گفتوگۆیەکی شێلگیرانە رووبەروویان دەبێتەوە، دەستە و ئەژنۆ.. سست و رەنگ پەڕیو دێنە بەرچاو، بەردەوام بە هێنانەوەی بیانوی سەیر لەبەردەمی هەڵدێن، لەراستیدا کاری شانۆیی لەم شارەدا عادەت نەك دۆخێکی ئەفرێنەر.

*** کاردۆ ئەو جەستە کلتورییە دواین کاری بوو کە وەك موغێکی روحانی دەهاتە پێش چاو، کارکردن لەگەڵ نیهادجامی و بەشداری کردنت وەك جەستەیەکی کلتوری لە ئۆدیپی زەردەشت چۆن تەماشا دەکەیت؟**

کاردۆ/ ئەزموونێك بوو بۆخۆم چێژی زۆرم لێبینی، لە راستیدا کارکردنی من لەگەڵ تیپی شانۆی ئەزموونگەری حاڵەتێك نییە بڵێم پێشتر بیرم لێنەکردبووەوە، هاوکات ئاشنای جۆری کارکردنی ئەو گرۆپەش بووم، واتا دەمزانی کە ئەزموونەکانی خۆی دابەش کردۆتە سەر چەند قۆناغێك، بۆیە هەموو شتێك

**کارکردنی من لەگەڵ تیپی شانۆی ئەزموونگەری حاڵەتێك نییە بڵێم پێشتر بیرم لێنەکردبووەوە، هاوکات ئاشنای جۆری کارکردنی ئەو گرۆپەش بووم، واتا دەمزانی کە ئەزموونەکانی خۆی دابەش کردۆتە سەر چەند قۆناغێك**



تەنها بە حەز نایەتەدی، بەڵام ئەوەبوو دواتر نیهاد جامی دیارە دوای گەڵاڵە کردنی کۆمەڵێك خاڵ و سەرنجی خۆی لەسەر پرۆژەیەکی نوێ، دەست نیشانی کردم کەوەك جەستەیەکی کولتوری لەو پرۆژەیەدا ئامادەگیم هەبێت، بەخۆشحاڵییەوە لەگەڵ برادەرانی تیپەکەدا دەستم بە پرۆڤە کرد، رۆژ بە رۆژ لە نێو ئەو سیەیسەی کە جامی دەستنیشانی کردبوو تێکەڵ بە ریتواڵێك دەبووم کە تێیدا تەواوی جەستە کولتورییەکان تەوەرێك کۆی دەکردنەوە ئەویش ئۆدیپی زەردەشت بوو.

*** کاردۆ بۆ هەمیشە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا دەڵێی لە کەرکوکدا شانۆکار نییە؟**

کاردۆ/ چونکە ئەوەی کە هەیە بە ناو شانۆکارە، من خۆمم لەمە ئیستسنا نەکردووە، کێ هەیە لە ئێمە بەدەر لە خۆ ئامادەکردن بۆ نمایش رۆژانە یان بەپێی خشتەیەکی تیبەت راهێنانی دەنگ و جەستە و هتد..بکات؟ دڵنیام کەس نییە، بەشێوەیەکی گشتی جەستە لای ئێمە جگە لە رۆژانی خۆ سازدان بۆ نمایش جەستەیەکی سست و بێکەڵکە، جەستەیەکە هەمیشە سەرگەرمی خواردن و خەوتنە، ئەمە وێڕای ئەو جەستە مردوانەی تەنها لە ڤستیڤاڵ و بۆنە شانۆییەکاندا دەردەکەون.

***بۆ بەم دواییە بڕیارتداوە کە ئامادە نەبیت لە هیچ کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا؟**

کاردۆ/ ئامادەنەبونی بەشێکی زۆری بەناو شانۆکارانی لەمەڕ لای خۆمان بۆ گفتوگۆی جدی و کینە و بوغزی ئەوان، دوای ئەوەی رەخنەیەکیان ئاڕاستەدەکرێت و قسە کردنیان لەسەر بابەتی دەرەوەی شانۆ ناچاریان کردم ئەو بڕیارە بدەم.

## ڕەخنەگر دکتۆر حاتەم سگەر:



# "لەتیف هەڵمەت" دەنگێکی تایبەت و پێشکەوتووە لە دنیای شیعری کوردیدا...

ئامادەکردنی/ سەردار زەنگنە
و. لە عەرەبییەوە/ خالید شوانی

کاتێ پێشنیازی ئەوەم لێکرد کە دەمەوێ وتووێژێکی ڕۆژنامەڤانی لەگەڵ سازبکەم، دەستبەجێ ئارەزووی خۆی ڕاگەیاند کە خۆشحاڵە گوێی لە دەنگی هەموو عێراقییەك بێت. ئەویش، ڕەخنەگر و شاعیر و دکتۆر (حاتەم سگەر)ە.. لە ساڵی ١٩٩١ەوە، وەك پسپۆرێك بابەتی ئەدەبیات لە زانکۆی (سەنعاء ) دەڵێتەوەو.. تا ئێستاش خاوەنی سێ دیوانی شیعریی و زیاد، لە "١٤" بڵاوکراوەی ڕەخنەییە. پێشنیازەکەم، ئەم دەمەتەقێیەی لێکەوتەوە:



* حاتەم سگەر، ناوێکی دیارە لە دنیای رەخنە و ئەدەبیات و پێویست بە ناسین ناکات، بەڵام جاری وا هەیە مرۆڤ زیاد لە پێویست حەز دەکا لە جەنابتانەوە شت بزانێ، نەك لە خەڵکانی ترەوە، لە چالاکی و نووسینەکانتان ئاگادار بێت. جا دەبێ دکتۆر حاتەم سگەر، لەم بارەیەوە چیمان پێ دەڵێ؟

- باوەڕ ناکەم شتێکی وام کردبێ کە ناخی خوێنەر ڕازی بکەم. منیش وەك زۆربەی نووسەرانی نەوەی خۆم، بە شیعر نووسین دەستم پێکردو.. یەکەم دیوانە شیعرم لە ساڵی (١٩٧٥)، بڵاو کردەوە، کە هێشتا سێ ساڵ بوو، دوای سەربەخۆ بوونی یەمەنی باشوور لە چنگی داگیرکەرانی بەریتانیا، وەك مامۆستایەك لە (عەدەن) دەژیام. ئەو کاتە، کۆمەڵێ شیعرم لە بارەی شوێن و غوربەتەوە، لا دروست بوو، کە ئەمەش یەکەم سەفەرم بوو، لە دەرەوەی نیشتمانەکەم.

شیعر بووە، بابەت و ڕێگەی ژیانم، بە دنیا و خەیاڵ و وێنەکانی دا، ئەوانەی پێ بەخشیم، کە لە منداڵیدا لێیان بێبەش بووم و لەگەنجیشدا، بە هۆی هەژارییەوە من سەر بە خێزانێکم بە ژمارە زۆرین و، باوکیشم خانەنشینی عەسکەرییە. باوکم زۆر بە ڕەحمە و ماڵیشمان بەردەوام پڕ بوو لە خزم و کەس چی ئەوانەی لە شار و گوندەکانی باشوورەوە بۆ سەردانیمان دەهاتن یاخود بەسەربازیی دەهاتنە بەغدا و لەلامان دەمانەوە و لە خانووە قوڕەکەماندا ژوورەکانیان لەگەڵ بەشکردبووین لە گوندی (ڕۆستەمبەی) نزیك بە

**شیعر بووە، بابەت و ڕێگەی ژیانم، بە دنیا و خەیاڵ و وێنەکانی دا، ئەوانەی پێ بەخشیم، کە لە منداڵیدا لێیان بێبەش بووم و لەگەنجیشدا، بە هۆی هەژارییەوە**

کۆلێژی سەربازی کە ئەوسا باوکیشم لە کۆلێژەکەدا کاری دەکرد و (نائب عریف) بوو خوێندکارانی فێرە سواری ئەسپ دەکرد. زۆر لە خالۆ و مامەکانم لێرەدا ژنیان هێنا و هەر لێرەشدا مردنی باپیرە و داپیرەی خۆم بینی و زۆر هەتیومان لێکەوتەوە.
لەو هەموو قەرەباڵغیەدا، چەند کاتژمێرێکم بۆ خۆم تەرخان کردبوو، هەر بە منداڵیی بوومە هاوڕێی کتێب و.. کنێبم دەخوێندەوە. زۆرجاریش، کەسوکارم بە نامیلکە ڕەشوەیان دەدامێ و ڕازییان دەکردم کە مانگانە لەناو شاری بەغداوە لەگەل بازاڕی ماڵەوە بۆیان دەکڕیم، ئەویش بەڕێنمایی براکەم کە ناوی (قاسم بوو، هەرچەندە لە کۆتایی پەنجاکانەوە، وەك ئەفسەرێك کاری خۆی دەکرد، بەڵام ئەوە ڕێگر نەبوو لەبەردەم خوێندنەوەی کتێب و بەردەوام کتێب و بڵاوکراوەی وەرزی بۆ دەناردم بەتایبەت (کتێبی شیعر).
باوکم زۆر حەزی لە فێرکردن بوو، حەزی نەدەکرد هیچ کەسێك لە ئێمە چی خوشك چی برا لە خوێندن دابڕێین، جگە لەو دوو برایەی کە لە ئێمە گەورەتر بوون، خۆیان بەخشی و بۆ یارمەتیدانی باوکم، خۆیان کردە پردی خێزانەکەمان.
بەڕاستی ئێمە لە خێزانێکین پیشەمان کشتوکاڵکردن بوو، باپیرەم دوا کەس بوو، لە گوندێکی شاری (کوت) وەك جوتیارێك لەلای (شێخ و بنەماڵەکەی) کاری دەکرد و ئێمەش لەو

**بەر لە منیش، زۆر لە برادەران بەرگرییان لە ڕەخنە کردووە وەك کارلێکێکی شارستانی پێویست ئیشی ئەوە نییە سووکایەتی بە بەشەکانی تری ئەدەبیات بکات**



بێستان و کێڵگەیەی کە بەروبوومەکەی بۆ شێخ بوو، سەردانیمان دەکرد. ئێمە گەورەبووین و زۆرمان بڕوانامەی کۆلیژ و بڕوانامەی بەرزمان وەرگت لە بواری زانست و زمان، ئەوەی کە فێری کردین ئەو پیاوە نەخوێندەوارە بوو کە لە ساڵی (١٩٩٣)ەوە، لە دۆڵی ئاشتیدا، نێژراوە. لە ژیانی مندا زۆر وێستگەی سەیر هەن، لەوانە هێشتا تەمەنم نەگەیشتبووە (٢٣) ساڵی ژنم هێنا، گوایە نووسین پێویستی بە ئارامیی سۆز هەیە. دوای ئەوەش زۆر وەهم و هەرەسی تر، وەك کارکردن لە بواری سیاسەت بێ تێ گەیشتن، لە یەکەم ساڵی زانکۆیشدا، مانگێ بەند کرام و لەدوای دامەزراندنیشەوە، بەدوو ساڵ سەفەرم کرد.

*** ژیانت بە هاتوچۆ بردە سەر لە نێوان بەغدا و یەمەن، ئەم غوربەتییە چی دەستکەوتێکی بۆت هەبوو؟ ئایا (تەنیایی) خۆت لە یەمەنی خۆشەویستدا دۆزییەوە؟**

- یەکەم سەفەرم بۆ یەمەن، بە ئارەزووی خۆم نەبوو، ڕۆژانی تفت و تاڵی گەمارۆ پاڵی پێوە نام و بەر لە منیش چەند هاوڕێیەکی عێراقی لەوێ لە زانکۆ کاریان دەکرد و شاعیرێکیش بەوپەڕی مرۆڤ دۆست و هەست ناسکی و ئەدەب دۆستیدا بەڕێوەی دەبرد کە ئەویش دکتۆر (عەبدولعەزیز مەقالح) بوو، کە لە ساڵی (١٩٨٤)کە سەفەرێکی یەمەنم کرد، یەکترمان ناسی و دواتریش بەردەوام نامەمان بۆ یەکتر دەنارد، جگە لەوەش ژمارەیەکی تایبەتم لە گۆڤاری (الاقلام) سەبارەت بە ئەدەبیاتی (یەمەن) بڵاوکردەوە، کە ئەوسا خۆم تیایدا بەڕێوەبەری نووسین بووم و بەیارمەتی خوالێخۆشبوو دکتۆر (عەلی جەواد ئەلتاهیر) وەك مامۆستای میوان لە زانکۆی یەمەن گەڕابۆوە. ئەوەی (ئەبو تەمام) لە ماڵئاوا پێکردنی (علی بن الجهم)ی هاوڕێی ئازیزیدا بە (عەشیرەتی ئەدەب) ناوی دەنا کە لەنێو کتێباندا، دەست بەنووسین دەکات، دەردی غوربەتی لێ سووك کردمەوە، من هەرچەندە دوو کوڕو دوو کچ و بەغدای شیرینم لەدوای خۆمەوە جێهێشت کەچی لەبیرو ویژدانمدا، هەڵمگرتبوون، (یەمەن) جگە لە کارو بژێوی ژیان، ئەوەی کە بیر ناچێتەوە، سروشتی جوان و خۆشەویستی هاوڕێ و دۆست و خوێندکاری بەڕێزی بەمن بەخشی.

*** جەنابتان، چۆن ڕەخنە پێناسە دەکەن و، ئامانجیش لە ڕەخنە چییە؟.**

- ڕەخنە کارلێکێکی رۆشنبیرییە لە ڕێگایەوە شارەزای دەقەکانی شیعرو ئەو سیستمانە دەبێت کە تایبەتن بە بواری ئەدەبیاتەوە. هەروەها لە ڕێگایەوە دەکەویتە لێکۆڵینەوەی ئاستی دەقەکان و دەلالەت و گۆڕانکاری سیستەمەکانی و داهێنانەکان و پەیوەندییەکانی بە هەموو لایەنە ڕۆشنبیرییەکانەوە. هەروەها لە ڕێگای ڕەخنەوە تەواوی مافی دەقەکە دەردەکەوێت.

ئامانجی ڕەخنەش، کەشف کردن و ناساندن و پێشکەشکردنی کلیلێکە بۆ خوێندنەوەو هونەر هەروەها. هەروەها دەقەکانیش دەخاتە چوارچێوە مێژوویی و جوانکارییەکانیەوە.گومانی تێدا نییە، ئەم ئامانجەش زۆر لقی تری دەچێتەوە سەر، زۆر مەسەلەو پرسیاریش کە تایبەتن بە رۆشنبیریتر و کەلەپور و واقیع و ئایدۆلۆژیاو هۆکاری تر کە پەیوەستن بە گۆڕانکارییەکانی هەست و قبووڵکردنیان.

*** هەندێ کەس بڕوای وایە کە بەردەوام ڕەخنە (تاوانبارە و هەرگیز ناتوانێ بەرائەتی خۆی ئیسپات بکات و دەقیش لەم نێوەندەدا، گیانی بەخشیوە، ئێوە ڕاتان چییە؟**

- بەر لە منیش، زۆر لە برادەران بەرگرییان لە ڕەخنە کردووە وەك کارلێکێکی شارستانی پێویست ئیشی ئەوە نییە سووکایەتی بە بەشەکانی تری ئەدەبیات بکات. زۆرجار گوێم لە دەنگی شاعیر و نووسەران بووەو بەڕاستی پێی سەغڵەت بووم، کاتێ گوتوویانە کەس ڕەخنەی لە دەقەکانمان نەگرتووە و ناشزانین هۆیەکەی چییە، ئایا پەیوەندی بە پێشنیاز و پرۆژە و دەقەکانەوە هەیە!؟ بۆیە دەست بە تاوان و سوکایەتی و جنێودان دەکەن و ڕۆڵی رەخنەش وەك دیاردەیەك دەژمێرن. لە کاتێکدا ئەوەیان بیرچووەتەوە کە ڕەخنە ڕێگایەکە بۆ تازەگەریی و ئامێرێکە بۆ دووبارە خوێندنەوەی دەقەکان و تاقیکردنەوەکان و چەسپاندنی زاراوەو چەمکەکان.



*** ئایا ڕەخنەگر دوژمنی داهێنەرە یا هەردووکیان یەکتر تەواو دەکەن؟.**

من لەم کارەدا، هیچ دوژمنایەتییەك بەدی ناکەم ئێمە کاتێ بەدەقەکان دەچینەوەو کاریان لەسەر دەکەین هیچ تێڕوانینێکی کەسایەتی ناخەینە بەرچاو، ئەوەتا لە یەکێ لە کتێبەکانم وتوومە: (زۆر جار لە نووسەرەکان زیاتر پەرۆشتر و نزیکترم لەو دەقانەی کە لە نووسینیان بوونەتەوە و هیچ پەیوەندییان پێوە نەماون).

*** تۆ وەك شاعیرێك یا نووسەرێك بڵاوکردنەوە وەك پێویستییەك، چۆن هەڵدەسەنگێنی؟ ئایا ئەمەیان زۆر پێویستە بۆ ئەوەی دانی پیا بنرێ کە شاعیرە؟**

- ئەمەیان مەسەلەیەکی ڕێژەییە. لەوانەیە بێدەنگ نەبێ بەرامبەر بە دیاردەی کەمی و بێدەنگی (بریکان) لە شیعری عێراقی و زۆریی بڵاوکردنەوەیش لەلای (محمد خضیر)بەڵام بەگشتی شیعر و ئەدەبی خۆیان لە خوێنەر دوور ناخەنەوە. باوەڕ ناکەم ئەوەش هۆیەك بێت تاوەکو دان بە شاعیریەتی ئەو کەسە بنرێت.

*** ئایا لە شیعر نووسین بەردەوامی یان یا؟**

- سەبارەت بە ئەزموونی خۆم لە نووسینی شیعردا بەشێوەیەکی ڕەسمی نانووسم بەحوکمی کارکردنی تەواویم لە مەیدانی توێژینەوەو ڕەخنەدا بەڵام پەیوەندیم بەشیعرەوە بەتینەو لە ناخمدایە کاتێك پەنای بۆ دەبەم کە تووشی قەدەرێك دەبم یا قەدەرێك ئاخێك و نەوەیەکی ترم بەسەردا

> **زۆر جار لە نووسەرەکان زیاتر پەرۆشتر و نزیکترم لەو دەقانەی کە لە نووسینیان بوونەتەوە و هیچ پەیوەندییان پێوە نەماون**

ئەسەپێنێ کە ناتوانم بەرامبەری خۆم بگرم.
لەم دواییەدا خۆم لە تاقیکردنەوەیەکی نوێدا بینییەوە کە ئەویش ونبوون و ڕفاندنی کوڕەکەمە لەسەر پێناسە و بەبێ هیچ هۆیەك ئەوەتا بۆ دوو ساڵ و نیو دەچێت، ناتوانم لە چاوانی منداڵەکانیدا وەڵامی هیچ پرسیارێك بدەمەوە. کە بووەتە قوربانی توند و تیژیی ڕفێنراوەکان کە بەوپەڕی دواکەوتوویی و نامرۆڤایەتییەوە خۆیان حەشارداوە.

*** تا چەند بایەخت بە ئەدەبیاتی ئافرەتان داوە، لە کاتێکدا خۆت مامۆستای ئەو بابەتەی؟ ئەمە بەلای تۆوە چی دەگەیەنێ، کاتێ خۆت وەك ڕەخنەگرێکی بەتوانا لە بواری شیعرو پەخشاندا کار دەکەیت، ئایا شانبەشانی پیاوان دەچن؟ باس لە ڕۆڵ و توانای ئافرەت بکە نەك وەك رەگەز، بەڵکو وەك پلەو پایەو فرسەت و تێڕوانینی کۆمەڵگە لەڕووی ڕۆشنبیری و یاسا و زمان و ئەدەبییەوە؟**

- بابەتەکە، تایبەتە بە لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ئەرکی رۆشنبیری بەرامبەر بە رەخنە چونکە ئەدەب و رەخنەی ئافرەتان بایەخ دەدەنە جۆری هۆش و چۆنیەتی دەقەکان لای نووسەر و شاعیرانی ئافرەت. جا ئەدەبی ئافرەتان بووەتە ئەدەبێکی پەراوێزکراو لای نەتەوەکەمان لە چوارچێوەی رۆشنبیری پیاوان بەگشتی لە رۆژهەڵات و، وڵاتانی عەرەبیش بەتایبەتی بۆیە لەم لایەنەوە، وەك ئێوە لە پرسیارەکەتان ئاماژەتان بۆ کردووە، بایەخم داوەتە ئەم بوارە.

*** ئایا هیچ شیعر و ئەدەبی کوردی دەخوێنیتەوە؟ ئێوە وەك نووسەرێکی عێراقی بۆ هەوڵنادەن پردێك لەنێوان رۆشنبیریی کوردی و عەرەب بکەن؟**

- من لە گوندێکدا چاوم کردەوە، لە هەموو ڕوویەکەوە تێکەڵبووین. هاوڕێ کوردەکانم لە خوێندنگەی سەرەتاییدا بەزمانی عەرەبی لەگەڵمان دەدان و لە نێوان خۆیانیشدا بەکوردی قسەیان دەکرد.
منیش لەبەر ئەوەی منداڵ بووم سەرەڕای ئەوەی کەس و کارو خێزانەکانمان تێکەڵ بەیەکتری دەبوون، هیچ فرسەتێکم بۆ نەڕەخسا فێری زمانەکەیان بم. کە گەورە بووین، لە هاوڕێیەکی منداڵی و رۆشنبیرێکی کورد پرسیاری ئەوەمان



لێکرا بەکوردی فێر نەبووین، لە کاتێکدا ئەمە زمانی برا و هاوڵاتی و نووسەرانێکە کە زۆر نزیکن لە ئێمە.
ئەم پرسیارە هەروا بە هەڵواسراوی مایەوە لەگەڵ بای سیاسەت و ژیان و دووری و کاریگەرییەکەی قووڵتر بوو، کاتێ ئەو پرسیارەتان ورووژاند.
بەشبەحاڵی خۆم هەندێ وەرگێڕدراوی کوردیم خوێندەوە سەبارەت بە (فایەق بێکەس) و شاعیرانی سەردەمی خۆی لەگەڵ داستانە کۆنەکانی وەك مەم و زین و دوای چەند ساڵێکیش چەند نووسەرێکم ناسی لە وانە (شێرکۆ بێکەس و عەبدوڵڵا تاهیر) و چەند نووسەرێکی کورد کە بە عەرەبی دەیاننووسی وەك (محێدین زەنگنە).
بەڵام بایەخی تایبەتیم، ئەزموونێکە زۆر شانازی پێوە دەکەم کە لە ناخەوە دەربارەیم نووسی، ئەویش ئەزموونی (لەتیف هەڵمەت)بوو، کە تا ئێستاش دەستنووسە شیعرییەکانم هەڵگرتووە، بەلای منەوە دەنگێکی تایبەت و پێشکەوتووە لە دنیای شیعری کوردیدا.

# ئاوێزان نووری:

## فەوزایەکی زۆری شیعرو نووسین هاتووەتە کایەوە



چاوپێکەوتنی: رزگار شوانی



ئاوێزان نووری لە زەمەنێکی دیاری نەکراودا خۆی دۆزییەوەو توانی سەرەتایەك لەم بوارەدا دابین بکات هەرچەندە ئەو سەرەتایە کەم و کوڕی تێدابوو بەڵام توانی بێتە نێو دونیای شیعرەوەو رۆژ لەدوای ڕۆژ پەرە بەخۆی بدات و سەنگی خۆی هەبێت لەنێو کۆڕ و سیمینار و ڤیستیڤاڵ ئەدەبیدا:-

*** ئاوێزان نووری و بەرهەمە چاپکراوەکانی؟**

- ساڵی (٢٠٠٤) کۆمەڵێ شیعرم نووسی بەناونیشانی (پیاسەیەك بۆ کچەکانی قەدەردا) کە توانیم ساڵی (٢٠٠٥) بەچاپی بگەیەنم، دواتر هەر لە ساڵی (٢٠٠٥) کۆمەڵێ شیعرم بەچاپ گەیاند بە ناونیشانی (عەشقێك بۆ خودا)، لە ماوەی دوو ساڵدا خەریکی نووسینی رۆمانە شیعرێك بووم بە ناونیشانی (نامەکانی نامۆ) کە ساڵی (٢٠٠٨) بەشی یەکەمی رۆمانەکەم بەچاپ گەیاند و حاڵی حازریش کتێبێکم لەژێر چاپدایە بەناونیشانی (لە بەرگی گەڵایەکدا دەمرم) هەروەها خەریکی نووسینی بەشی دووەمی رۆمانە شیعرییەکەمم..

**لە هەموو کوردستاندا ئەدەبی کوردی فەوزایەکی زۆری بەخۆوە بینیوە لە بواری شیعر و نووسیندا**

*** کەرکوك و شیعر لای تۆ چ مانایەك دەبەخشێت؟**

- ڕەنگە هەموو کاتێك ئیلهامی شیعر نەیەت بەڵام هەموو کاتێك کەرکوك لەناخمدایە..

*** شیعر و نووسین لە کەرکوك چۆن دەبینیت؟**

- بەداخەوە نەك لە کەرکوك بەڵکو لە هەموو کوردستاندا ئەدەبی کوردی فەوزایەکی زۆری بەخۆوە بینیوە لە بواری شیعر و نووسیندا، بۆ نموونە هەریەکێك وشەیەك یاخود دوو وشە بزانێت دەیکات بە شیعر و ناوی لێ دەنێ شیعر ئەمەش

کاریگەری سلبی هەیە بۆ هەموو نووسەران، ڕەنگە ئێستا ئەو شیعرە زۆر و بۆرانە وایکردبێ کەس حەزیان لێ نەکات و گوێشیان لێ وەرنەگرێت، بەداخەوە ئێمە شوێنێکمان نییە شوێنی ڕەخنەگران بێت، رەخنەی کوردیمان نییە، بۆ نموونە ئێستا لە ئێران هەموو ئەو بابەتانەی کە بەچاپ دەگەیەنرێت بە شوێنێکی رەخنە سازیدا تێدەپەڕێت و لیژنەیەکی هەڵسەنگاندن هەیە، ئەگەر بێتو لیژنەیەکی لەو جۆرە لە کوردستانی خۆماندا هەبێت ڕەنگە ئەو فەوزایە دروست نەبوایە..

*** سستی بەستنی کۆنگرە و ڤیستیڤاڵی ئەدەبی لە کەرکووك بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- بەداخەوە وەزعی سیاسی کورد وای کردووە کە کۆنگرەی ئەدەبی یاخود هونەری زۆر کەم بێت لە شاری کەرکووك، ئەوەندە سەرقاڵی کۆنگرەی سیاسین ئەوەندە عەودالی کۆنگرەیەکی ئەدەبی و هونەری نین کە ئەمە کێشەیەکی گەورەیە تووشی کۆمەڵگای ئێمە بووە، چونکە کۆمەڵگای ئێمە بە پێکهاتەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئەدەبی و هونەری تەواوە، بەڵام وەزعی ئەمنی و سیاسی کورد وا شڵەژاوە کە تەنها بیر لە وەزعێکی سیاسی بکرێتەوە.

*** لەم دواییەدا ژمارەیەك لە خانمی شاعیر هاتنە نێو کۆڕی ئەدەبی و شیعری لە کەرکووك، تۆ چ دەڵێی؟**

- من دەستخۆشییان لێدەکەم، منیش وەکو ئەوان

**ژنان کە دەستیان داوەتە نووسین، با یەکەمجار بە شیعر دەست پێنەکەن چونکە شیعر ئەوەندە ئاسان نییە هەموو کەسێك بتوانێت دەستی بۆ بەرێت**



سەرەتایەکم هەبوو، وەکو ئەوان بە کەم و کوڕی هاتمە ژوورەوە، پاشان توانیم پەرە بەخۆم بدەم، بەڵام تکام وایە بۆ هەموو ئەوانە نەك تەنها ژنان کە دەستیان داوەتە نووسین، با یەکەمجار بە شیعر دەست پێنەکەن چونکە شیعر ئەوەندە ئاسان نییە هەموو کەسێك بتوانێت دەستی بۆ بەرێت، با ئێمە پوخت بینەوە لای خۆمان چونکە من لە تەجروبەی خۆمەوە باس دەکەم من سەرەتایەکم هەبوو زۆر بە سادەیی دەستم پێکرد بەڵام دوای ئەوەی کەوتمە خوێندنەوەی ئەدەبی کوردی و ئەدەبی عەرەبی و ئەدەبی فارسی ئەوجا تێگەیشتم نووسین دەبێ لە چ ئاستێکدا بێت، ئینجا بڵاوی بکەیتەوە، جا تکام وایە بۆ هەموو ئەوانەی دەستیان هەیە لە نووسین با تۆزێك بەخۆیاندا بچنەوە.

# بەر لە خەوتن ...



جەمال غەمبار

شەوی فڕینەکانی من
لەشەوی چ باڵندەیەکی تر ناچێ.
خەوی کۆچەرییانەی من
لەخەوی چ ڕەوەندێکی تر ناچێ.
شەوی زاهیدانە شەوی من
بۆیە هەموو دەمێ بەر لەخەوتن

لەسەر عاشقترین ڕووبار
حیکایەتی دڵشکانی ئەستێرەیەک
بۆ غەمگینترین ئاسمان دەگێڕمەوە.
بەر لەخەوتن
هەموو شەوێک دەچمەوە ناو بیرەوەری
هەموو شەوێک گەڵاکانی ناو زاکیرەم
هەڵدەوەرێن!
هەموو شەوێک بەر لە خەوتن



لەبەر ئاوێنەکەدا خۆم لەتەنیایی ڕۆژ دەتەکێنم
شیعرێک دەگرمە باوەش و
دەستێک دەگرم بە دڵمەوە
نەبادا نیشتمان بەربێتەوەو هەپرون بێ.
دەستەکەی تریشم دەدەم بەخوا
نیگەرانیی کچ و کوڕە نائومێدەکانی
وولاتی پێ کۆکاتەوە.
هەموو شەوێک بەر لەخەوتن
خۆم پڕدەکەم لەمۆسیقا
دەم و چاوم بەڕووناکی مۆمە غەمگینەکەم
دەشۆم
بەر لەخەوتن گڵۆپی سفری نزایەک هەڵدەکەم و
دەڵێم خوایە، تەنیا ئەمشەو،
ئەمشەو و بەس،
لەخەونێکدا بم بەرەوە بۆ نیشتمان!
***
شەوانی ئێرەی باشووری زەمین،
ئێرەی ناو دڵی زەریایەک
بەقەد خەمی شەهیدێک بزورگ
لەشەوە تەزیوەکانی نیشتمان ناچن ...
شەوە مۆرەکانی ئوستralia
ئەو شەوانەی بەخۆت نییە
بەدەست دڵشکان و
بەدەست ئەستێرەی تەڕ بەگریانی خۆت و
بەدەست دڵی خۆتەوە گیردەخۆیت.

**پرپڕ دەبیت لەدەنگی سەحەری یادەکان.**

**شەوانی ئێرە،بەر لەخەوتن :**

**- نە کۆچی یار هەیە،نەکۆچی سپی باران**

**- نە بەفر ڕێگەی لێ تێکدەچێ و**

**- نە ڕۆژهەڵات لە بادەیەکی غەمگیندا نقوم**

**دەبێت**

**- نە ساقی هەیە،نە مەی،نە(چەم)ی عاشقان!**

**- نە گوێگرتن لە ئاخرین هەواڵی کۆبونەوەکانی**

**حزب! - نە هەڵوەرینی گۆرانی لەژێر درەختەکانی**

**- ئێوارانی(یانەی فەرمانبەران).**

**- نە بۆنکردنی چایەک و**

**- نەخوێندنەوەی کۆپلە شیعرێک لە پەناوە بۆ**

**هاوڕێیەک**

**لە گۆشەیەکی(چایخانەی شەعب)**

**یان ئاشتکردنەوەی برادەرێک**

**دڵی لە ووتارەکەی دوێنێت نیگەرانە.**

**لێرە ئەو شتانە شتاقیان نین و قەتیش نابن"!**

**لێرە تەنیا یەک شت هەیە،یەک شت و هیچی**

**تر نا**

**ئەویش ڕاکردنە بەدوای سێبەرێکدا ناوی نییە**

**سێبەرێک لە تۆ هەڵدێت و**

**خۆیشی ناگاتە چ مەنزڵێک!**

**لێرە هەمیشە خودێکی تەنیا هەیە،ئەویش**

**تۆیت!**

**تۆیەک بەدەم سەفەرەوە**



**هەمیشە چاوێکت وا لەسەر سیلەی بەخەم گیراوی**

**نیشتمانە و**

**چاوەکەی تریشت سەیری مردنێک دەکات**

**تازە لەشەڕی ئەشقیاو**

**تازە لەجەنگی ئاگردزەکان و**

**تازە لای خوا هاتۆتەوە!**

*******

**بەر لەخەوتن،پێش چوونەوە بۆ گۆڕی نوستن**

**لە مەملەکەتی شەوانی ئێرەی مندا**

**زۆر جاران،بەسەر ئەم خەمانەی خوارەوەدا**

**دابەشدەبم"**

**جگە لەئاوەدانی باخچەکەم،**

**بۆ ئەوەی تەنیایی نەمکوژێ:**

**- مۆمی قەسیدەیەکی(مەحوی) پێدەکەم.**

**- مۆسیقا دەخەمە ڕستەی پڕ جریوەوە.**

**- کتێبێک کە ڕۆحم تەڕ دەکات موتاڵا دەکەم.**

**- گەشتی خەیاڵ هەتا مەستبوون دەستپێدەکەم.**

**- وەک ئیماندارێکی وێڵ**

**ئەو گوناهە جوانانە دەژمێرم کە بەڕۆژ**

**کردوومن.**

**بەڕەشنووسی دێڕەکانی ئەو شیعرەدا دەچمەوە**

**کە تازە دەستم بەنووسینی کردووە.**

**لەپڕ بیرم دەکەوێتەوە دڵنیابم لەوەی تیکتی**

**شەمەندۆفێری**

**بەیانیم پێیە ئەو دەمەی بۆ سەر کارەکەم دەچم.**

چێکی پسوڵەکانی تەلەفۆن و کارەبا و غاز دەکەم
بزانم سبەی سەرەی کامیانە بۆ پارەدان.
لەوەتەیشی وازم لەجگەرەکێشان هێناوە
بەر لەخەوتن،ئەگەر هەبێت سێوێک دەخۆم.
دواجار دەبێت بەمەسیجەکانی مۆبایلەکەمدا
بچمەوە
بزانم کاک(دەوەن)ی هاوڕێ و برا،دڵسۆزانە،
هەواڵی دوا کۆچی کام ئازیزی بۆ ناردووم.
ئیتر بەدەم دەیان خەمی ترو خەیاڵاتی دیکەو
دەیان فڕینی ترەوە
نازانم چۆن دەچمەوە ناو گۆڕی نووستن ...
بەکورتی:شەوان بەر لەنووستن،
من، داری جەستەم لەپایزی ئوسترالیایە و
کەچی میوەی پێگەیشتووی ڕۆحم لەهاوینی
نیشتمان!
بەر لەخەوتن،حیکایەتەکانی من دێنەوە بۆ
ئەوێ.
وەرزەکانی من، بەخۆیان و نزا
غەمگینەکانیانەوە
بەرەو ماڵە باوان دەبنەوە!
لێرە جێیان نابێتەوە فەسڵە تۆراوەکانی ڕۆحی
من
***
دڵنیام
ئەگەر شەڕی ژیان نەبووایە



پێم خۆشبوو تا هەتایە شەو بێت
بۆ ئەوەی بەدەم بارانی مۆسیقا و
بەدەم تەقوای شیعرەوە،دووا قەسیدەی
کوژانەوەی
خۆم بنووسم ...
ئاخر من چیمدابوو لەڕۆژ کەتیایدا
دەبێ هەمیشە وەک ئەسپ ڕاکەم .
من چیمدابوو لە ڕاوەشاندنی ناقوسی
درۆ سپییەکانی ڕۆژ
ئەگەر شەڕی ژیان نەبووایە!
من کەی بەدەست ئێرەبوونی خۆمەوە گیرم
دەخوارد،کەی!

باشووری(ئوسترالیا)- ٢٠٠٩

# بەمجۆرە هەڵدەوەرێت پاییزی من



زمناکۆ بورهان قانع
zimnaco@hotmail.com

تێبینی: ئەم دەقە شیعرییە سەرلەنوێ ئیشکردنەوەیە لە گۆرانی (برادەر گیان)ی گەورە گۆرانیبێژی ئێران (داریوش)دا . دیارە (سوهراب) یش بە دوو دێڕ لە پێشەکی شیعرەکەدا ئامادەگیی دەبێت.

زەلکاوی ژوورەکەم رەش هەڵگەڕابوو
من ئاوازی خوێنم لە دەمارمدا دەبیست

سوهراب سپێهری – ساتی وون بوو



دەقی شیعرەکە:

من...
عادەتم گرتووە... بە مەئوای خەراباتی تۆ... ئەی برادەر
موحتاجم بە لەززەتی هەلاهەلای ئیحساسی تۆ... ئەی راگوزەر
تۆ... راگوزەر
بە تلۆعی ئەم هیجرەتە
چ موئمینێکت
لە ساحیلی لای مەشرەقت سەرگەردان کرد؟
بە ئیعلانی خۆکوشتنت
چ مورغێکی باڵ سوتاوت
لەم سەحرایە... بە خەنجەرێکی چەقیو لە سینەدا
فێری لەبیرچونی وانەکانی فڕین کرد؟
لە وێنەکانی ئەم ئەلبومە قەدیمەتدا
ئەم دەرو دیوارانە بۆ روخاون؟
پەرەندەیەکی موهاجیر
بەسەر ئەم باخە وشکەی تۆدا بۆ بە نائومێدی دەفڕێت؟
حەرفی موعەممای راگوزاری تۆ
لەم قاموسی پڕ ئەسرارە
بۆ حیبرەکەی کاڵ بۆتەوە؟
شکۆفەی خۆشنودی تۆ
بۆ لە خەیاڵی مندا هەڵوەریوە ؟ ئەی برادەر
دڵنشینە ئەم حیکایەتە... پڕ لە حوزنە ئەم چیرۆکە... ئەی راگوزەر
تۆ بزانە... برادەر گیان
بە ئاخرین سەفەری تۆ...
چۆن ؟ غەمی من قوڵتر دەکات هەڵوەرینی شەقایق

چۆن ؟ بەحری من سەر ڕێژ دەکات... هەیەجانی فرمێسکی تۆ

تۆ... موقەدەسیت وە ک عیبادەتی دایکم... برادەر

تۆ... پڕ حوزنیت وەک ژووری تاریکی من... ئەی ڕاگوزەر

تۆ... برادەر

بۆ لەمەودوا... سەفەری تۆ

لە شەوی پڕ شیددەتی دەرد و

لە غەمی مەحبوس و پەنگخواردوم

هەڵوەدای هیجرەتی عومرە... بۆ مەقبەرەی چۆڵ و شێدارم

تەمەننای مردنی خۆمە... لە خەونمدا کە بێدارم

لە ئێوارەی پڕ لە مەستی و سەرخۆشیی من... برادەر گیان

تۆ نازانیت...

چەند دڵتەنگم... چەند غەمگینم

چەند رووخاوم... چەند کاولم

چەند وێرانم... چەند حەزینم

دڵم تەنگە لەم ساحیلە بێ ئومێدە و... زۆر غەمگینم لەم کەنارە خەراباتە

تۆ نازانیت...

عەشق و مەستی و هەڵوەرین بێ شکۆفەن... ئەی ڕاگوزەر

لەبەرئەوە... برادەر گیان

باش گوێ بگرە لە مەقسەدی دڵبرینم... هەتا ئەبەد

بەمجۆرە دەدوێت حیکایەتی دڵنشینم... بەمجۆرە هەڵدەوەرێت پاییزی من

هەر بەمجۆرە

پڕ ئەسرارە... شەوی تاریکی هیجرەتی تۆ

سەرگەردانە... شەوی بێ ڕەحمی کاولی من

هەڵوەریوە... شەوی دڵ مردووی پڕ لەرزی تۆ

وێرانەیە... خەراباتە... قەبری تەسک و پڕ خۆڵی من

دڵنشینە ئەم حیکایەتە... ئەی برادەر



پڕ لە حوزنە ئەم چیرۆکە... ئەی ڕاگوزەر

لەم زوڵمەتە... برادەر گیان

گەر چەشمی تۆ... جەستەی دارزاوی من دەبینێت

بۆ نایەیت عیلاجی ئەو هەڵوەرینەی جەستەم بکەیت؟

لەم ئەگزاخانەیەی ئێرە

ئەگەر خوێنبەر و خوێنهێنەری تۆ... خڕۆکەی سپیم دەگوێزنەوە

بۆ هیمۆگلۆبینی من زەرد هەڵگەڕاوە؟... ئەی برادەر

ئەگەر لە گۆشەیەکی پڕ زوڵمەتی ئەم کەونەدا... شەوقێکی قەشەنگ ماوە

ئەم عەزابە بۆ لە سینەی مندا دەسوتێت ؟ ئەی ڕاگوزەر

دڵنشینە ئەم حیکایەتە... پڕ لە حوزنە ئەم چیرۆکە... هەتا ئەبەد

تۆ نازانیت... برادەر گیان

چەند دڵتەنگم... چەند غەمگینم

چەند رووخاوم... چەند کاولم

چەند وێرانم... چەند حەزینم

دڵم تەنگە لەم ساحیلە بێ ئومێدە و... زۆر غەمگینم لە کەنارە خەراباتە

لەبەرئەوە ...

باش گوێ بگرە لە مەقسەدی دڵبرینم... هەتا ئەبەد

بەمجۆرە دەدوێت حیکایەتی دڵنشینم... بەمجۆرە هەڵدەوەرێت پاییزی من

**حوزەیرانی- ٢٠٠٨**

چیرۆك

# گەڕەلاوژێی قسە با

ناگەهان هەموو دەروازەکانی شار بەستران، کۆڵان و نێو شەقامە گشتییەکان تەنران، باژێڕ ئازگارێك خرۆشا. ئێمە بڕێك ئافەریدەی نێر و مێ، بێ ئاگا لەم ڕەوشە و، چوون لە گوێی گادا نووستبین، لە یەکێك لە گەڕەکەکانی پەڕی شارەوە، بە پاسێکی پیری ئاماڵ سووری دێزهەڵگەڕاو، کە سەرجەم کورسییەکانی نێوی داوەشاوون. لە شەقامی نەمرانەوە ڕووە و ناوەندی شار بەڕێدەکەوین. هەیڤی ئەیلوولی وەرزی خەزانە، شەقامەکە هەرچەندە لەند و قۆڵت و چاڵ و چەوێڵی پێوە دیارە! لێ یەشتان لە هەندێك شوێنی قیرەکەی هەڵپەنماوە و دەکوڵێ!



حەمە سەعید زەنگنە

پاسەکە چەند میلێك جادە قیرەکە دەپێچێتەوە و، دەیهەوێ بۆ سەر شەقامی دوو سایدی ڤەژەن — ڕێڤییان باداتەوە! کۆڕیژگەیەکی زراڤی میانە بالآی



سەرقەوی و سمێل تاشراو، کە جلکێکی بەڵەکی لەژێر شەش مەخزەنی کلاشینکۆفەوە پۆشیوە، بەگوژم و تەکان بەرەو ڕووی پاسەکە دێت، دەستی ڕاستی لە کەلەکەی ناوە و، بەدەستی چەپی دەمانچەیەکی ڕووتی گرتووە و بە لوولەی دەمانچەکەی، خێرا خێرا کۆماو لەسەر کۆماو لە هەوادا دەنووسێ.

تا شەقاوێکی دەمێنێ بگات بە تفنکی پاسەکە، ئەوجار بە جەهر و تووڕەییەوە، وە شۆفێری پاسەکە ئێژێ: کاکە پاسەکەتان بەرەواژکەنەوە؟ شۆفێرەکە چەهرەی دەپەڕێ، لێ بێدەنگیش ناواتێ! بۆ کاکە شتێك بووە؟ شۆفێرەکە ئاوای پەرسف دەداتەوە. پێمگوتی بگەڕێوە دەنا زوانت دەبڕم. شۆفێرەکە جەستەی دەکەوێتە لەرزین و دەگەڵ جنێوێکی نەشیاودا، بە تایەی پاسەکە بلەز وێنەی گۆچانێك لەسەر شەقامەکە دەنەخشێنێ. پاسەکە لە بزاوتن دەکەوێ. ڕووخسارم دەبێت بە خامی سپی و سینەم دەکەوێتە تەپەتەپ. دە نێو قەدم بەرەو ژوور لە پەنجەرەی پاسەکەوە دەردێنم و دەپرسم: ئەرێ کاکە شتێك بووە؟

ئاپۆرەی سەرشەقامەکە بەشێکیان چاوم لێدەکەن.

پیاوێکی بەلەباریکەی چاو ئەلەتریکی ڕدێن کوێستان و خاڵخاڵ وەڵامم دەداتەوە: چما نازانی؟! بەلەز باگۆی دەدەمەوە: چی بزانم؟ پیاوە بەژن باریکەکە، وێڕای قیچەك خۆ نەوی کردنەوە، ئەنگوستە بڵاوەکانی زێتر پەلدەکاتەوە و دەگەڵ لچ خوارکردنەوەیەکدا پێمئێژێ: هیچ!! لەوە دەچێت تەوسم پێبکات، یا دوور نییە شۆخیی بەدۆخەکە بێت. لە دڵی خۆما دەڵێم: ببێ و نەبێ ماشێنێکی ئاوس بە دینەمێت تەقیوەتەوە! یا ئەوەتا سۆسەی هاتنە ناوەوەی شتێ لەو شێوەیەیان کردگە؟

سالآنێکە ڕۆژانە چەندان کاری لەم متایە ڕوو دەدەن. هەر بۆیە ئەگەرەکو ئوتومبێلێکی پۆلیس، یا بیانی بە شەقامەکەدا گوزەر بکات، بەپەلە جادەکە پەراوێز نەکەیت و لە ڕۆخی شەقامەکە نەوێستی! ئەوا بە ئاوای ئەو پیاوە شۆفێرە دەچی، کە کازێوەی بەیانی، وێڕای کوڕە چکۆلآنەکەی بە نیازی بەنزین وەرگرتن بارانی گوللە، خۆی و کوڕەکەی و پاسە شڕەکەی بەسەرەن بوون.

شەنگکوژان ماوەیەك بوو ئەتمۆسفیری شارەکەیان ئاڵۆز و لەبار برد بوو. ماهێك دەبوو نابوو لە ڕەخی خاسە ئوتومبێلێك تەقییەوە و ڕووبارەکە سیخناخ بوو لە قۆڵ و باڵ و مەژی و گەدە و لاق و دڵ و کەللەسەر، هەر ئێوارەی هەمان ڕۆژیش شەنگکوژێکی ناهاڵ و ناوەجاخ بە پژبێنێکی مین خۆی سەب کرد بوو، خۆی تەقاندەوە و کۆمایە زیرۆح بە قەرەبرووت بوون. ژاوەژاو لە نێو پاسەکە بڵیند بووەوە، بۆ دەلەسە بێژم، ئەگەرەکو لەو دەمەیدا قیچۆکەیەك دەسەڵاتم بوایە، ئەوا ئەو کۆڕێژگە سمێڵ تاشراوە پڕ عەنتەریاتەم بە دەردی عیسای مەسیح دەبرد.

ئوتومبێل ئەوقی دابووەوە، زۆربەی نەفەرەکانی نێو ماشێنەکان سەر شەقامەکەیان داپۆشی بوو. گەرماو ئەو خۆڵەی هەوا لە ڕووتەن و بیابانەکانەوە هانی بوونی، تەواوی خەڵکەکەی بێزار و وەڕز کردبوون. بە گوێی خۆم گوێم لێ بوو، پیرێژنێکی سیاپۆش کە خەمی ڕۆژگار کردبووی بە چەمەی چۆگان. لەبەر خۆیەوە دەیگوت: ئەمەیە چاکە و پیاوەتیتان هەی ڕووتان وەبن مەنجەڵ بێت ، کە لە دەمی مناڵەکانم دەگرتەوە و دەمکرد بە قورگی ئێوەی نمەك حەرامدا، خەنی لەخۆمان کوردان حوکمڕانیمان دەکەن، ئۆهـ پیری قەرەچێوار خوا چاکتان بۆ نەکا.

من لە نێوەوە گڕم گرتووە و دەکوڵێم، دڵم لەکن یارەکەمە دەبێت هەوکە چی بکات؟! ئەوی تەنیشتمەوە گەنجێکی ڕەشتاڵەی ڕێکپۆشە، ڕووم لێدەنێ و دەڵێت: قەت وەکو ئێستێ نائومێد نەبووم.

بەڕاستی ژیان لەم شارە هیس خنکاوەدا سەختە، بەڵام ئێمە شەڕ دەفرۆشین و گەردنمان لە تیغ دەساوین، ئەز بۆخۆم تەنیا قاپۆرەکەم دەنێو پاسەکەدایە، یەك چارەکیکە، ئەو ژوانەی بەر لە سێ ڕۆژان پێشتر وێڕای خۆشەویستەکەم بڕیارمان لەسەردا، دەچێتە واری جێبەجێکردنەوە و هیچ پاساوێکم لە دادگای عاشقان، کەمتەرخەمی وبێ بەقایی و بێ بەڵێنیم ئاتۆمێك کاڵناکاتەوە!! مەودایەکی فرە، لێل خۆشەویستەکەم لەمەڕ ژوان و وێکگەیشتن سستی و ساردی و خەڕەندەیێکی بەرین دەنێو پەیوەندییە سۆزدارییەکەمان کەوتبوو، دا ئەم ژوانە چێ بوو، سێ



ڕۆژانە، هەر خولەکێکم بە ساڵێك لێدەچێ.

بۆ ئەوەی لە پرسیارەکەی ئەوی تەنیشتم خۆم ببوێرم و زووتر لە کۆڵی خۆمی بکەمەوە دەڵێم: قەدەرمان وایە، مەگەر پێمان خۆشە شارەکەمان ببێتە مۆڵگەی شەنگکوژان؟ بەر لەوەی ئەوی زاری ڤەکات، شۆفێرە ناڕەحەتە ڕەنجاوەکەی کە لە کەم تینیدا لایەکی تەوێڵی لەسەر سوکانەکەیە، کەللەی لە سوکانەکە دوور دەخاتەوە، ئاوڕێکی پاشەوەی خۆی دەداتەوە و دەڵێت: ڕژێمیش بمابا هەر ئەوەندەی ڤێگاڤێ مرۆڤەکان دەنێو دەچوون، ئەوی ئالی شۆفێرەکە و نوای منەوە هەڵدەداتێ: ڕژێم چی بوو؟ من بۆ خۆم هێندەی بیرم کردبێتەوە، زەینم نایە ڕۆژێك کەسێك گوتبێتی پشتی دییەکانت برۆن، هەمی هەست و خوستێکم وێڕای دەنکەکەمە و بە خۆم ئەوشم: بەری چاوانت ڕووت بێتەوە لە ڕەنگ، ئەمێستە ئەو هەناسە سەردە دڵ بوریانە، دەبێت چ زەریایەکی پڕ وەیشوومە و، چ ئۆردویەکی تژی دە خەم ئابلۆقەی دابێت!! کەمۆکەیەك هەست لە خۆ ڕادەگرم، ناگا بە خۆم دەڵێمەوە: تۆ بڵێیت! مەنسولێك بیرەدا تێنەپەڕێت! ئێ خۆ کە من هاتم شار چ بەلای نەبوو؟ هەر خۆم بەرسڤی خۆم دەدەمەوە! نانا ئەوان ئەگەر بە شەقامێکیشدا گوزەربکەن هەر وا پێنج شەش خولەکانیان پێدەچێت، دواتر شەقامەکە مەرەخەس دەکەن.

کەس وەهەوەنتە نەگیرایە!، تا کەسێك قامکی بۆ ڕانەداشتبێت؟ چ قودرەت بوو کەسێك دینارێکی خواردبا!! دەستەواژەیەك دە نێو پاسەکەوە، زایەڵەی، هەراو غەڵبەغەڵبێکی زۆری نایەوە و ئەوەی سەلماند، ئەو ڕەفتارەیان فرەخاس بوو،.

پیاوێکی ڕەقەڵەی ڕێویلەی ڕیش هاتوو، کورتەك و شەرواڵێکی خاکی ژبەر خۆی نابوو، لە دامێنی پاسەکەوە بەئالی شۆفێرەکەوە بەڕەخی ئەنگوستی دۆشاو مژەی دەسماڵێکی ڕاست و چەپی بەسمێڵیدا هێنا و کەمۆکەیێك سەری بەرز کردەوە و بە دەنگێکی نێری بڵند گوتی: کاکە چا نییە ئازادیت؟ ئەو دەم ئەگەرەکو شەو هاتبان و نەوی بان لە پەلی ژنەکەت و بیانبردبا! توخوا هەژموونی ئەوەت بوو، بەر هەڵستییان بکەی، یا دەوێرایت متەقت لەزارەوە بێت؟ وا ئەوەندە دەمت گەرمە؟

شۆفێرەکە بەم قسانە زۆرتر ڕەنگی دەپەڕێ و قوڕگی هیشك دەبێ، لە جیاتی کابرای تەنیشتی بە دەنگێکی گڕ دەڵێت: کەسیان بە خۆڕایی لە ماڵ دەرنەکردووە و ئازار و ئەشکەنجەی کەسیش وەمەلامەت نەبووە!، ئەگەر کەسێکی وەکی تۆ زمانی لێنەدابا، من کە قاپورەکەم بەبێ خۆم لە نێو پاسەکەدایە ئەندێشە مەرەخەسم دەکا و، دەڵێم سەلاوات لێدەن براینە کەنگێ وەختی ئەو قسانەیە، کەچی شۆفێرەکە، کە ئەملاوئەولای لێوی کەفی کردبوون، زافتر لەسەری دەچێ و ئێژێت: باسی ئازادیم بۆ دەکا مامەی ئەختیار، من چی لە ئازادییەك بکەم، کە ژیانی خۆم و منالەکانم لە گەف و گوڕەشەدابن و شەوێ تا سپێدەی بەیانی بە چرایەك ڕۆژ بکەینەوە!

ئۆتومبێلەکان تا دێن زۆرتر دەبن و.. زیاتر پەنگ دەخۆنەوە، بەلای منەوە زەمین زێتر لە زڤڕاندنەوەی سروشتی خۆی بەدەوری خۆیدا خول دەخوات. چەند حەوتوویەك بوو کەپلەکەم پێیدەگوتم: ئارام، ماڵەوەمان دەڵێی هەستییان بەشتێك کردووە و چشتێکیان لا پەنی و ئاشکرا بووە بەردەوام بەدوومەوەن و چاودێریم دەکەن. هەفتەیەك پێش ئەمێستا و بەڕێگەی ژمارەیەکی نەناسراو، پەیامێکم بۆ هات، نووسرابوو: (هەناسەکەم نامهەوێ پشکداری خەمەکانم بکەیت، وەلێ ئاگادارت دەکەمەوە کە پێرێ دانی ئێوارێ، سامانی برام مۆبایلەکەی لێساندم و کێشای بە چەمەنتۆکەدا و پارچە پارچەی کرد. خۆشەویستت خەرمان.) ئەو شەوە لە هەژمەتان قاپێ وێسکی بووە میوانی گەدەم. من لاسار بووم گوتەکانی ویم نەدەسەلماند، ئەوی هەمیشە پێیدەگوتم: هێندەم پێمەلێ: خاو بوویتەوە و کەمتر دەرفەتی قسەکردن دەدەیت، ئاخر تۆش پێویستە ڕەچاوی کەشوهەوای ماڵی ئێمە بکەیت. کەچی من هەر لەسەرسیك و سەوداو فاکوفیکی خۆم دەمامەوە و دەمگوت: من ئەمانە نازانم! دەخوازم بتبینم و ژوانێکیش ڕێکبخەیت!! ئەوی دەلالایەوە و دەیگوت: ئارام بەسم دەمەدەمە و گلە و گازندە لێبکە! بە خۆشەویستیمان، لە هەردوو چاوانم ئەزیز و شیرینتری، پێمباشە دا باری ماڵەوەمان



نەختۆکەییێك هێور دەبێتەوە، قیچۆکەییێك تەلەفۆنەکانت کەمبکەرەوە و دەست بە نامەکانتەوە بگرە، بەلام ئەمن سەورو حەوسەڵەم لەگەڕان بوو، گوتە هەر گوتەی خۆم بوو، تا سێ ڕۆژان پێش نهۆ و بەهەمان ژمارە جارێکی دی پەیوەندی پێوە کردمەوە و، ئەم ژوانە ڕێکخرا و بەگریانەوە پێیگوتم: سامانی برام شەو و ڕۆژ لە ماڵەوەیە، پیشە و خوو و ولفەتی بووەتە خەو و تەماشاکردنی تەلەفزیۆن، هیچ کاروکاسبییەك ناکاو بەردەوام لە بێکاریدا شەڕ و کێشە و گێچەڵ بە ئێمە دەفرۆتێت، منیش خوا دڵێکی وێداوم گوتەکانت بەئایەتی قورئان دەزانم، ناچارم مەگەر بە بیانووی ماڵی پوورە ئافتاومەوە بکارم وەتبینم. ئەز دەبوو بچم لە گەڕەکی شاترییەکان لە ماڵی کوڕە پورەکەم، ئۆتومبیلەکەی بخوازم و بڕۆم لەو شوێنەی کە لەتەکی ڕێکەوتووم هەڵیگرم. ئێستەکانێ ئەوی بێ هێڤی و کزۆلکە ، چاوەڕوانە، نە مۆبایلی پێیە تا ئاگاداری بکەمەوە، نە ژمارەی هاوڕێکەی دەزانم تا لە ڕێگەی وییەوە پێی بێژم، هەرچەندە ئەگەرەکو ژمارەکەشیم زانیبا چ کەڵك و سوود و قازانجێکی نەبوو؟ خۆ ئەوی نووکە دەرچووە و پەرێشانە. دیسانەوە ژاوەژاو لە نێو پاسەکەدا پەیدا بووەوە: برایان، خوشکان ئەمن دەگەڕێمەوە ئەوی ناگەڕێتەوە با دابەزێت؟ شەنگکوژان وا بکەن دەبێ ئەم شارەیان ڕادەست کەین؟ ئەمە پێش دواگوتەی شوفێرەکەبوو.

ژنێکی لووت سمراوی بەسالاچوو، کە لەجیاتی خەزێمە مێخەکێکی لەکەپووی نابوو، سەر پۆشێکی سپی و پۆشاکی گوندیانی پۆشیبوو، هەڤیەك دەرکەی پاسەکە ڕۆنیشتبوو، داو داو لە زوڵفەکانی سپیی تێکەوتبوون، هەڵیدایێ: خۆیان دەگەڵیان شەریکن دەنا ئەو هەموو ترومبێلە، لە ئاسمانڕا نەهاتوونەتە ئەم شارەوە! نەفەرەکان گشت گوێ قولاخ بوون. ئەو لۆرییەی کە سێ حەوتووان پێش ئێستاکانێ تەقییەوە، ئێژن بەسەر چوار بازگە و زاڵگەدا ڕەتبووە! ئەوەی پێوە دەبێت و دەمرێ! هەر نەدارو ڕەش و ڕووتەکەیە! ئەوی لە ئازادی دەپەیڤی، جارێکی دی باگۆی دایەوە: نا پوورە گیان وانییە!! دەگەڵ وانییەکەدا چاوێکی لێکرد؟ تیرۆر هەژار و بێ

ماڵ و دەوڵەمەند و مەنسوول و بەردەست نازانێت! ژنە بەتەمەنەکە کە وێدەچوو زۆر داخ لەدڵ بێت. جارێکی دی هەڵیدایێ: کوڕە دەبڕۆ، نازانیێ؟! بۆ مەنسوول لەم شارەدا ماوە! ژن و مناڵەکانی لە دەرەوە نەبن! بۆ خۆیان شەویێ لەم شارە ڕۆژ دەکەنەوە؟ تا تۆ ئاوا بەرگرییان لێبکەی، یان هەر خەریکی........ بۆ کەس مەپاڕێوە تۆ ڕیشت سپییە، ئەوان حەوەجەیان بە نزاو پاڕانەوەی من و تۆ نییە، خوا کاریان ڕاست نەهێنیێ... زۆربەی نەفەرەکانی نێو پاسەکە گوتیان: ئەشەدوبیلا پوورە دروست دەفەرمیێ.

پیاوێکی ڕدێن ڕەشی سمێڵ قرتکراو کە ڕیشێکی بزنانەی هێشتبووەوە و پانتۆڵەکەی لە قولە پێی بوو، بە نك دەرکەی پاسەکەوە بە ڕیز ژنە دنیادیتەکەوە دانیشتبوو، بەردەوام دەیهەویست وا لە خەڵکەکە بگەیەنیێ، کە ئەم پشێوی و تەقینەوانە، بیانییەکان بەتایبەتی ئەمەریکا، خۆیەتی!.

کاکە دەڵێن: ئەو تەقینەوەیەی سیێ هەفتە پێش ئێستە تەقییەوە، ئەمەریکییەکان دوو خولەکان پێشتر بەوێدا ڕەتبوونە، کەس متەقی لەزارەوە نەهات، شۆفێرەکە کەڕەتێکیکە گوتییەوە: کاکە گوتم ئەوی ناگەڕێتەوە با دابەزێت؟ نەفەرەکان جموجولیان تێکەوت، ئەگەر بەهەڵەدا نەچووبم، بە ژنە دەم هەراشە زوڵف ماش و برنجییەکەوە ئێمە شەش نەفەر بووین داوەزیتین. هۆشم بەخۆم نەبوو وڕێنەم دەکرد: (دڵە بە قوربانت بم شەنگکوژان، هەر بەربەست و تەیمان و ئاستەنگ نین هەمبەر ژیان و ڕەوتی گەشەکردنی کۆمەڵگە. ئێرو ئەوان بوونە دڕکی مەم و زین و نەیانهێشت من و تۆی گوڵ بە یەکدی بگەین، ئەوان بوونە لەمپەر و ژوانەکەیان شەپڵە و شەلەل و ئیفلیج کردین، تۆ بە کۆڵیێ ژان و ژوارو وەزەنەوە بگەڕێوە و منیش دەبێت مینا شەوانی دی سەری شووشە بادەم).

کەمێك بە بێوازی و بەبیێ مەبەست بەنێو ئاپۆرەی خەڵکەکەدا، پێنگاڤی کیسەلانە دەنێم، خەڵکی دوو دوو و سیێ سیێ بەیەکەوە گردبوونەتەوە چپە چپیانە، بەرامبەر



گەنجێکی ڕژیی ئەسمەری ملوانکە لە گەردن ئێستێك دەکەم، تیشێرتێکی سپی و کابۆیەکی شینی لەپێیە، سەکسووکەیەکی هێشتووەتەوە و ڕستکەکەی ئەستۆی وێنەیەکی جیڤارای لەسەرە، دەوشم:

- ئەریێ برا! تەقینەوە بووە، یان دەبێت؟ لە وەڵامدا دەڵێت:

- کاکە تەقینەوەی چی؟

پێی دەڵێمەوە: ئەدی شەنگکوژان هاتوونەتە نێو شارەوە، یان دێن؟

پێمدەڵێت: برا ئەوە تۆ دەڵێی چی! شەنگکوژی چی و تەقینەوەی چی؟

پێی دەڵێمەوە: ئەدی ئەم شارە بۆچی شەمزاوە؟

بزەیەکم لۆ دەکاو دەڵێت: ئەوە یەکێك لە مشەخۆرەکان بە ئێرەدا دیێ!! بڕێك چاو لەچاوی دەکەم و پێی دەڵێمەوە: جابرا ئەو مەشخۆیانەی تۆ مەبەستە، ڕۆژانە تێدەپەڕن و لە چەند خولەکانیێ زێتر نابا، دواتر شەقامەکە ڕووخساری جارانی بۆ دەگەڕێتەوە، لیێ ئەوە زێتر لە نیو دەمژمێرە شارەکە شڵەژاوەو.. خەڵکەکەی بەیەکا دێن. کەچی ئەوی لێم نزیك دەبێتەوە و دەوی لە بناگوێم دەنیێ و بەسرتەوە پێمئێژیێ: ئەم مشەخۆرەیان لە واندی ناچیێ؟ کەمێکی لیێ دەچمە نواوە و پێیدەڵێم: مەگەر چۆن؟ کەچی ئەوی جارێکی دی لێم نزیك دەبێتەوەو، بەچپەوە پێم دەڵێت: بۆ تێناگەیت؟ ئەمەیان مشەخۆرێکی گەورەیە، گەورە.!!

# لە فایلی (1963)وە



جەلیل محەمەد شەریف

بۆنی خەرمان و جیَز و کاکێشان لەو گوندەی دەشتی کەرکوك واتای بەردەوام بوونی ژیان بوو، حەمەسەعید لەو بۆنە تێر نەدەبوو، پڕ بە سییەکانی هەڵیدەمژی، یادەوەرییەکانی سەردەمی عیشق و هەرزەکاری لە دەمارەکانیدا دەوروژاندەوە.. (لەخوا بەزیاد بێ ئەوا وەرزی ژیانەوەیەکی ترم لە لاپەڕەی بوونمدا تۆمار کرا...).

ئەوەی گوڕی بە هەڵس و کەوتی هەمووان دابوو، ئەوەبوو ئەو ساڵە ساڵێکی هات و بەرەکەت بوو. هەناوی حوزەیران خۆی دەئاخنیە کەلەبەرەکانی هەموو بوونەوەرەکانەوە، کار و فرمانی خەڵکی گوندی مامە لە لوتکەدا بوو، لەپاڵ ئارەقە رشتن و شنە بادا ناو بەناو دەنگێکی (خالۆی ڕێبوار) یان (نەشمیل نەشمیل) دەهاتە گوێ و لەسەر خەرمانێکی ترەوە لاوێك بە بەزمێکی تر وەڵامی دەدایەوە.

ساڵی (١٩٦٣)بوو، چەند رۆژێك بوو واتە واتەی ترسناك خەریك بوو پەرژینی ئەو ژیانەیان لێ تێکدا...

- دەڵێن سوپاو (حەرەس قەومی) بە گوندەکانا دەگەڕێن.
- بەدوای چیدا دەگەڕێن؟
- بەدوای گەنجان و چەك و هەموو شتێك بۆنی یاساغی لێبێ...
- بەکورتی بڵێ ڕاوە کوردە...

حەمەسەعید لەگەڵ رۆژهەڵاتا گوێی لە گرمەی تۆپێکی دوور بوو، زۆری پێ نەچوو دەنگی (دەبابەو زرێپۆش) رایچەناند، پاش چەند خولەکێك ئەو ئامێرە ترسناکانە لەگەڵ سەدان ئەفسەر



و جەیش شەعبی بەگوندەکەدا بڵاو بوونەوە. هاواریان لەخەڵك کرد.. (هەر کەسە بچێتە ماڵی خۆیەوە!!).

هەر کەسێکی خەریکی کارو فەرمانێك بوو بە پەلە بەرەو ماڵەکانی خۆیان ڕایان کرد، پشکنین دەسی پێ کرد، هەر زەلامێکیان دەگرت فەرمانیان دەدایێ کە بچێت لە گۆڕەپانی خەرمانەکان راوەستێ. بە کات ژمێرێ فرەتر لە پەنجا زەلامیان لەو شوێنە کۆکردەوە.

حەمەسەعید بە بۆچوونێکی ساکاریەوە وای بۆچوو ئەگەر کورتانێك بێنێ لەبەر دەرگای حەوشە دایناو بە شوژنێکەوە خەریکی بێ، دەنگی لەگەڵ ناکەن. (جەلال)ی کوڕی کە لە تەمەنی دە ساڵیدا بوو، لەسەر یەك پێش پشکنینەکە ئەم دیوو ئەو دیوی باوکی دەکرد، دەیگووت (باوە با بڕۆین... توخوا با بڕۆین). مەبەستی ئەوە بوو کە وەك ئەو گەنجانەی گومانیان لە خۆیان هەبوو دەرچن لە گوند و بەرەو تەلانەکانی ژوروو بڕۆن..

حەمەسەعید بەقسەی کوڕەکەی نەکرد، دوو سەرباز هاتنە ئاستی و گرتنیان لەبن هەنگڵی و داوای چوونە ناو کۆمەڵە زەلامەکەیان لێ کرد.

ئەو هەڵمەتە بە فەرماندەیی (حەماد شەهاب) بوو کە لە نێو جیبێکی سەربازیەوە سەرپەرشتی دەکرد.

زەلامەکان لەو ساتە نا ئاساییەدا جەستەیان بوو بووە کارتۆنێکی بەتاڵ، ئەنجامی چارەنووسیان لەنێو تەم و مژدا بوو. پاش چەند کاتژمێرێك پشکنین تەواو بوو، زرێپۆش و دەبابەکان لەگەڵ هەموو چەکدارەکان گوندەکەیان بەجێهێشت. بەرە بەرە دەنگەکەیان دوور کەوتەوە، بەڵام هەتاوەکوو خۆر لە زەردە یەك زەلام زاتی ئەوەی نەدەکرد شوێنەکە بەجێبێڵێ و بەرەو ماڵ ببێتەوە، هەموو وەکوو بزمار لەئاست خۆیان چەقیبوون. کاتێ دڵنیابوون کە ترس نەما، حەمە سەعید وەکوو خەڵکەکەی تر گەڕایەوە ماڵ، بەڵام ئەوەی چاوەڕوانی نەدەکرد دەنگی هاوار وفیغان بوو کە لە حەوشەکەیانەوە گەیشتە گوێی. بە پەلە خۆی کرد بە ژوورا...

- بۆ خاتری خوا چی قەوماوە؟!
- چیت لێ بشارینەوە... جەلال مرد..

ئامێرەکانی سووڕانی خوێن لە لەشیدا سست بوونەوە، خوێن بۆ مێشکی نەڕۆیشت، بەرچاوی تاریك بوو، یەك تەختە لە زەویەکە لەشی رەق هەڵگەڕا. کاتێ چاوی کردەوە ئاویان دەپژاندە روخسارياو لای ئافرەتەکانی ماڵەکەی شیوەن بوو بوو بە دوو شیوەن، دانیشتەوە بە زمانێکی پەڵتەوە نووزەیەکی لێوەهات (بریا کوڕم بە قسەتم بکردایە!!...).

# دۆزەخ و کودەتا



خۆرخێ لویس بۆرخیس
و/ سابیر مەلوول

## ١- دۆزەخ

هەر لە گزنگی بەیانییەوە هەتا زەردەپەڕی ئێوارەی هەموو ڕۆژێکی دوا ساڵەکانی سەدەی سیازدە پڵنگێك هەندێك تەختەداری بینی، چەند ئەستوندەگێکی ئاسنین، ژن و پیاوگەلێکی بینی کە شێوەیان بۆ سەر یەکتری دەگۆڕا، دیوارێکی ئەستوور، شایەد جۆگەیەکی ناو بەردانیش کە گەڵای وشك و پوش و پەڵاش گرتبووی، نەیزانی، هەرگیز نەیتوانی بزانێ شەیدای عەشق و شەیدای وەحشیگەریێتی و شەیدای لەزەتی هەڵدڕینی شتێکە، کاتێ گڕە با عەتری ئاسك و کارمامزی لەگەڵ خۆی دەهێنا بەڵام شتێك لە ناخیدا یاخی بوو و هەناسەی لێبڕی و تەقییەوە. هەر بۆیە خودا لە خەوندا دواندی و گوتی: تۆ لەم زیندانەدا دەژیت و هەر لێرەشدا دەمری تا پیاوێك کە من دەیناسم چەند جارێك دەتبینێ و هەرگیز لەبیری ناچیتەوە. پیاوێك کە وێنەو هێمای تۆ دەخاتە ناو شیعرێکەوە کە ئەو شیعرە پایەیەکی وردی هەیە لە ڕەنگڕێژیی گەردووندا، تۆ بەدەستی دیلییەوە دەناڵی، بەڵام وشەیەك دەبەخشیتە شیعرێك خودا لە خەوندا ئاژەڵێتی لە بەرچاوی گیانەوەرەکە جوان و شیرین کرد، بۆیە گیانەوەرەکە بە چارەنووسی خۆی ڕازی بوو و داسراکا، بەڵام کاتێك بە ئاگا هات تەنها خۆبەدەستەوەدانێکی تاریك و جەهالەتێکی ئازاری بینی چونکە بەلای سادەگیی گیانەوەرەوە، میکانیزمی دنیا



بەتەواوەتی ئاڵۆزە. ساڵانێك دواتر "دانتی" وەك هەر پیاوێکی تر، تاقوتەنها، غەرقی گوناح لە "ڕاڤینا" گیانی دەدا. خودا لە خەوندا هۆکاری نهێنی ژیان و کارەکانی خۆی پێوت.

دانتی بەسەرسوڕمانەوە لە کۆتاییدا زانی کێ بووەو چی بووە. بۆیە کوڵەمەرگی و ژینتاڵیییەکەی خۆی بەنیعمەت زانی.

نەریتەکان دەڵێن گوایە کاتێك بەئاگا هات هەستی کرد شتێکی نا کۆتای درایەو ونی کرد شتێك کە هەرگیز لە توانایدا نییە بەدەستی بهێنێتەوە یان جارێکی تر بیبینێتەوە بەچاو چونکە بەگوێرەی سادەلەوحیی مرۆڤ میکانیزمی دنیا تەواوەتی ئاڵۆزە.

## ٢-کودەتا:

هاوڕێکانی قەیسەر، بەمەبەستی تۆقاندن و کوشتنی، بە نووك و مەودای تیژی خەنجەرە بێ ماناکانیان، قەیسەریان پاڵدایە بەر پێی پەیکەرێك. بەڵام تزار لە نێوان مەوداکان و ڕوخسارەکاندا دەموچاوی "مارسیس جنیۆس پرۆتەسی خزمەکاری خۆی کە دەشێ کوڕیشی بووبێ دەناسێتەوە. لەبەر هەندێ بەرگری نەکردو دەستی لەخۆی بەرداو هاواری کرد: (تەنانەت تۆش کوڕەکەم!)

دەبایە شکسپیر و کۆفیدو ئەم هاوارە جەرگبڕە زیندوو بکەنەوە.

چارەنووس حەزی لە دووبارەبوونەوەو یەکڕەنگییە، لە چونیەکی و لەبەر گرتنەوە لە هاوئاهەنگی. لەبەر ئەوە نۆزدە سەدە دواتر لە باشووری بۆینس ئایرس گاوانێك هێرش دەباتە سەر گاوانێکی تر ئەوەیان کە دەکەوێتە سەرزەوی ڕوخساری ئەو کوڕەی دەناسێتەوە کە هی خۆی نەبوو و بەخێو و گەورەی کردبوو، لەگەڵ سەرسوڕماندا بە سەرزەنشتێکی ئارام دەڵێ:- تەنانەت تۆش-(وشەکان ناخوێنرێنەوە دەبێ بەگوێی خۆت، زایەڵەیان ببیسی).

کوژرا بەڵام نەیزانی دەمرێت تاوەکو دیمەنەکە دووبارە بێتەوە!

سەرچاوە: مراة الحبر، دار علاءالدين

# میوانەکانی دۆزەخ



سەبا ئەحمەد

کەسایەتییەکان:

١. کچی یەکەم کەمئەندام کە لەسەرکورسییەکی گەڕۆکە.
٢. کچی دووەم خوشکی.
٣. کچی سێیەم خوشکی.
٤. کوڕێك کە برایانە.



**پەردەی یەکەم**

سەرتەختەی شانۆ تاریکە دەنگی قیژەو هاوار لە پشت پەردەوە دێت پاش ماوەیەك مۆسیقا سەرتەختەی شانۆ ڕووناك دەبێتەوە.. .. .

کوڕێك بەتەنیشت سێ کچی ڕەش پۆشەوە دانیشتووە دوان لەکچەکان بەردەوام سەریان لەسەر ئەژنۆیانە وئەگرین.

کوڕ: بیبڕەوە ئەم گریان گریانە.. . خۆت کوشت ،ئەوە بۆمانگێکە وچانێك بێدەنگ نەبوویت. پشوویەك بدە!

کچ ١: ناتوانم.. کەس نییە هەست بەم ئاگرەی ناخی من بکات.. . کە بە ئۆقیانووسەکانی دنیا ناکوژێتەوە و دانامرکێ..

کچ٢: بۆ وا ئەزانی هەر تەنها ئێمە دایکمان مردووە.. ؟ مردن بۆ هەمووکەسێکە.. دەبیبڕەوە با چیتر نەبینە قسەی خەڵکی.. . ئەم وئەو.

کچ١: ئێوە نازانن دایك بۆمن چ مانایەکی هەبوو.. دایکم ئەو شورایە بوو کەهەردەم دەوری دابووم لە هەموو بەدبەختییەکانی دنیای ئەپاراستم، ئەو گوڕی پێئەدام بەبێ هیچ هیوایەك بژیم.

کچ٣: دایکم واتا پەرژینێك بەڕووی نەهامەتییەکاندا.. مەرگی دایکم یەکەمین هەڵوەشاندنەوەی شیرازەمان بوو، یەکەمین لەقینی کۆشکەکانی ئاسوودەییمان بوو.. ئۆف دایکە پەرژینەکەم.. !

کوڕ: بۆ ئێوە من بەهیچ نازانن ئەی لەبەر خاتری ئێوە نییە دەمەوێ سەری خۆم هەڵگرم وبڕۆم بۆناو توناوتونەکانی با با.. بەڵام ئێوە خۆش بەخت بن.. لەم نەهامەتی و هەژارییە قوتاربن..

کچ٢: هەمووکەسێك پشت و پەنایەکی هەیە ئێمەش برایەکمان هەیە.. دەبێ لە قسەی دەرنەچین و ئەو هەرچی کرد لە قازانجی ئێمەدایە.. باپێمان نەڵێن متمانەیان بە براکەیان نییە.

کچ٣: ئێمە خۆمان دەزانین قازانجمان لە کوێ دایە.. هێشتنەوەی جێ دەستەکانی دایکم تاقە سەبوری و پەنامانە..

کچ٢: یەکێك لەو شتانەی لە تەمەنمدا لێی ترسابم ڕووبەڕووبوونەوەی کەللە ڕەقییەکانی

ئێوەیە.
کچ١: تەنها بۆنی شیرینترین ڕابردوو تارمایی وگرانترین سۆز لێرەدا هەست پێدەکەم..
کوڕ: بەم کەلاوەیە ئەڵێی لات بۆتە قەسری ڕەزاشا.. ئەمە ئێمە نەبین سەگیش گوزەرانی تیا ناکات..
کچ١: من دەمەوێت ئەو سەگەبم کە لێرەدا گوزەران بکەم.. بەڵام بۆن بە جێ پێکانی دایکمەوە بکەم.
کچ ٣: بۆ هێشتنەوەی سایەی دایکم دەمەوێت ئەم لادیوارە بکەمە وێنەیەکی گەورەی دایکم. تا هەمیشە هەست بەئامادەیی بکەم..
کوڕ: کام لادیوارە؟ دەترسم بەمە بڵێن ماڵ؟، ئەمە بۆئێمە لە ژیاندا هەرمایەی سزابوو کوێرەوەریترین ڕۆژانی ژیانمان تێدا گوزەراند.. بەرنەفرەت کەوێ چ لانەیەکی شوم بوو بۆمان. باوکم تا مرد نەیتوانی قەرزەکەی تەواو بکات ودایکم بەنانی ماڵان توانی دوای سێ ساڵ لە هەڕەشەی خاوەن قەرزەکان ڕزگارمان کات.. بۆ لاتان بۆتە بەهەشت..؟ بەرنەفرەت کەوێ چ لانەیەکی شووم بوو. من هێندە ئارامم هەبوو تا دایکە داماوەکەم بخەمە چاڵ ئەودەم ئەم خانووە ڕەزا تاڵترین جێگایی دنیایە.. گەر بۆشم بکرێ بە گەڕەکەکەشەوە لە سەر نەخشە ئەیسڕمەوە...
کچ١: بۆ ئەتەوێ هەموو بیرەوەرییەکانی دایکم بسڕیتەوە.. ئەگەر نەتهێشتن چی لەبریاندا دائەنێی.. کامە ئێستات ؟ ئێستاشمان لە ڕابردوومان ڕەزیلترە وبێبەریترە لەشادی..
کچ٣: چ بەدنمەکیەکە مرۆڤ تف لە ڕابردووی خۆی بکات.. چ سپڵەیە مرۆڤێك دووێنێی لەیاد نەمابێت..
کچ٢: کاتێك تف لە ڕابردووی خۆم ناکەم.. ڕابردووم مایەی شانازیم و ڕێز بێت ئەوەی ئێمە هەمووی ڕسوای بوو.. سەرکزی وشەرمەزاریمان بوو.
کوڕ: ئێوە هەست بەخۆتان ناکەن ئەگینا بۆنی گەنیوی ئەم ماڵە هەموو گەڕەك وشاریشی بێزار کردووە.. ئێمەش بووینەتە بۆگەنترین گیانلەبەر.. نا بینن یابە چاوی بەزەیی یا ڕسوایی گەڕەك سەیرمان دەکەن.. ؟
کچ١: بە عارەبانەکەی خۆی دەئاژوێت ودەچێتە بەردەمی براکەی.. دەڵێ: گەر ئەم سوکنایەت فرۆشت من چی ؟سکێچەکانی خوشکەکەم چی.. جلوبەرگەکەی دایکم چی ؟فیشەك دانەکانی باوکم چی.. ؟دەتەوێ فڕێیاندەیتە کام زبڵدان؟!



کوڕ: ئەوانە هەمووبەشێکن لە ژیانی پڕکوێرەوەری بەشێکن لە شەرمەزارییەکانی ئێمە بەشێکن لە خەڵەتانەکانی ئێمە بە هەناسە کەوامان هەست ئەکرد ئەژین.. ئێوە هەست ناکەن وەك من نایەنەدەرەوە .. وەرن سەیرێکی گەڕەك کەن وائەزانن وەك جاران ماوە.. ئێستا بەتەنها ماڵی ئێمە بۆتە مایەی دزێوکردنی گەڕەك وسەرچاوەی بۆنی ناخۆش..
کچ٣: بەلامەوە زۆر ئاساییە کاتێك باشتر شك نابەم خراپی خۆم نادۆڕێنم.. ئێمە تازە بەشێکین لێرە ناتوانین حاشای لێ بکەین.. دان پێدانان باشترین چارەسەرە بۆمان.. لێرە نەبێ بچین بۆ کوێ؟
کچ٢: بۆ ئێوە وا دەزانن من ماڵم نییە ئەی ئەو کۆشکەم بۆچی یە؟گەرئێوە تیایدا هەست بەئارامی نەکەن.. هەرچی بم خوشکی ئێوەم.. هاوسەرەکەشم لەمن زیاتر ڕێزتان لێدەگرێت.. فرۆشتنی ئەم کەلاوە بە ئەو سودی خۆی وکۆمپانیاکەی تێدایە.. با مرۆڤ لە ڕوی قازانجی دۆستەکانیەوە بەخیل نەبێ..
کچ١: جێ یەك نییە لەم گەردوونەدا ئەو هەموو ئاهو حەسرەتانەی من بگرێت، ئەم وێرانەیە نەبێت.. ئەمە ڕابردووی منە.. من ئێرەش داهاتوومە بێ ئێرە من قەلەندەرم لە کۆشکی شاهیدا نا ئاسوودەم.. نامۆم.
کچ٣: گەربەردێك لە دیواری ئەم خانووە بفرۆشرێت سەرپاکی خەونی ئایندەو گرێکانی ڕابردوومان خاپوردەبێت (فلچەکەی هەڵدەگرێت ودەست ئەکات بەوێنە کێشان)
کوڕ: گەر ڕێزلە دایکت دەگریت دەتوانی لە خۆشترین باڵەخانەکانی ئەم شارەدا وێنەی بکێشی.. نەك لە لانەی مشك وکرمدا.. ڕۆژانەمێروولە لەچاوەکانیدا هێلانەبکەن..
کچ٣: وێنە لە جێیەکدا کەنامۆبێ بەخاوەنەکەی بەهەموو هونەری دنیا ناتوانێت عیشق دروست بکات وبێتە نیگارێکی نەمر گەرسایەی خاوەنەکەی نەمرنەبێ..
کچ١: لێرەنەبێ لەهەرجێ یەکی ئەم دنیایەدابم من میوانێکی ڕەزاقورسم.. کەس باری قورسی منی هەمووتەمەن پێهەڵناگیرێت..
کوڕ: خوشکەکانم من کێم هەیە بۆی بژیم؟ ئێوە گەر ستوونی باڵای من نەبێ چرای خەونەکانتان بە چیدا هەڵدەواسن.. ؟لێرە ئەم خانووە بەپارەیەکی باش دەفرۆشین وبەپارەکەی دەچمە هەندەران هەمووچەند مانگێکە کەباشترین خانوو نایابترین ماشین بۆتۆو فراوانترین مەرسەم بۆ تۆی ئازیز دەکەمەوە.. هەرچی خوشکە گەورەکەشمە هێندە پارەی بۆ دەنێرمەوە لەبری مێردەکەی ئەو فەرمانڕەوابێت.. بەویستی خۆی فەرمان نەك

بەسەر مێردەکەیدا بەسەر هەموو پیاوی ئەم شارەدا بکات..

کچ۲: خوا تۆمان لێ نەسەنێ کێ هەبێ لەکارو بیرکردنەوەکانی تۆ دڵنیا نەبێ؟!تۆ برا گەورەمانی تۆ تاقە ئومێدی دایکم بووی.. تۆیت دەتوانی مەرگی دایکم ئاسوودە بکەیت..

کچ۳: ئەوەی لە دەستمدایە هەرگیز نایگۆڕمەوە بەوەی دیارنییە کەسێك نییە قەبری ئاواتەکانی دایك وباوکی بفرۆشێت ولەسەربانی خەڵك وەك مەیمون هەڵبەڕێت وەك شێتەکان فرمێسك بڕژێت..

کچ۱: من ماڵی خۆم بەجێناهێڵم وئەوەی ئێرە بەکەلاوە دائەنێت ئەتوانێ نەیەتەناوی..

کچ۲: هێندە ئینکاری مەکە بهێڵە با ئێمەش وەك مرۆڤ بژین.. بهێڵە بالەزەتێك لەشارستانی بوون ببینین.

کوڕ: ئێوە بەختەوەرن دەرەوەنابینن هەست بەپێشبڕکێی مۆدێلاتی خانووسەیارە ی کەشخەناکەن بۆنی پارە لەبازاڕدا وڕی نەکردوون وگیرفانی قوپاوی خۆتان بەکاغەز هەڵنەئاوساندووە.. گرەوێکتان لەسەرشارو گەڕەك نەکردووە بەقومارێك نەبوونەتە ملیۆنێر ووەزیری قومار چیتان نەدیوە ئێوە هەقتانە متمانەی خۆتان بەرامبەر ژیان لە دەست نەدەن نەچوونەتە ناو ماشێنی برادەرو بەپۆزەوە هەواڵی نرخی دۆلاری بەمۆبایلی ئاخرمۆدێل نەپرسیوە.. . هەقتانە مردنی هەمەڕەنگی ئەم خاکەو خیانەتی دۆست وبرادەرتان نەدیوە هەقتانە گەرلەم شوورایەدا شلوێ نەبوون بەبۆنی ژیانی نوێ.. و بەموقەدەسی مابنەوە هەقتانە.. کە وابڵێن.

کچ۳: من لەم کەلاوەیەدا ئەتوانم متمانە دروست بکەم هەمووگەردەوەکانی ژیان نەمبزوێنی..

کچ۲: ئەو قسەیەکەبەرلە کەوتنە ناو ئەزمونە سەختەکانی ژیان مرۆڤ دەیکات.. پارە جەستە بەمرۆڤ هەراج دەکات.. بەکێش بەوکەسانەی ژیان شلوێ ئەکەن بەژیانی نوێ و. مانای ناباو بڕیاری سەرپێی.

کچ۱: ئەمانە دەزانم بەرگەگرتنی ئەم گەردەلولە هێزی دەوێ منیش گریانم هەربۆئەمەبوو دڵنیا بووم بە مەرگی دایکم ئێمە هیزی جێگیربونمان لە خاکدا لە دەست ئەدەین،ئەو دەم دەبینە پەلاشی دەم باو باش بەویستی خۆی دەمانباو هەرگیز ناگەڕێینەوە سەر یەکەمین جێ پێکانی پاکیزەیی..



کچ۳: دایکە لەکوێی سەرێك هەڵبڕە دوافرمێسکە ساردەکانت بسڕەوە کەبەنائومێدانە بۆ ئێمەت هەڵڕشت ببینە کچەکانت چۆن دەکەونە بەر زەبری ڕۆژگار چۆن هەڵئەدرێنە ناو دنیایەك کەپاکیزەکان تیایدا لە ناو دەچن..

کچ۱: وەرە بمانبە بۆ گۆڕیشیێ سەدان جار لەم ژیانە جوانترە، کە هەرگیز لەگەڵی ڕانایەین و ئەبەد بۆمان دەستەمۆ نابێ.. بمانبە بۆ پشت شووراکانی خاك بەس لەبەر چاوانمان ونکە جێمان مەهێڵە بۆ مەسخەرەی دۆست وبێگانە..

## پەردەی دووەم

سەرتەختەی شانۆ هەرسێ خوشکەکە لە کەلاوەیەکدا دانیشتوون

کچ۱: دەمزانی.. هەرزو ئەمەم بە بیردا ئەهات کەئێمە ئەبین بەژێرپێی وژێر باری گرانی ئەم گەردونەوە.. ئێمە لەکوێ باسکی لوسی ئەم سەردەمەمان بۆ بائەدرێ..

کچ۲: چۆن توانیم متمانە بەبرایەك بکەم کەسەرجەم ڕابردوو ژیانی لێ فڕاندم و کردمیە قەلەندەرو ئەفەرۆزی ناومالۆ منالی کردم.

کچ۳: تاوانی تۆش بوو.. بەتەنها ئەوتاوانبار نەبوو.. هەمیشە پشتیوانی خەیاڵە ئالۆسکاوەکانیت ئەکرد.. تەرازووی خەیاڵە بێ ماناکانیت لاسەنگ وقورسترئەکرد.

کچ۲: ئێوە تەنها لەلایەکەوە فشارتان لەسەربوو بەلام من لەچەندین لاوە ئەنجامەکەشی بەسەر مندا شکایەوە.. براکەم دەهاتە لام و باسی ئەوەی ئەکرد کە فرۆشتنی ئەوخانووە چەند باشە وجێگاکەی چەند گرنگەبۆپرۆژەیەکی بازرگانی بەبێ ژمارە پارە ئەکات.. مێردەکەشم لەلایەکەوە هەڕەشەی ئەوەی لێ دەکردم کەئەبێ خانووەکە بەکۆمپانیاکەی ئەو بفرۆشین وبەشی خۆم لەمیراتی بەرم..

کچ۱: ئەوە ناکاتەئەوەی هێندە سووك وئاسان خۆت تەسلیم بەتەماح وچاوچنۆکییەکانی ئەوان بکەی.. ئەوائێستا خۆت ومالۆ منالۆ شوێنەواری دایکت وباوکیشت وئێمەشت دۆڕان.

کچ۲: ئێوە هەرچۆن بێ لەمن باشترن تەنها بێلانەن.. هەرمن بێماڵ ومندال و دەرکراو ڕیسوای ئەم گەردوونەم.. من لەسەد لاوە دۆڕاوم، ئەوڕۆژەی خانووەکە درابەکۆمپانیایەکی کە ،ئیدی ژیان لەمن بویە دۆزەخ زمانی شادیم شکا وکاتێك لە بەشەمیرات بێ بەش کرام چیدی شایانی ئەوەش نەبووم لەو ماڵەدا بژیم..

کچ٣: هەریەك لە ئێوە لە شتێکدا لەمن باشترن هەرچۆن بێت خاوەنی ڕێزوڕەوشتی خۆتانن وەك من نەبوونەتە گوڵەژاڵەی سەر مێزەکان.. بەڕوخساری گەشاوەو بەهەناوی سووتاوەوە پێکەنینی ساختەتان نەخستۆتە سەر لێوتان شەوی درێژتان بۆخەڵکی کورت وبۆخۆتان نەبڕاوەنەکردووە.. ڕسوای وتوانج وقسەی سوك هەناوی نەبڕیون بۆنی ناخۆش دەروونی تێك نەداون.

کچ١: هەرچۆن بێت تۆلەئێمە باشتری تۆ لەبەر خاتری قاچەنالەبارەکانی من بۆ خواردنی ڕۆژانەی خوشکەلانەوێرانەکەم خۆت کردۆتە قوربانی تۆ لە ئێمەئازاتری.. منم سەرچاوەی هەموو کوێرەوەرییەکان خەمی منیش دایکم وباوکە داماوەکەمی تواندەوە.

کچ٣: کەس نییە لەم جیهانەدا بە لەشفرۆشێك بڵێ پاك.. دەتانەوێ بەو قسانە پاساوبۆ ناشیرینییەکانی من بهێننەوە.. بمخەڵەتێنن بەناو شۆرەتی بێماناوناجۆر کەکەس باوەڕی پێی نییە تەنانەت کڕیارەکانیشی باوەڕیان پێی نییەو دەیکەن.. پیاوانیش لە کاتی خۆونکردن لەناو لەزەتەکاندا دەڵێن تۆ فریشتەی تۆ پاکیزەی، بەڵام هەرگیز ڕازی نییە ئەو فریشتەیە بەرێتەماڵی خۆی بۆهەتایە..

کچ٢: گومانم لەوەدا نییە تۆبۆ بژێوی ئێمە واتکرد بەڵام هەزار جۆری کار هەبوو.. دەبوکاری ترت هەڵبژاردایە.. مایەی ڕێزی بوایە بۆ تۆو بۆئێمەش.. نەتکردینایەتە جێی ئاماژەی پەنجەکانی خەڵك کەهەرگیز ڕەحمێك ناکەن.. تا نەیان وتایە بەرگەی ساڵێك بێ گەوریبیان نەگرت.

کچ١: من هەرگیز سڵ لەزمان ولەئاماژەکانی خەڵك ناکەمەوە گەربۆ هەریەك لەوان بلوێ زۆر لەوە بەدکردار ترن بیری لێ ئەکەنەوە ئێمە ناتوانین بچینە ناو خەونەکانی خەڵك دەنا لەناو هزری هەریەکێکیاندا گەردەلوولێك ئارەزووی خەفە خۆی مەڵاسداوە و بۆ هەلێك ئەگەڕێ، لەگەڵ خۆیدا پاکیزەییەکانی سەرزەوی لووشدا..

کچ٣: هەقتە ئەوقسانەبکەیت.. زۆردەگمەنە کەسێك بە پێناسەی جەستەتانەبێ کارێکت پێ بدا لەم سەردەمەدا بەرلەلێکۆڵینەوە لە پسپۆڕیت دەبێت پەنجەکان ئاشنابن بە جەستەت تاکارێك لە ئاستی جەستەتدابێ پێت بسپێرن.. تێناگەم بۆ زەوی دەمی ناکاتەوە هەموومان ناخاتە هەناوی گەرمی خۆی، ونمان کات تاچیتر بەرنەفرەتی ئاژەڵە دڕندەکان نەکەوین چونکە ڕێزمان بۆ ئەوانیش نەهێشتووە



چونکەئەوان خاوەن یاسایەکن وئێمەیاساکەی ئەوانیشمان بە هەنگاوی کوێرانەمان شێلا.

کچ٢: لە ئێوەدەگەم بەڵام من مناڵەکانم دەبێ ئێستا چۆن بژین.. ؟چۆن بخۆن چۆن بیربکەنەوە.. ؟!ئێمە دایکمان نەما توشی ئەم هەموو قوڕبەسەریە بووین بەم تەمەنەوە.. ئەی توخوا ئەوان چی بکەن.. ؟!

کچ١: بەڵکو ئەوان پێشەواوبەخێوکەری دڵسۆزیان هەبێ وەك ئێمە فڕێ دراینە بەردەم زەبرو گورگەکانی ڕۆژگار ئەوان باشتر بژین ئەزمونێك لەئێمە وەرگرن.. ..

لەو کاتەدا براکەیان بەخۆی وچەقۆیەکەوە دێتە سەر شانۆ ڕوودەکاتە کچ٣ودەڵێ:

کوڕ: سەرت پێ شۆڕکردم ئابڕووی چەند ساڵەمانت تکاند شارپڕبوە لە دەنگ وباسی کارە حەیشەرییەکانت.. تۆ چ بەڵایەك بوویت خۆت بۆشەرەفمان مەڵاس دابوو..

کچ٢: قەت دانیشتوویت ولە خۆت پرسیوە هۆکاری ئەو ئابڕوو چوونەی چییە؟ هەرگیز نەتزانیوە بۆ وائەکات.. تۆ دەروازە یەکت نەهێشتەوە لێی بدات..

کچ١: دەبوو هەرکەس لەم دنیایەدا باسی لە ڕەوشت و ئابڕوو بکردایە تۆنەت کردایە.. دەکرێ بپرسین چۆن ڕێگای ئەم کەلاوەیەت دۆزییەوە.. لەو ڕۆژەوەی خانووەکەت فرۆشتووە کەس تۆی نەدیوە؟ نازانین لەکام بارو ماڵی کامە سۆزانیدا کاتەکانت ئاوێتەی پێکەنینێکی ساختە دەکەیت وشەو لەباوەشی کێدا ڕۆژئەکەیتەوە.

کچ٢: ئەو ڕۆژەی کڕیاری خانووەکە هات و ئێمەیان هەڵدایە سەرشەقام و بەبەرچاومانەوە بەشۆفڵ کەوتنە وێرانکردنی ڕابردوومان تۆ لەکوێ بوویت ؟لەکام سەیرانگا شوشە خاڵییەکانت فڕێ ئەدایە ناو ئاوەکانەوە بە پاشماوەی جگەرەکانت پاوەنەکانت ئەسووتاند.

کوڕ: دەبوو هەریەك لەوان قسەی بکردایە تۆ نەتکردایە.. تۆش ڕازی بوویت لەسەر فرۆشتنی.. دیارە چاوەڕێی بەش بوویت.. تۆ زۆر خەشیمی من خانووی باوکم بەسەگ بفرۆشم نایدەم بەزاوای چاو چنۆك..

کچ١: بەڵێ.. ئا.. چاوەڕێی بەش بوو. بۆ نابێ ئەو بەشی هەبێ بەش هەرتەنها هی تۆ بوو یاهەموومان.. ئێمە سێ کچ بوین تۆ برایەك کوا بەشمان.. ؟

کچ٣: کوا.. ؟پارەی خانووەکەت چی لێکرد.. با هیچ نەبێ جێ یەکی پێ دابین کەین بۆ ئارامی.. بۆ پاراستنمان لەباران و لەخۆرو لەچاوی هەوەس بازانەی خەڵك..

کوڕ: جێ یەك بۆچی.. ؟بۆ ئارامی یا بۆ کردنەوەی.. هێن خانەیەك، تۆ لەبەر بارانیش بیت ئیشت ئەڕوات خۆت فرۆشیاری هەوەسیت.. چاوەڕێی هیچ لەمن مەکەن (گیرفانەکانی هەڵئەگێڕێتەوە) ئەها.. هیچم پێ نەماوە بۆ ئێوە بازاڕی ئەم وڵاتە بەچی ئەزانن ئەمە حوتە حوت.. زەریایە بەهیچ پڕنابێتەوە.. نەك بەپارە بەخوێن وئێسك وپروسکی هەمووشمانەوە هەڵمان ئەلووشێ..

کچ١: ئەو حوت نەبو تۆ حوت بوویت.. بۆ وا ئەزانی هەرباسی بێ ڕەوشتی خوشکەکانت بەتۆ ئەگا.. ئەم وڵاتە هەموو پەیامنێری قسەی خراپن.. ئەی خۆت.. ئەو پارە خەیاڵیە.. سەرجێیی ژنانی سۆزانی وقومارنەبێ بەماوەیەکی وا کێ تەواوی ئەکات.. ؟شەرواڵەکانت تێرنەبوون پارەکەت تەواو. ورگت نەبوو بەتەنکی وپارەکەت تەواوخەیاڵەکانت نەیکردیتە ئەفسانە وپارەکەت تەواو..

کوڕ: بیبڕەوە.. گەرباری قورسی تۆ نەبوایە سەردەمێك بوو هەمومان ئاسوودە بووین.. هەریەك لە خوشکەکانم لەماڵی خۆیان بون ومنیش لە هاندەران.. تۆیت ئەمانبەستیتەوە بە جێگاو ماڵێکەوە..

کچ٢: خۆ تۆ خاوەنی پارەی خۆت بویت ئەیچۆن نەچویتە هاندەران ؟بەپارەی وا بەئاسانترین شێوە ئەچویت..

کچ٣: ئەم لە ناوجێی ژنان وبێهۆشی تلیاك بەری نەدا بڕوا کە پارەی پێبوو لە هەرکوێ بێ هاندەرانە ئەم کوشتەی لە زەتە لەزەت.

کوڕ: من هەرچیم کردبێت.. من پیاوم.. پیاو.. بێ ئەخلاقی بەپاشەڵی منەوە نانووسێ.. تۆ سەرت پێ شۆڕکردین.. مۆریت و نووسای بە ئایندەو داهاتوومانەوە.. ئەبیتە ناسنامەی هەتا هەتاییمان.. کەس لە ناو نیشانی تۆ پاکمان ناکاتەوە.

کچ١: ئەخلاق.. . لە هەرجێ یە لە هەرکارێك هەرمرۆڤێك لە سنووری خۆی تێپەڕی ڕۆشتە ناو سنووری کەسانی کە ئەوەی پێیناخۆشە لەگەڵ خۆی بکرێ لەگەڵ خەڵك کردی بێ ئەخلاقیە.. بۆ وا دەزانی هەر ژێر تەنوورەی خوشکەکەت ئەخلاقە.. ؟!

کوڕ: فەلسەفەکانت کۆکەرەوە.. ئێرە کۆڵانە بانەڕژێت با تێکەڵ بەم خۆڵە پیسەی کۆڵان نەبێ ،ئەمرۆ هاتووم دەمەوێ ئەم نەنگیە بسڕمەوە.

کچ٢: گەر لای تۆ پەڵەی نەنگیە تاکە سەرچاوەی بژێوی ئێمەیە.. لە کاتێکدا ئێمەت



جێ هێشت ئەو فریاد ڕەسمان بوو.

کوڕ: کەواتە ئێوەش بمرن لە گەڵیدا.. هەمووتان بەیەکجاری خۆتان بکەنە یەك مەشخەڵی مەزن بامنیش ڕزگارم بێ لەم هەموو بەد بەختییە باوەك سەگێك تەنها خەمی خۆم هەبێ وبەس.

کچ١: ئەی تۆ خاوەنی هیچ ڕەوشتێ نیت.. کێ بێت وتۆش بسڕێتەوە.. کێ بێ بەخۆت پاشەڵتەوە فڕێت داتە ئەو دیو مەرزەکانی ژیان.

کوڕ: پاڵێك بە عارەبانەی خوشکە کەیەوە ئەنێت وئەی خاتە خوارەوە پەلاماری خوشکەکەی ئەدات ئەیکوژێت پاشان دەستەکانی خوێناوی ئەکات وئەیهێنێت بە دەموچاویدا وئەڵێ: ڕوی زەردی خۆم سوورئەکەم، شەرەفی پیسم ئەسڕمەوە ،ئەیکەمەوە بەئاوی کانی پاك پاك بێ هیچ جێ پەنجەیەك.. .

خوشکەکانی ئەچنە سەری و دەست لە خوێنەکەی وەرئەدەن ودەستە خوێناوییەکان بەدەم وچاوی خۆیاندا ئەهێنن و.. ئەڵێن:

کچ١: تۆ مایەی ڕووسووریمان بووی.. ئێمە تۆمان ڕووزەردکرد بمانبەخشە تاکە قوربانی هەموومان..

کچی دووەم ڕائەکات و لەپشت پەردەوە خۆی ئەسووتێنێ.. قیژەیەك و گڕێك بەرز ئەبێتەوە.. خوشکی یەکەم ئەگەڕێت بەسەر تەختەی شانۆکەدا وهاوار ئەکات کێ گوناهبارە.. ؟! بەتەنها منم خاوەنی هەموو تاوانەکان من بووم باری سەرشانی هەموویان.. خێرتان ئەگات کێ ئەم بارە لە کۆڵی ئەم ژیانە دائەگرێ خێری ئەگات.. ئێمەی میوانەکانی دۆزەخ لێرەو لەوێش هەر خڵتەکانی ناو ژیان بووین.. خێرتان ئەگا کەسێك بمسڕێتەوە خۆم ئەو هێزەم نییە.. خێر.. . خێر.. . لەڕێی خوا.. ..

**بەبێ پرسی نوسەر کەس مافی کارکردنی لەم دەقەدا نییە.**

# دوو شانۆنامە

## کۆچ

باوك:

کوڕەکەم، بەجێمان دەهێڵی؟

......................

قەڵەمبڕی کۆچ ئازاری باوکت دەدات، ئازای منالەکەت و ژنەکەت دەدات، لێرە ئازاری هەمووان دەدات.

کوڕ:

خواحافیز.

ژنی کوڕە:

باوکە لێی گەڕێ. دڵی کوڕەکەت ئێستا لێت بە دورە، بە هاتوهاوارو شەڕی نێوان حیلاندنی ئەسپە کەفاوییەکان لێدەدات.

باوك:

ئائەوەتا ئێمەش ، کۆچ دەکەین، بەپەلەو بێ هیوا، ئاخ ئەی( بەلەمەوان ) *وەرە بمانپەڕێنەوە، خۆمان و کەلوپەلەکانمان.



**هنری میشۆ**

و بۆ عەرەبی: سامی مەهدی
و لە عەرەبییەوە: بەکر دەروێش



بەلەمەوان:

بەم بەلەمە کۆنە مۆرخواردووە، ناتوانم سێ کەس و کەلوپەلەکانیان هەڵگرم، دەبێ تەنیا دووان بپەڕنەوە.

باوك:

چی نێوان باوك و کچەکەی، نێوان کچەکەو کوڕەکەی دەکات؟

بەلەمەوان:

پێویستی لەیەکیان دەکات. پێویستی. ئەوەندەت تەمەن هەیە بەشی ئەوە بکات ئەم شتانەت لا ڕوون و ئاشکرا بێت.

......

سەرەتا کچەکەو کەلوپەلەکان دەگوازمەوە، دوایش تۆو منالەکە، سا کارەکە ئاوا دەبێت نەك بەبێ کاری، لەوبەرەوە خەڵکانێك چاوەڕوانم دەکەن.

باوك:

باوا بێت کچەکەم و کەلوپەلەکەمان بە تۆ دەسپێرم. پێویستە گورجکەین.

بەلەمەوان:

کرێکەی سێ پارچە زێڕە.

باوك:

سێ پارچە زێڕ! ئەمە نرخی بەلەمێکی تازەیە.

بەلەمەوان:

بەڵکو ئەمە نرخی جێگای دانیشتنێکە لە نێو بەلەمێکدا کاتێك دوژمن لە دواتەوەیە، بیهێنە، تۆش ئافرەت، سەرکەوە، خۆت بدە بەسەر قوڵمدا.

***

باوك:

سەرما هات وەك ئەوی لە پڕێکدا هەڵکا. چەند چاوەڕوانی درێژەی کێشا!

.................................

بۆ لە خێزانی بەرێز چەنەباز هاتیتە دنیاوە لە کاتێکدا کە چەنەبازە بەرێزەکان دەمرن. دەردەڵە! دەردەڵەی گەورە بۆ ئەوکەسەیە نەتوانێ خۆی لێی بپارێزێ، سەرەك خێڵی جوامێر

لەسەر گردەکەیە، بردیان، کاتێك ئەوەی پیرۆزی هەمووانە داگیریان کرد، بردیان، سەریان بەدار پان کردەوە، بە یەکەم دار کە توشیان هات، بەڕێگەیەکی دڕندانە کوشتیان، کە ئێمە پەیمان پێ نەدەبرد، لای ئێمە کەس مەیمون، یان پشیلەیەکی تووڕە، بەم ڕێگایە ناکوژێ. کەس بەم شێوە نامەردانەیە نایکوژێ.

منالّ:

باوکە بارانە، تەواو تەڕ بووم. بۆچی بەلەمەکە نەگەڕایەوە؟ ئەوەتا دەبارێ، ئیتر هیچ نابیستم.

باوك:

لەوبەری ڕۆخەکەوە پێویستە ئێستا گوێ بیستی هاتوهاوا بین، هاواری ترس، هاواری تۆقین، بانگگەلێك فەرماندەدات، هەڕەشە دەدات، ئاهەنگی سەرکەوتن دەگێڕێ، لەوبەری ڕۆخەکەوە ئەی چکۆلەکەم.

منالّ:

پێم بلێ، ئەرێ بەلەمەکە ناگەڕێتەوە؟ دایکیشم، ئەرێ توڕەیە؟

* * * * * * * * * * * *

باوك:

( بە پیرە پیاوێك کە دەردەکەوێ)

ئەگەر بۆ بەلەمەکە هاتووی بەلەمەکە ناگەڕێتەوە، خۆریش، هەروەها ئەویش ئەکوژێتەوە، بۆ خۆر لە پڕێکدا تاریك دادێت؟ تۆ خوێندەواری، ئەگەر ڕاست بێت ئەوەی لە هەیئەتی تۆدا دەبینم، ئەوە ئەمەمان بۆ شیکەرەوە.

زانا پیرەکە:

بۆ ئەو خۆر تاریك بوونە، چل و نۆ تەفسیر هەیە.

باوك :

چل و نۆ! کامیان تەفسیرە گرنگەکەیانە؟

زانا پیرەکە:

لە نێویاندا تەفسیرێك نییە، بلێی ئەمیان لەویان گرنگتر بێت، دەبێ هەر چل و نۆ تەفسیرەکە بزانیین بۆ زانینی هۆکاری هەڵنەهاتنی خۆر ، بە بێ ئەمەش مرۆڤ هیچ



نازانێ، هەر بە جاهلیش دەمێنێتەوە.

باوك:

کەوابوو بۆ ئەو کەسەی ئەمانە نازانێ وشەیەکی بەسوود بلێ، وشەیەك بۆ بەد بەختێك کە چاوەڕوانە.

زانا پیرەکە:

هیچ تەفسیرێك بێ ئەویان نادەم.

...........................................................

بەلاّم پەناگەیەك شارەزام لەویادا منالّەکە تەڕ نابێت، کەسیش ناتدۆزێتەوە، گەر هاتوو چەند جارێکیش بەدواتدا گەڕان، تەنانەت ئەگەر هاتوو تیپێکیش بەدواتدا بگەڕێن.

باوك:

کێ لە بەدبەختی دەمپارێزێ، من ئێستا لەو ڕۆخەدا دەناڵێنم کە تێیدا نیم، کەچی وا مەرگ لەو ڕۆخە نزیك دەبێتەوە کە تێیدام؟

(*) وەرگێڕی عەرەبییەکەی وشەی( المُعَبِّر)ی بەکار هێناوە کە دەکاتە ( پەڕێنەوەر) واتە ئەوەی خەڵك دەپەڕێنێتەوە، من وشەی بەلەمەوانم بۆ کوردییەکەی بە جوانتر زانی، چونکە ئەو بەلەمەکە لێ دەخوڕێ و دەیانپەڕێنێتەوە( وەرگێر).

## کۆیلە

کچەکە:

کەنیزەکەت پێکانت ماچ دەکات.

قوتابییەکە:

نەخێر، نەخێر شتی وانەکەی، هەرگیز نەیکەی. تۆ سەبارەت بە کەنیزە قسەم لەگەڵ دەکەی..ئەی من چیم؟

کچەکە:

تۆ ئەو کەسەی رزگارت کردم.

قوتابیەکە:

پزیشك چارەسەری کردی، هاوڕێکانیشم  تواناو تینیان بۆ گەڕانیتەوە.

کچەکە:

وەلێ تۆ رزگارت کردم. کاتێك کە هیچ ڕێگایەکم نەبوو بۆ دەرباز بوون، بە تەنیا لەسەر ڕۆخی نەگەڕانەوە بووم، گوێم لەو دەنگت بوو کە نەمدەناسییەوە، دەنگت بانگی کردم، تۆ بانگەوازەکەت ئامادەکرد تا بگەڕێمەوەو ژیان بەدەستبێنمەوە، لەبەر ئەمە من کەنیزەی تۆم، هەمموو داخوازییەك بەجێ دەگەیەنم، من بۆ تۆم لە تەوقی سەرەوە تا ناو دڵ، دەست و مەچەکم کار نایانترسێنێ.

قوتابیەکە:

بەلام هیچم ناوێ،  هەرگیز مەبەستم ئەوە......

کچەکە:

گەورەم، ئایا هەڵە گۆیەکم کرد، تۆ چپەی چیتە؟

قوتابییەکە

بەڕاست، چ چپەیەك گوێبیستی ناخی خۆم دەکەم، ئەی خێزانەکەت؟

کچەکە:

نۆکەرت، چ خێزانێکی نەماوە.

قوتابیەکە:

تۆ لە کوێوە هاتووی، لە چ هەرێمێکەوە، لەوە ناچێ نۆکەر بیت! ناوت چییە؟

کچەکە:

ناوم"کچی ئەلختم" بوو، باوکم نەقاش بوو پێش ئەوەی تەمەن زۆرێك لە بینایی ببات. تەنیا کەمێکی بۆ هێلایەوە ئەوەندەی بەشی گەڕان بکات بە دوای ڕوەکداو دەرمانیان لێ دروستکات. من یارمەتیم دەدا. ئێستا نەماوە. بێنەوایی دوژمنمان بوو، بەلام هەرگیز نۆکەریم نەکردووە،  بێجگە لە نۆکەری ئەو. بەد بەخت وەك خۆم، ناوی خۆم نازانم، تۆ هەر ناوێکم دەنێی، رازی دەبم، بەدەنگتەوە دێم،  وا بزانم زۆر قسەمکرد، هێشتا لاوازم. لێم گەڕێ با کەمێك پشوو بەم.

..................................



قوتابییەکە:

(لە لایەکەوە)

ئەم ماڵە چکۆڵەیە بۆنی ژنی لێ دێت، هەر لە دەرگاوە تا ژێر میچەکە بۆن هاتووە، دەرگاکان باش ناگیرێن کاتێك کە کچێك لەوێ بێت. وانە، کار، جاران ئاسان بوو بەلامەوە تەرکیزی تیا بکەم.

......................................

پێویستە دەرگاکان باشتر بگیرێن . لەوانەیە چەند تەختەیەك بەس بێت.

**************

قوتابی دووەم:

ئەمە زۆر تێکۆشەرە، شێتی کتێبە، دەپرسم چۆن دەبێت کاتێك ئەو کچە لە نزیکیەتی.

قوتابی سێیەم:

دەتوانێت هەردەم بیفرۆشێت.

قوتابی دووەم:

دەڵێت: دەیفرۆشێت، ئەوخۆبەخشانە خۆی کرد بە کەنیزەی ئەو.

قوتابی سێیەم:

مادامێك خۆی ئەوەی ویست.

قوتابی دووەم:

بێدەنگ بە. تۆ هەر نەشت بینیوە.ئای چ کچێکە! تەحەدای دەکەم، دەیدەم بە زەویدا، ئەگەر زاتی فرۆشتنی بکات، لێی دەدەم. ئای! ئەمە تەنیا قسەی دەمە، من زۆر توڕەم.

قوتابی سێیەم:

تۆ هەر بەڕاست زۆرتکرد، زۆرت تێ ڕوانی، ئەم کچە بێ ئەوەی بجوڵێتەوە بەلبەلە دروست دەکات.

سەرچاوە:

هنري ميشو/ مختارات/ ترجمة/ سامي مهدي/ دار المأمون/ الطبعة الاولى/ بغداد ١٩٨٩/ ص/١٥٧_١٦٤